# گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە

## هەڵبژاردەیەک لە کورتە چیرۆکی بیانی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

**شێرزاد حەسەن**



ناوی کتێب: گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە
بابەت: هەڵبژاردەیەک لە کورتەچیرۆکی بیانی
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٢٥
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: دلاوەر صادق ئەمین
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: هەولێر- ٢٠٠٣
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر، ژمارە ٣٩٠ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

## دانیشتن

### ئێچ. جەی. فرانسیس

بەیانی بوو کە ژنە و پیاوە لەسەر پێبلیکەکانی بەردەمی خانوویەک دانیشتبوون، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە دانیشتن، لەوە نەدەچوو بجوولێن.

کابرای خاوەن ماڵ بەردەوام سەرەتاتکێی بوو... جێی بەخۆی نەدەگرت، لە پشت دەرگای شووشەبەندی حەوشەکەوە زوو زوو تێ ڕادەما... لێیان ورد دەبۆوە.

تاریک داهات و ئەو ژن و پیاوە هەر نەڕۆیشتن . کابرا سەیری پێ هات و لە خۆی دەپرسی: ئاخۆ کەی نانیان خواردووە؟ کەی نووستوون؟ کەی هەندێ کارو پێویستی خۆیان ئەنجام داوە؟

کە بەیانی گزنگی دا ئەوان هەر لەوێ دانیشتبوون، بێ ئەوەی گوێ بدەنە هەتاو و باران.

سەرەتا هەر بەتەنها دراوسێ نزیکەکان هاواریان لێ هەڵسا: ئەوانە کێن؟چی دەکەن لەم دەوروبەرە؟

کابراش وەک ئەوان نەیدەزانی.

پاشان دەرو دراوسێی دووری خوار جادەکەش کەوتنە هاوار و سۆراغ، هەتا ئەو خەڵکانەش کە بەوێدا تێپەڕین و ئەم جووتەیان بینی، دەیانپرسی: ئەوانە کێن؟

کابرای خاوەن ماڵ زۆر باش گوێی هەڵخست: بەڵام ئەو ژن و پیاوە نقەیان نەدەکرد و بێدەنگ دانیشتبوون.

وای لێ هات لە هەموو لایەکەوە پرسیاریان لێ دەکرد و سۆراغی ئەو دوو کەسەیان لێ دەپرسی، سەدەها تەلەفوونی بۆ کرا، هەر هەموو شار ورووژا، هەر لە خەڵکی غەریبەوە تا دەگا بە قەشەکانی شار و خاوەن پیشەکان و دوکاندار و نووسەر و پیاوانی ماقووڵ و بێ کەلک و بێ دەرەتانەکان، بگرە ئەو پۆستەچییەش کە دەبێ نامەکان بگەیەنێ بەو خەڵکە کەوتە سەر خەم و سۆراغی ئەو ژن و پیاوە، چونکە دەبوو بەو ناوەدا چەندین جار تێپەڕێ.

کە کابرای خاوەن ماڵ ئەو هەموو هەڵڵایەی بیست... ناچار... دەبوو شتێک بکات.



دواجار کابرای خاوەن ماڵ لێیان چووە پێش و داوای لێ کردن کە ئەو بەردەمی ماڵە جێ بێڵن و بڕۆن.

ژنە و پیاوە هیچیان نەوت. هەروەکو خۆیان دانیشتبوون. بێ باکانە ڕامابوون... تێڕامان و هیچی تر... ئەبڵەق بوون و هیچی تر.

پێی وتن کە ئەگەر نەڕۆن پۆلیسیان بۆ بانگ دەکات.

پۆلیس هات و قسەی زۆری بۆ کردن و سەبارەت بەهەندێ ماف و سنووری سەربەستی زۆری ڕست، هەر بە ماشێنی پۆلیس دووری خستنەوە.

هەر بۆ بەیانی ڕۆژی ئاینده و بەیانی زوو لە جێی جاران، لەسەر پێ بلیکەکانی بەردەمی ماڵەکە دانیشتنەوە.

ئەمجارەیان پۆلیس پێی وتن کە بەڕاستی زیندانی دەکرێن گەر بەندیخانەکان پڕ نەبووبن. هەر چەندە پۆلیس ئەو بەڵێنەشی دا کە لەسەریانە شوێنێک بۆ ئەو دووکەسە بدۆزنەوە، بەتایبەتی گەر خاوەن ماڵ سوور بێ لەسەر ئەوە.

کابرا بە پۆلیسی وت: «ئەمەیان گرفتی خۆتانە».

پۆلیسەکە پێی وتەوە:« نەخێر... ئەمەیان کێشەیەکە کە ڕووبەڕووی تۆ بۆتەوە... بەڵام دواجار ئەو ژن و پیاوەیان لەگەڵ خۆیان برد و ڕۆیشتن.

کاتێ خاوەن ماڵ بۆ بەیانییەکەی جارێکی تر سەیری سەر پێ بلیکەکانی بەردەمی خانووەکەی کرد، بینی ژنە و پیاوە وەک جاری جاران بێ دەنگ لەسەر قاڵدرمەکان دانیشتوون، هەموو ڕۆژێک و بۆ چەندین ساڵ ئەو ژن و پیاوە لەوێ دانیشتن ، چەندین زستان هاتن و ڕۆیشتن، کابرا چاوەڕێی ئەوە بوو کە هەر هیچ نەبێ... ڕۆژێک دێ سەرما بیانکوژێ.

بەڵام کابرای خاوەن ماڵ بەو داخ و حەسرەتەوە مرد. پیاوێکی بێ کەسوکار و خزم و دۆست، هەر بۆیە خانووکە بوو بە هی شارەوانی.

ئەو کاتەی شارەوانی هەڕەشەی لەو ژن و پیاوە کرد کە ئەگەر سەر ئەو پێ بلیکانەیە جێ نەهێڵن خەراپیان لێ بەسەر دێ ، هەر هەموو خەڵکی شار و دەرو دراوسێ سکاڵانامەیان دژ بەو بڕیارەی شارەوانی پێشکەش کرد: لە پاش دانیشتنێکی وا دوورو درێژ ژنە و پیاوە هەقی خۆیانە ببنە خاوەنی ئەو خانووە میراتییە.

دواجار خاوەنی سکاڵانامەکان داواکەیان بردەوە، ژنە و پیاوە بوونە خاوەنی خانووی خۆیان.

بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر بەهەزارەها ژن و پیاوی غەریب و نەناس لە هەموو کووچە و کۆڵانەکانی شاردا لەسەر پێ بلیکەکانی بەردەمی خانووەکان دانیشتبوون.

* چیرۆکی (دانیشتن) پتر دەچێتە خانەی کورتیلە چیرۆک کەپتر وەک ئەزموونی نووسەرانی ئەمەریکا لەبرەودایە.



# خاتوو هێرمێ

گی . دی. مۆپاسان

من شێتی دونیای شێتەکانم، ئەوان جۆرە بنیادەمێکن کە لە نێو دونیایەکی پڕ لە خەونی سەیر و سەمەرەدا دەژین... جیهانێکی سیحراوی و پڕ لە ئەفسوون... جیهانێک کە ئێمە پەی پێ نابەین... ئا لەوێدا هەر چییەکی لەسەر ئەم زەوییە دیویانە، هەموو ئەو شتانەی کە حەزیان پێ کردووە... هەرچییەکی کە کردوویانە... سەرلەنوێ و بەخەیاڵ بۆ ئەوان دەژییێتەوە... لە جیهانێک دوورو بەدەر لەو یاسایانەی کە دونیای ئێمە بەڕێوە دەبەن و یان بیرو هۆشی مرۆڤ یەخسیر دەکەن.

بۆ ئەوان شتێک نییە ناوی مەحاڵ بێ ، هەموو شتێک دەشێ و دەبێ، دونیای دێو و خێو و جنۆکان دونیایەکە هەیە، شتە هەرە ناسروشتی و لە عەقڵ دوورەکان زۆر ئاساییە و بەرجەستەن.

مەنتیق: بەربەستێکی کۆن، عەقڵ: دیوارێکی کۆن، هەستی دروست: پەرژینی کۆنی مێشک... ئەمانە هەموو تێک دەشکێن و وردوخاش دەبن، بەحوکمی خەیاڵ نامێنن و لەناو دەچن... هەموو شتێک لە نێو جیهانی شێتەکاندا بەرەڵلاو سەربەست و ئازادە، ڕووەو دونیایەک کە مەملەکەتی فانتازیا و خەیاڵە و هیچ سنوور و دیوار و بەربەست و تخووبێکی تیا نییە، لەوێدا بەباز و شەقاوی ئەفسانەیی بەتاو مل دەنێن بێ ئەوەی هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک ڕێیان پێ بگرێ، بۆ ئەوان هەموو شتێک شیاوە، هەموو شتێکیش دەشێ بقەومێ. زۆر بە ئاسانی و بێ هیلاک بوون بەسەر هەموو کارەساتێکدا زاڵ دەبن، هەموو کۆسپێک تەخت دەکەن، بە هەموو هەورازێکدا سەردەکەون، بە حوکمی خەیاڵ و بەتەنها مەیل و هەوەسێک گەر بیانەوێ دەبنە میر و شازادە و ئیمپراتۆر، دەتوانن ببنە خاوەنی هەموو گەنجینەکانی دونیا، هەموو شتە بەبەهاکانی ژیان، چی خۆشە تامی دەکەن و دەیچێژن، دەتوانن بۆ هەمیشە بەهێز بن، هەمیشە جوان و قەشەنگ، هەمیشە جحێڵ و لاوچاک... هەمیشە خۆشەویست. لەنێو هەموو بوونەوەرەکانی سەر ئەم زەوییە تەنها ئەوان شاد و بەکەیفن... چونکێ بۆ ئەوان ئەم واقیعەی ئێمە چی تر بوونی نابێ. من حەزدەکەم بەنێو بیرو خەیاڵیاندا سەفەر بکەم، ورد ببمەوە بڕوانم وەک کەسێک ڕووەو قووڵایی خەرەندێک سەر خوارکاتەوە کە هەر خوا خۆی دەزانێ گێژەنی چ چەمێک تیایدا کەف دەچڕێ... کەسیش نازانێ لە کوێوە

دێ و ڕووەو کوێ سەر هەڵدەگرێ.

وەلێ بۆ ئێمە چ کەڵکی هەیە سەربەسەر ئەو خەرەندەدا بگرین کە نەزانین ئەو چەمە کەفچڕە لەکوێوە سەردەکا و تێی دەکاتەوە کوێ. بەهەر حاڵ ... ئەمەیان بەتەنها چەمێکە... یەکێ لەو چەمانەی کە بەنوێژی نیوەڕۆ خوڕەی دێ... بینینیشی شتێکی زۆر کەممان فێر دەکا.

چوونە نێو مێشکی ئەو شێتانە کەڵکێکی ئەوتۆی نییە، چونکێ لە حەقیقەتدا، سەیرو سەمەرەترین بیرو بۆچوونیان ئەوەیە کە ئێمەش دەرحاڵ پێی ئاشنا دەبین... تەنها لەبەر ئەوە سەیرە کە عەقڵ حوکمی بەسەردا نەکردوون و کلیل درابن ئەو جۆگەلەیەی کە بە پێچ و لوول دەڕوا بۆیە پێی سەرسامین چونکە نازانین سەرچاوەکەی وا لە کوێ. بێگومان پارچە بەردێک لە شوێنی خۆی بلەقێ و بکەوێتە ناوی بەسە بۆ ئەوەی گێژەنە دروست بێ. وێڕای ئەوەش... هەموو شێتەکان، تێکڕا، سەرسامم دەکەن، هەمیشە حەز دەکەم بچمەوە لایان، بەدەست خۆم نییە و کەمەندکێشی نهێنییەکی زۆر سادەی ئەو شێتانەم.

وەلێ ڕۆژێکیان، چووم و سەرم دا لە یەکێ لە شێتخانەکان، ئەو دکتۆرەی کە لەگەڵمان بوو وتی: «وەرە...ئێستا بەزمێکی زۆر سەیرت پیشان دەم».

پاشان دەرگای ژوورێکی چکۆلەی کردەوە کە ئافرەتێکی تەمەن چل ساڵی ، هێشتا شۆخ، لەسەر کورسییەکی باسکدار لێی دانیشتبوو، بێ ئەوەی چاو بترووکێنێ لە ئاوێنەیەکی بچکۆلەوە لە دەم و چاوی خۆی ورد دەبۆوە.

هەرکە ئێمەی دی هەستایە سەرپێ، ڕووەو ئەوپەڕی ژوورەکە ڕای کرد تا ئەو سەرپۆشە بێنێ کە لەسەر کورسییەک کەوتبوو، ورد و پەرۆشانە دەم و چاوی خۆی پێ شاردەوە، پاشان گەڕایەوە، هەر بەسەر لەقاندن وەڵامی سڵاوەکەی ئێمەی دایەوە.

پاشان دەکتۆرەکە پێی وت: «ئەم بەیانییە چۆنیت...؟»

ئافرەتەکە ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا.

«ئۆە... نەخۆشم ... دکتۆر... ئەم پەڵانەی سەر ڕووم تا دێ خەراپتر دەبن».

پزیشکەش بەزمانێ وەڵامی دایەوە وەک بیەوێ قەناعەتی پێ بکا-«نا... نا... من دڵنیات دەکەم کە بەهەڵەدا چوویت».

ئەم لێی نزیک بۆوە تا بەچرپەوە پێی بڵێ: «نەخێر...من دڵنیام، هەر ئەم بەیانییە دە پەڵەی ترم ژمارد،



سێ دانەیان لەسەر لاڕوومەتی ڕاستەم، چوار پەڵەش لەسەر لاڕوومەتی چەپم، سێیانیش وا بەسەر نێو چەوانمە. ئای کە ترسناکە... ترسناک. ئێستا ناوێرم خۆم بەکەس پیشان بدەم ... بگرە کوڕەکەشم ... نا نەخێر... هەتا ئەویش... حەزناکەم ببینێ... تەواو من لێ بوومەوە... ئیتر بەدرێژایی ژیانم دەم و چاوم شێوا و... ناشیرین بووم... من تیا چووم».

خۆی بەردایەوە ناو کورسییەکە و دایە پڕمەی گریان . پزیشکەکە کورسییەکی ڕاکێشا و لە تەنیشتییەوە دانیشت، بەدەنگێکی نەرم و نیان و بۆ دڵنەوایی پێی وت: « وەرە پێشێ... با سەیری کەم... من دڵنیات دەکەم کە هیچ نییە. بەیەک تۆز گەرمی... هەر بەحاڵ ئوتووی کەم یەک پەڵەی پێوە نامێنێ».

بێ ئەوەی ورتە لە دەمی بێتە دەرێ سەری بادا.

پزیشکەکە ویستی دەست بۆ سەرپۆشەکەی بەرێ، کەچی ئەم زۆر بەتوندی بەهەردوو دەست سەرپۆشەکەی گرت... بەڕادەیەک پەنجەکانی سەرپۆشەکەیان کون بەدەر کرد.

پزیشکەکە سەرلەنوێ ویستی ڕێنمایی و دڵنیای بکاتەوە.

«ئێستا... لێم وەرە پێشێ... تۆ چاک دەزانیت کە من هەموو جارێک ئەو پەڵە ناشیرینە لەسەر ڕووت لادەبەم... خۆت دەبینی کە من دەستم لێ دا هیچی پێوە نامێنێ. گەر پیشانمی نەدەی ناتوانم چارەت بکەم».

لە ژێر لێوەوە وتی: « پڕ بەدڵ حەز دەکەم دیسانەوە سەیرێکی بکەی... بەڵام من ئەو پیاوە ناناسم کە لەگەڵتایە».

«ئەویش هەر پزیشکە، دەتوانێ لە من چاکتر چارەیەکت بۆ بدۆزێتەوە»

پاشان سەرپۆشەکەی لادا و ڕووی وەدەرکەوت، بەڵام ترس و شەرمی ئەوەی کە دەیبینن وای کرد بەرملی و تخووبی یەخەی کراسەکەی سوور هەڵبگەڕێ. چاوەکانی داگرت، جارێ بەڕاست و جارێ بەچەپدا ڕووی وەرگێڕا، دەیویست لە نیگای ئێمە ڕابکات، زمانی تەتەڵەی کرد و وتی: «ئۆە... من خەفەت دەخۆم و دەتلێمەوە کە لێدەگەڕێم بەم شێوەیە ببینن... ترسناکە... وانییە...؟ ئاخۆ وانییە...؟»

بەوپەڕی سەرسامییەوە تێم ڕوانی چونکە هیچ عەیبێکم بەسەر ڕوخسارییەوە نەدی، نە پەڵەیەک، نە ماکێک، نە نیشانەیەک، نە جێ برینێک.

ڕووی لە من کرد و بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێ، هێشتا چاوەکانی بەردابۆوە... پاشان پێی وتم: «لە کوڕەکەمەوە تووشی ئەم دەردە بووم... ئاخر من بەدیار ئەوەوە ئێشکم گرت

و چاوەدێریم کرد، ئەوم نەجات دا و خۆم ئاوا شێوام و ناشیرین بووم، من جوانی خۆم بەکوڕە بەستەزمانەکەم بەخشی... ئێ ... ئەرکی خۆم بەجێ هێنا... ویژدانم ئارامە... ئەگەریش دەتلێمەوە ئەوە هەر خوا دەزانێ و بەس...!»

پزیشکەکە فلّچەیەکی باریک و ڕەنگ ئاوی لەبەر باخەڵی دەرهێنا و پێی وت: «لێم گەڕێ... هەر ئێستا عیلاجی دەکەم».

ئافرەتەکە لاڕوومەتی ڕاستەی دەرخست، ئەویش لەسەرخۆ و بەنەرمی فلّچەکەی پێدا هێنا هەروەک بلّێی ڕەنگێک یان بۆیاغێکی ناسکی لەسەر پەرت کا، هەمان دەستوور بۆ ڕوومەتی چەپیشی، پاشان سەر چەناگەی، نێوچەوانی ، ئەوسا پڕ بەدەم وتی: ئەها سەیری... هیچی نەما... تەواو پاک بۆوە».

ئاوێنەکەی بەرز کردەوە، بۆ ماوەیەک قووڵ لەسەر و سیمای خۆی ڕوانی... دەپیشکنی... کوشندە و جەرگبڕانە... کێوییانە مێشکی خۆی دەگوشی تا پەڵەیەک ، ماکێک بدۆزێتەوە، پاشان هەناسەیەکی هەڵکێشا: «نا... هیچی وا نەماوە بەڕوخسارمەوە دیاربێ. زۆر سوپاس».

دکتۆر هەستایە سەرپێ، پشتی لە ژنەکە کرد و منی پێش خۆی دا و کەوتە دوام... دەستبەجێ دەرگاکە داخرا و ڕووی تێکردم: «هەر ئێستا چیرۆکی ترسناکی ئەو ژنەت بۆ دەگێڕمەوە».

ناوی خاتوو «هێرمێ»یە تا بلّێی جوان بوو، بەناز و عەییار دەیەها پیاوی گیرۆدە کردووە... دڵی بردوون و ئاوڕی نەداوەتەوە... شێتی بەزم و ڕەزم و خۆشی دونیایی بووە، جوانی تاکە قیبلە نوما و سەرمایەی بووە... حەزی ئەوە بووە خۆشی بەخش بێ، ژنێک کە بێ پەروا حەیاتێکی چڕو پڕو قەڵەباڵغی بووە.

هەمیشە لە دڵەڕاوکێی ئەوەدا بووە تاسەر و هەردەم تەڕ و بڕبێ... ڕوخساری خۆی لا بۆتە مەراقی شەووڕۆژی... هەردوو دەستی، ددانەکانی، هەر ئەندامێکی لەشی کە دەستی بگاتێ... هەموو دەم فیکر و خەیاڵی لای جوانییەکەی خۆی بووە.

تەنیا مایەوە خۆی وەک بێوەژنێک و لەگەڵ ئەو کوڕە تاقانەیەی، منالّە گەورەکرا... وەک هەموو ئەو منالاّنەی دایکیان ئاشوفتە و دولبەرن. بەهەر حاڵ دایکە کوڕە تاقانەکەی خۆش دەویست.

کوڕە گەورە بوو. ، دایکەش تا دەهات بەتەمەنتر... تۆ بلّێی هەستی بەو ساتە جەرگبڕە کردبێ کە چاوەڕێی دەکرد... نازانم... ئاخۆ ئەمیش وەک زۆربەی ئافرەتانی دیکە



هەموو بەیانییەک هەستاوە تا لە ئاوێنەکەوە سەعات دوای سەعات بڕوانێتە ئەو پێستە تەنکەی ، ساف و لووس... تەڕو بڕ، کەچی ئەوەتا هەنووکە بەری هەردوو چاوانی چرچ و لۆچیان تێ دەکەوێ، سەدەها خەتی باریک کە هێشتا بەتەواوی هەستیان پێ ناکرێ، بەڵام لەوەدایە ڕۆژ دوای ڕۆژ چرچ و لۆچەکان زیاتر و ئاشکراتر بووبن... مانگ دوای مانگ... ئاخۆ بینیوبەتی چۆن پترو پتر ڕوخساری دەشێوێن، لەسەرخۆ و بێ بەزەییانە هێرش دێن، ئەو باریکە هێڵە درێژانەی تەوێڵی دەکۆڵن، ئەو تیرەمارانەی دەکشێن و هیچ سڵ ناکەنەوە تۆ بلّێ بەرگەی ئەو ئازارەی گرتبێ ، کە ئازارێکی کوشندە و بێزەوەر...

ئازاری ئاوێنە گەورەکان، یان ئەو ئاوێنە بچکۆڵە و زیوینییەی دەست کە نەیتوانی لەسەر مێزەکە جێی بهێڵێ، پاشان بەتووڕەییەوە فڕێی داوە، هەر ئان و سات دیسانەوە هەڵی گرتۆتەوە تا جارێکی دیکە سەیری ڕوخساری خۆی بکاتەوە تا نزیکتر جێ دەست و شێواندنی بێزەوەری ڕۆژان و ساڵەکانی تەمەنی ببینێ... ڕۆژ و ساڵانی پێ هەڵگرتوو... تۆ بلّێی ڕۆژی دە جاران بلّێ بیست جار دەرگای لەسەرخۆی دانەخستبێ، یا لەپڕ هاوڕێ و دەستە خوشکانی لەژووری میوان جێ هێشتووە بێ ئەوەی تێیان بگەیەنێ، تەنیا جێی هێشتوون لە نێوان ژاوە ژاو و چەڵتە چەڵت، چۆتەوە سەرێ... ژووری نووستنی خۆی و خڕ دەرگای لەسەر خۆی داخستووە، دیسانەوە لەو شێوان و وێرانەیەی سەر ڕوخساری ورد بۆتەوە، گۆشتی گەییو تا ڕادەی گەنیو بوون... بێ ئومێدانە دیقەتی ئەو هێرشە بدا کە تا ئەو حەلەش بەئاستەم وەدەرکەوت و زووتر کەس نەیدەتوانی هیچ ببینێ... بەڵام خۆی جەرگبڕانە دەرکی پێ دەکرد، زانیویەتی پیسترین شێوان و وێرانە وا لە کوێ، یا کەڵبەی تیژی تەمەن توند گاز دەگرێتە کوێ. هەڵبەت ئاوێنەکەش...ئاوێنەی چکۆلە و بازنەیی، ئاوێنەی چوارچێوە زیوبەند ڕازی زۆر ترسناکی بەگوێدا چرپاندووە چونکێ ئاوێنە دەدوێ، لەوە دەچێ پێ بکەنێ، سەرزەنشتی بکا و پێشبینی هەموو شتێک بکا کە دەقەومێ ... دەرد و درمی نێو جەستەی ، ئازاری کوشندە و بێزەوەری ڕۆحی کە دەبێ تا ڕۆژی مەرگی بەرگەی بگرێ... ئەو مەرگەی بۆ ئەو دەبێ بەسەرفرازی.

تۆ بلّێی سەرسام و شێواو کەوتبێتە سەر ئەژنۆ و گریابێ... تەختی تەوێڵی لە زەوی دابێ ، نوێژ لەسەر نوێژی بۆ خودا کردبێ...؟ ئەو خودایەی ئاوا بەندەکانی خۆی دەکوژێ. جحێڵیان پێ دەبەخشێ تاپیریی تاڵتر بێ، بەقەرز شۆخییان پێ دەدا تا کتوپڕ لێیان وەرگرێتەوە. تۆ بلّێی نوێژی بۆ نەکردبێ و نەپاڕابێتەوە تاکو ئەو شتەی پێ ببەخشێ کە

قەت بەکەسی نەبەخشیوە، لێی گەڕێ تا ڕۆژانی عومری باقی هەر جوان و شۆخ و تەڕ و بڕ و شکۆمەند بێ...؟ پاشان زانیویەتی هەموو هانا و تکایەک لەو هێزە شاراوە بێ هوودەیە چونکێ مل نادا و نابەخشێ و ساڵ بە دوای ساڵ دەداتە دەم یەکدی... تۆ بڵێی لەسەر فەرشی ژوورەکە لە حەژمەتانا تلی نەدابێ، کەللەی بەمێزو کورسی و کەلوپەلی ئەو ژوورەدا نەدابێ...؟ هاوار و قریشکەی ترسناک و بێ ئومێدی لە قورگیا نەتاسابێ...؟

دەبێ بەرگەی ئەو هەموو ئازارەی گرتبێ چونکێ ئەوە حەکایەتی ئەو مەرگەساتەیە کە ڕووی دابوو:

ڕۆژێکیان (کە ئەوسا تەمەنی گەیشتبووە سیی و پێنج ساڵان) کوڕەکەشی کە تەمەنی پانزە دەبوو کتوپڕ نەخۆش دەکەوێ.

کوڕەیان لە نێو پێخەفی خۆیدا ڕاکشاند. هەرچەندە پزیشکەکان نەیاندەتوانی بگەنە هیچ ئەنجامێک و هۆی ئەو دەردە بزانن... تەبیعەتی درمەکەی. قەشەیەک کە مامۆستا و ڕابەری بوو هەمیشە بەدیارییەوە ئێشکگر بوو... مەگەر بەڕێکەوت ئەگینا کنی چۆڵ نەدەکرد ... کەچی خاتوو هێرمێ تەنها بەیانیان و ئێواران دەهات تا بزانێ حاڵی چۆنە.

بەیانییەکیان بەرۆبەوە هاتبوو زەردەش لەسەر لێوانی ... بۆن و بەرامەی پیاوی کاس دەکرد... هەر لەناو دەرگاکەوە پرسیبووی:

«ئەرێ بەڕاست جۆرج چاکتر نەبووی...؟»

کوڕەی گەنج و کەڵەگەت، سوور هەڵگەڕاو، دەم و چاو ئاوساو ... شەکەت و داهێزراوی دەست گرانەتا وەڵامی دایەوە: «-بەڵێ دایکە تۆزێ چاکترم». بۆ ساتەوەختێ لەو ژووری نووستنە ماتەڵ بوو» شووشەی دەرمانەکانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد... بەبێزەوەرییەوە لچ و لێوی بەیەک دادا... پاشان کتوپڕ هەڵی دایە- «ئۆە... شتێکی زۆر گرنگم بیر چوو». هەر بەغار دەرپەڕی و لەدوای خۆیەوە بۆن و بەرامەیەکی خۆشی جێ هێشت... بۆن و بەرامی دوای خۆ شۆرین و ئارایشت.

شەو بەجلی خەوتنەوە وەدەرکەوت... بەپەلەتر لەجاران چونکە هەمیشە دوا دەکەوت... تەنها فریای ئەوە کەوت بپرسێ:

«ئەرێ بەڕاست دکتۆرەکە چی وت...؟»

قەشەکە پێی وت: «هێشتا دڵنیا نییە خانمەکەم».

بەڵام ئێوارەیەکیان قەشە وا وەڵامی دایەوە: « خانمەکەم کوڕەکەت ئاوڵەی



دەرکردووە».

بەترسەوە قریشکەیەک دەکا و دەردەپەڕێ . بۆ بەیانی کاتێ کارەکەرەکەی دێتە ژوورێ هەست بەبۆنێکی کوشندەی شەکری سووتاو دەکا... دەبینێ خانمەکەی زەق زەق سەیری دەکا و وەئاگایە، لە بێ خەویدا زەرد هەڵگەڕاوە، بەدەم ئازارێکەوە لە حەژمەتان لەنێو پێخەفەکەیدا هەڵدەلەرزێ.

هەرکە دەرگای لەسەر دەکاتەوە خاتوو هێرمێ دەپرسێ:

«جۆرج چۆنە...؟»

«ئۆە... خانمەکەم... ئیمڕۆ پەرێشانە...»

تا نیوەڕۆ لەنێو پێخەفەکەدا ماوەتەوە، دوو هێلکەی بەچاوە خواردووە هەروەک بڵێی خۆی نەخۆش بێ، پاشان چۆتە دەرێ و ڕووەو لای دەرمانسازێک ملی ناوە... پرسی پێ کردووە ئاخۆ چاکترین شێوە چییە بۆ بەرگری کردن لە پەتای ئاوڵە.

تا دەمەو نانی شێوان نەگەڕاوەتەوە، پاشان بەخۆو بەیەک بار شووشەی داوو دەرمان هاتۆتەوە دەرگای لەسەر خۆی داخستووە، لە کەڵەمووستی پێیەوە تا تەوقی سەر خۆی لەو شلە کیمیاوییانە وەرداوە.

قەشەکەش لە مووبەق چاوەڕێی کردووە، هەر کە دایکە کابرای بینیوە بەدەنگێکی پڕ لە سۆزەوە هاواری کردووە:

«ها... چاکتر بووە...؟»

«ئۆە... نەخێر... چاکتری چی. دکتۆرەکە دەڵێ: پەرێشانە».

داویەتە پڕمەی گریان ...غەمگین و نیگەران ... نەیتوانیوە هیچ بخوات.

ڕۆژی دواتر ... سەرلەبەیانی ناردوویەتی هەواڵی تازەی بۆ بێ، هەواڵیش تاڵتر لە جاران. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە لە ژوورەکەی نەهاتۆتە دەرێ، یەک دوو مقەڵی چکۆڵە بەدووکەڵ ژوورەکەیان قانگ داوە... سەرەڕای بۆنێکی کوشندە. وێڕای ئەوەش کارەکەرەکە ڕایگەیاندووە کە خانمەکەی بەدرێژایی ئەو ئێوارەیە ناڵاندوویەتی.

هەفتەیەکی تەواو ئاوا ڕابوردووە و هیچی نەکردووە... تەنها ئەوە نەبێ بۆ یەک دوو سەعات، وەختی نیوەڕۆ، هاتۆتە دەرێ تا هەوایەکی پاک هەڵمژێ وای لێ هات هەر سەعاتە و جارێک دەیپرسی ... کە هەواڵی ناخۆشتری دەبیست دەیدایە پڕمەی گریان.

سەرلەبەیانی ڕۆژی یازدەمین قەشەکە چووە ژوورەکەی، بەسەرو سیمایەکی زەرد و مردووانە، دانەنیشت لەسەر ئەو کورسییەی ژنە بۆی ڕەپێش کرد و وتی: «خانمەکەم

کوڕەکەت زۆر هیلاکە و دەیەوێ بتبینێ».

بازێکی داوە و کەوتۆتە سەر چۆک و قیژاندوویەتی:

«ئۆە... خوایەگیان...ئۆە... خوایەکەم ... ناتوانم... ناوێرم... خوایە... خوایە فریام کەوە».

قەشەکە وتوویەتی-« خانمەکەم ... پزیشکەکە لێی بێ ئومێدە... جا لەبەر ئەوە جۆرج چاوەڕێتە». پاشان دەرحاڵ ڕۆیشتووە.

دوای دوو سەعات کوڕەکەی زانیویەتی مەرگ لێی نزیک بۆتەوە، دیسانەوە داوای دایکی کردۆتەوە، قەشەکەش گەڕاوەتەوە کن دایکە و بینیویەتی هێشتا وا لەسەر چۆک ... هێشتا هەر دەگری و لەبەر خۆیەوە دەیلێ و دەیلێیتەوە:

«ناکرێ ... ناکرێ ناتوانم... من زۆر دەترسێم... ناتوانم...»

ویستی قەناعەتی پێ بکا و لەو ژوورە بیهێنێتە دەرێ، ئەم دەیویست نەرمی بکا و قایل بێ... ئەویش ملی نەدەدا. لەمیانەی ئەو بێنەو بەردەیە هیستریا دەیگرێ... بێ دامرکانەوە... بەدەم هیستریاوە هەر دەزریکێنێ.

دەمەو ئێوارە پزیشکەکە دەگەڕێتەوە، پێی دەڵێن کە ژنە لەوە دەترسێ ئەو دەردە بیگرێتەوە، بۆیە بڕیار دەدا کە خۆی بچێتە کن دایکە و بیهێنێ، جا چ بە خۆشی بێ و چ زۆردارەکی، دوای کەین و بەینێکی زۆر داد نادات، هەڵدەستێ و قۆڵی دەگرێ تا بەزۆر بیباتە لای کوڕەکەی، دایکە توند وەک قیرڕوبنێشت خۆی بەدەرگاکەوە دەقرسێنێ ، وا خۆی پێوە گیر دەکا کە مەحاڵ بێ هەنگاوێک لەو دەرگایە دووری بخەنەوە. پاشان کە ڕایان پسکاند کەوتۆتە سەر پێڵاوەکانی پزیشکەکە و لێی پاڕاوەتەوە، هانای بۆ بردووە و خۆی بەوە تاوانبار کرد کە نەگریس و شەڕانگێزە. بەردەوامیش دەگریا:

«ئۆە... خوایە گیان نەمرێ... دکتۆر ... دەتۆ بلێ نامرێ تکات لێ دەکەم ... پێی بلێ من زۆرم خۆش دەوێ... پێی بلێ دەیپەرستم».

کوڕەکە لە غەرغەرەی مەرگدابوو... ئاوزینگی دەدا ... زانی تەنها چەند ساتەوەختێکی کەمی لەم دونیایەدا ماوە، پاڕایەوە لێیان قەناعەت بەدایکی بکەن کە تەنها ماڵئاوایی لێ بکا. بە ڕۆحێکی زۆر سەیر و نهێنی درکێنەوە کە تەنها مردووەکان هەستی پێ دەکەن، گەیشتە حەقیقەتی ئەو حاڵەتە، دەرکی پێ کرد و بگرە پێشبینی ... پاشان وتی: « ئەگەر لەوە دەترسێ بێتە ژوورێ... تکای لێ بکەن باهەر لەناو بالکۆنەکەوە خۆیم پیشان بدا، لەو دیو پەنجەرەکەوە، هیچ نەبێ سەیرێکی دەکەم و بەنیگایەک ماڵئاوایی لێ دەکەم... مادامەکێ ناهێڵێ ماچی بکەم».



پزیشکەکە و کابرای قەشە دیسانەوە گەڕانەوە لای ژنەکە.

هەردووکیان پێیان ڕاگەیاند: «ئێستا پێویست ناکا بترسیت ... مادامەکێ جامی پەنجەرەیەک لەنێوان تۆ و کوڕەکەت دایە».

ڕازی دەبێ بەوەی چاوێکی بە کوڕەکەی بکەوێ، سەرپۆشێکی خستە سەر سەری و دەستی گەیاندە شووشەیەکی پڕ لە نەوشاتر، لەنێو تارمەکەدا سێ هەنگاوی نا ، پاشان کتوپڕ بەهەردوو دەست دەم و چاوی خۆی شاردەوە و ناڵاندی: «نا...نا... قەت ناوێرم سەیری کەم... هەرگیز من زۆر خەجاڵەتم و شەرم لەخۆ دەکەم... زۆر دەترسم ...نا...ناتوانم».

ویستیان بەزۆر ڕایکێشن، بەڵام بەهەردوو دەست خۆی بەشیشەکانەوە گرتبوو ... وا زریکاندی کە هەرچی خەڵکی سەر شەقامەکە بوون ڕووەو بالکۆنەکە سەریان هەڵبڕی.

کوڕی نیوە مردووشی هەر چاوەڕێ بوو ، چاوی لە پەنجەرەکە نەدەترووکاند، چاوەڕێ... چاوەڕێ... دەیویست تۆزێ مەرگ دوا بخا و مۆڵەتێکی لێ وەربگرێ تا بۆ دوا جار بۆی بکرێ سەیرێکی ئەو دەم وچاوە خۆشەویستە بکا ، ئەو ڕوخسارە شیرینە... ڕوخساری جوان و موبارەکی دایکی.

زۆری چاوەڕێ کرد و ... شەو داهات، پاشان نائومێدانە ڕووی لە دیوارەکە کرد و جارێکی تر بەزبان نەهاتەوە. بەیانی کە گزنگی دا ئەم لاشەیەکی ساردو سڕ بوو . ڕۆژی دواتر دایکەش... نەدایکەی جاران... شێتێکی پەتەڕی بوو.

سەرچاوە:

88 Short stories, Gue De Maupassant

# لاشەکان

## چیرۆکنووسی هیندی: کاماتاناث

ئەگەر کۆکین و پرخەپرخی ناوەختی هەندێ لە نەخۆشەکان نەبووایە کە دەم نا دەمێک بەزر دەبۆوە... قاوشەکە زۆر خامۆش و بێ دەنگ بوو.

بۆ دواجار سەیری سەعاتەکەی کرد. دە-ی دەوێ بۆ دوو. گیرفانەکانی خۆی بۆ کلیلەکان پشکنی و پاشان چالاکانە هەستایەوە سەرپێ.

(سستەر) لەسەر مێزەکەی تر دانیشتبوو، کەوتبووە سەر خوێندنەوەی ڕۆمانێکی ڕۆمانتیکی. لە سستەرەکە نزیک بۆوە و پێی وت:

«ئەوا دەچمە کن دکتۆر گوجرال و هەر ئێستاش دەگەڕێمەوە.»

سستەرەکە لێی پرسی:

«دەگەڕێیتەوە ئێرە؟»

«بەڵێ.»

یاخەی پاڵتۆکەی بەرز کردەوە، هاتە دەرێ و ڕووەو پشتی قاوشەکە خزی و لەوێوەش بەرەو تارمەکەی تەنیشت. لە دەرەوەش چیمەنی باخچەکە وەکو خۆی مابۆوە و دەستی لێ نەدرابوو، لەوپەڕ کە چیمەنەکە کۆتایی دەهات قاوشی لاشەی مردووەکان بوو. بە دەستەچەپدا دارخورمایەک بەرز هەڵسابوو، گەڵا زەرد و شێوە شەنە ئاسایان مانگی ڕوو بەتەمیان کردبووە باوەش. لە پەنجەرەکانی قاوشی وەرەمدارەکانەوە ڕووناکی دەڕژایە دونیای دەرەوە. سەگێک لەنێو چیمەنەکە جریتبازی بوو، کلکی خستبووە نێو گەڵی. بایەکی ساردیش هەڵی کردبوو.

بۆ ماوەیەک وەستا و بەوپەڕی لەزەتەوە خۆی دایە بەر شنە بایەکە. دیسانەوە سەیری سەعاتەکەی کرد، دووبارە دەستی گەیاندەوە کلیلەکان و ڕووەو قاوشی مردووەکان بەبێدەنگی کەوتەڕێ، بۆ ماوەیەکی تر هەڵوەستەیەکی کرد، سەیرێکی ئەو ناوەی کرد، دەرگای قاوشەکەی کردەوە و بەپەلە لەسەر خۆی دای خستەوە، بەڵام لەنێوان درزی هەردوو لاشیپەکاندا بەقەد کەڵەموستێک کەلێنێکی تێ خست.

کە هاتەوە سەرخۆی و هێمن بۆوە، لەنێو ئەو قاوشەدا هەستی بە بۆنێکی نائاسایی کرد. لە نزیکییەوە دوو لاشە درێژکرابوون و بەخامێکی سپی دایان پۆشیبوون، تریفەی



مانگ لە باکێشی قەد دیوارەکەوە دەپڕژایە ژوورەوە و دەبارییە سەر دەم و چاوی هەردوو مردووەکە، بەلابردنی خامەکان... بەسەر لاشەکاندا خوار بۆوە و دیقەتی دەم و چاویانی دا. هەردووکیان نێرینە بوون، یەکێکیانی دەناسی، لەسەر قەرەوێڵەی ژمارە حەڤدە و لە قاوشی دەست و قاچ شکاوەکان بوو. هەر خۆی لە -خانا-ی بیست کە گوایە بەهەڵە لەباتی دەرزییەکی -دووسەدی- یەکێکی دوو هەزاری لێ داوە. لاشەکەی دیکەی نەدەناسییەوە. هەر چۆنێ بێ... بۆ ماوەیەک سەیری هەردووکیانی کرد و پاشان ڕوویانی داپۆشییەوە. وەلێ نەیتوانی دڵنیا بێ لەوەی ئاخۆ بۆنەکە هی لاشەکانە یان ئاو و هەوای قاوشەکە خۆیەتی.

لە کەلێنی دەرگاکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد، ئەمێستا مانگ گەیشتبووە ئاستی دارخورماکە و تریفەی کزی دەڕژایە سەر پانتایی هەموو چیمەنەکە. دووبارە سەیری سەعاتەکەی کردەوە. میلی سەعات لە دوو تێپەڕیبوو. تەواوێ ئۆقرەی لەبەر برا. پاشان لەپڕ بینی لە قاوشی وەرەمدارەکانەوە... دەهات. ئەو لە جێی خۆیەوە دڵی داخورپا. ئێستا گەیشتە ئاستی پەرژینی چیمەنەکە و ڕاست ڕووەو قاوشی مردووەکان دەهات بێ ئەوەی سەیری ڕاست و چەپی خۆی بکات. ئەو هێشتا هەر مت و بێ جووڵە وەستابوو سەیری دەکرد.

کە ژنەکە ڕووبەڕووی قاوشی لاشەکان بۆوە، ئەو کەلێنەکەی زیاتر کرد. بەڵام ژنە بۆ دڵنیایی لەژێر تارماکەدا وەستا و سەیرێکی دواوەی کرد. ئەو کەلێنەکەی گەورەتر کرد و ئافرەتەکەی بۆ ژوورەوە قووت دا... پاشان دەرگاکەی داخست و شیشی دا.

بۆ چەند ساتێک هەردووکیان بێدەنگ وەستان و متەقیان نەکرد، پاشان ئافرەتەکە بە- ساری(١)-یەکەی بەری لووتی خۆی گرت و پرسی:

«ئەرێ ئەوە لاشە نییە؟»

«بەڵێ... دوو لاشەیە...» ئەمەی وت و خۆی لێ نزیک خستەوە و باوەشی بۆ کردەوەو ڕای کێشا. لەسەرخۆ و نەرم نەرم دەستی بەسەر پشت و کەمەر و کەفەڵیدا دەخشاند، بلووزەکەی لەبەر کردەوە و هەستی بەخڕی و توندیی ژێر سووتیانەکەی کرد. ئێستا خەریک بوو ئەو سووتیانەی بۆ دەکردەوە.

بەئاگاداریییەوە پێی وت:

«بەڵام با خێرا بین.»

توندتر گرتییە باوەش و وتی:

«مەترسە کەس بەم بەرەدا نایەت.»

«تۆ ناتوانی دڵنیا بیت.»

کەوتنە چرپە. پاشان پاڵتۆکەی داکەند، لە لاتەنیشتێک داینا، داوای لێ کرد لەسەر زەوییەکە ڕابکشێ. بەچرپەوە پێی وت:

«هەر لێرە ... لەجێوە ڕابکشێ.»

«نا... هەروەکو خۆمان.»

بە پێ داگرتنێکەوە وتی:

«ئای... دە دانیشە.»

«چوء... حەز ناکەم.»

«بۆ ؟!»

«تۆ نازانی ئێرە چەند پیسە.»

«بەڵام ئەم زەوییە هەموو ڕۆژێک دەشۆرێ.»

«نا... ناتوانم.»

چاوەکانی بەژوورەکەدا دەسووڕان و دەگەڕان تا کەوتنە سەر لاشە مردووەکان. خامی سپی سەر لاشەیەکی ڕاکێشا و وەکو پێشنیارێک وتی:

«ئەم پارچە خامە ڕادەخەین.»

«بەڵام تۆ نازانی ئەم کابرایە چ نەخۆشییەکی هەبووە.»

ئێستا دەم و چاوی کابرای مردوو بەتەواوەتی کەوتبووە بەر تریفەی مانگەشەو.

«با دەزانم ... شوێنێکی شکابوو.... بەس.»

ئەمەی وت و پارچە خامەکەی لەسەر زەوییەکە ڕاخست، دەستی گرت و لە تەنیشت خۆی داینیشاند. ئافرەتەکە ڕاکشا.... ئا ئێستا هیچ بۆنێک نەما.

پیاوەکەش لەگەڵ یەکێک لە لاشەکاندا کەوتبوونە بەرانبەر، دەیتوانی بەڕوونی و ئاشکرا دەم و چاوی ببینێ، هەروەها چاوە نیمچە داخراوەکانی، ددانە درشت و زەردەکانی کە لەنێوان هەردوو لێویەوە وەدەرکەوتبوون. چاوە بێ مانا و مردووەکانی. هەروەک بڵێی لەبەرد داتاشراین، دەستەکانیشی ڕاست و چەپ کەوتبوونە سەر سینەی، سەرو پرچی تۆزاوی لە ژێر خامەکەوە دیار بوو.

هەمووی دوو تا سێ دەقیقەی پێ چوو، کەچی هەر بەسەرییەوە بوو. دواجار



ئافرەتەکە پێی وت: «هەستەوە» ئەویش هەستایەوە. ئافرەتەکەش هەستایەوە و قۆپچەکانی سووتیانەکەی دادەخست. بەڵام لەو کاتەی کە هەستایەوە... بۆ جاری دووەم کابرا بەرەو لای خۆی ڕای کێشا. پاشان ئەویش قۆڵی لە پاڵتۆکە هەڵکێشا. ژنەکەش بلووزەکەی لەبەر کرد و قۆپچەکانی داخست، پاشان قەدەکانی سارییەکەی بەجوانی خستەوە سەر یەکدی. بۆنی قاوشەکە بۆ دووبارە لوولی دانەوە.

پاشان ژنەکە وتی:

«لەوە دەچێ لاشەکە بۆگەن بکا.»

«لەوە دەچێ.» کابرا قسەی ئافرەتەکەی پەسەند کرد و سەیریشی دەکرد کە خەریکی چاکردنی سارییەکەی بوو. پیاوەکە لێی پرسی:

«دەتوانم ئێستا دەرگاکە بکەمەوە؟»

«دەتوانی... بەڵام بەئاگادارییەوە... وریابە».

زۆر بەهێواشی دەرگاکەی هێنایە خوارەوە، لەسەرخۆ... بەهێمنییەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد. گڵۆپی قاوشی وەرەمدارەکان داگیرسابوو. مانگیش لەسەرتۆپی دارخورماکە هێشتا بەرز و بەرزتر دەبۆوە.

ژنەکە پێی وت:

«با یەکەم جار من بچمە دەرەوە.»

«باشە.» لەگەڵ پێشنیارەکەی ڕێکەوت و دەرگاکەی بۆ کردەوە، بەڵام نەک بەتەواوەتی.

بێ هەست و خوست بۆ دەرەوە هەنگاوی نا.

ژنە بەقەراغ پەرژینەکەدا و ڕووەو قاوشەکەی کەوتە ڕێ.

پیاوەکە بۆ ماوەیەک لەناو دەرگاکەدا مایەوە. پاشان ئەویش چووە دەرەوە، دەرگاکەی داخست و میزێکی بە دیوارەکەدا کرد. دوای میزکردنەکە... ئەویش ڕووەو قاوشەکەی ملی نا.

کە گەیشتە ژێر تارمەکە جگەرەیەکی داگیرساند، سەعات دوو و بیست دەقیقە بوو. هەر بەڕێوە... دەستی گەیاندە پاشەڵی و تۆزەکەی دادەتەکاند. پاشان لچ و لێوی پاڵتۆکەی داوەشاند، پێش ئەوەی بچێتە ناو قاوشەکە... پەنجەکانی بە کەلێنی قژی داهێنا تا وەکو خۆی لێ بێتەوە.

سستەرەکە لەسەر کورسییەکەی خۆی نەمابوو. سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. لە

هیچ شوێنێک دیار نەمابوو. نەخۆشی قەرەوێڵەی ژمارە سێ بەئاگابوو. لەنێو جێگایەکەی هەستایەوە تا ئاو بخواتەوە... لەم کاتەدا... ئەم سەیری کابرای نەخۆشی دەکرد. پاش ئاو خواردنەوەکە پەرداخەکەی دانایەوە و خزایەوە ناو جێگاکەی خۆی.

هاتەوە سەر مێزەکە، کلیلی قاوشی مردووەکانی دەرهێنا و خستییە ناو چەکمەجەکە. پاشان چووە ناو حەمامەکە و خۆی شۆری، قژی داهێنا، پاڵتۆکەی کردەبەر، دیسانەوە تۆزی لێ داتەکاند، دەستێکی بەپانتۆڵەکە داهێنا و ویستی لۆچ و گەچڵەکانی چا بکا، گەڕایەوە سەر مێزەکە و دانیشت.

ئا لەم کاتەدا سستەرەکە گەڕایەوە.

«ئاخۆ لە کوێ بووە؟» بیری لەم پرسیارە کردەوە، بەڵام نەیپرسی. لەجیاتی ئەوە لە کورسییەکە هاتە خوارەوە و قاچی لە زۆپاکە نزیک خستەوە، جگەرەیەکی داگیرساند.

سستەرەکە بەنیازی خۆشۆرین هەستایەوە و ڕووەو حەمامەکە ملی نا.

لە کتێبی

Hindi Short Stories, Edited by Shrawan Kumar, 1970- Jaico Publishing House, Bombay

پەراوێز:

١- ساری: جۆرە کراسێکی هیندییە و تایبەت بەئافرەتە.

تێبینی: لەسەر ژیانی ئەم نووسەرە هیچم دەست نەکەوت.



# دیکران-ی خزمم کە ڕەوانبێژە

ولیەم سارۆیان

* بیست ساڵ لەمەوبەر، لە دۆڵی «سان جۆکن» ، لای هەموو ئەرمەنییەک خوتبەدان کارێکی فرەمەزن بوو ، نەک هەر ئەوە... بگرە گەلێ پیرۆز کەوتبۆوە، دەتوانین بڵێین تاکە هونەرێک بووە. لە سەدا نۆهەد و دووی باخەوان و ڕەزەوانی دەوروبەری ناوچەی (فریزنۆ) بەپێی سەرژمێرێکی دروست لەو بڕوایەدا بوون کە ئەگەر پیاوێک بتوانێ بەڕەوانی خوتبە بدا دیارە کە ڕەوانبێژێکی ڕۆشنبیرە. دوای ئەو هەموو ساڵ و عەوامە وای بۆ دەچم کە خوتبەدان ئەو بەها زۆرەی نەدەبوو ئەگەر باخەوان و ڕەزەوانەکان خۆیان وا بێ دەم و پل نەبوونایە، وا شەرمن و قسە نەزان، کە لە هیچە دەشڵەژان... بۆیە تا سەر ئێسقان بەهەموو ڕەوانبێژێکی سەر جادە و لاکۆڵان سەرسام دەبوون، ئەوانەی سووکێ دەچوونە سەر تاقێک یا سەکۆیەک، بەخۆیان و بەچاوێلکەی ڕاگیری سەر لووتیانەوە، تاوێ لە سەعاتی بەر باخەڵیان ڕادەمان، بەوپەڕی ئەدەبەوە دەکۆکین... پاشان هێمنانە و لەسەرخۆ دەنگیان لێ هەڵدەبڕی، تا دواجار بە نەڕەنەڕ چی جوتیار و پاڵەی ئەو ناوە هەبوون دەتاسان- تاسانێکی وا کە تێبگەن ئەوەی قسەیان بۆ دەکا تا بڵێی خوێندەوار و ڕۆشنبیرە.

چ زبانێکە... ! چ هێزێکە...! چ عەقڵ و حیکمەتێکە...! چ هاوار و هەڵڵایەکی بەهەیبەتە...! جوتیارەکان ئاوا لەنێو خۆیاندا دەکەوتنە مقۆمقۆ.

جوتیاران ڕاهاتبوون هەر جارەو لە یەکێ لە ژێرزەمینەکانی ئەو سێ کڵێسایەی شار کۆ ببنەوە، یان لەو هۆڵە گشتییانەی ئێرەو ئەوێ، سەدای خوتبە سامێکی وای دەخستە دڵیانەوە کە بلەرزن، چاوانیان وشک نەدەکردەوە، فنە فن لووتیان دەسڕی، ئان و سات دەکەوتنە ژێر سیحری خوتبە و لە پەلوپۆ دەکەوتن. بەڕادەیەک چی پارەی لە باخەڵیان دابوو دەیانبەخشییەوە. لە هەندێ بۆنەدا... بەتایبەتی کە مەسەلەکە زۆر پێویست بووایە بۆ بەخشینی پارەی زیاتر... دەبووایە جوتیارانی خێرخواز و بەخشندە هەریەکەو لە جێی خۆیەوە هەستایە سەرپێ و بەدەنگێکی بەرز شاباشی بکردایە... شاباش... شاباش... «پەنجا سێنت» [مگێردش قەسابیان] شاباش، ئاراکسی ژنی، هەرسێ کوڕەکەی، گورگن شاباش، سیراک، کۆماس-یش شاباش، ئەوسا لەنێو هاڕەی چەپڵەڕێزانەدا کە سەربانی هۆڵەکە هەڵبگرێ دادەنیشتەوە، نەک لەبەر خاتری ئەو پارەیەی کە

بەخشراوە... بەڵکو دوو بەشی لەبەر هەیبەتی ئەو شاباش و خوتبە جوانە... لەبەر شکۆ و پیرۆزی ئەو ناوە دێرینانەی سام و خۆشی دەخاتە دڵەوە: مگێردش، ئاراکسی، گورگن، سیراک، تۆماس.

لەنێو هەڵلای خوتبە و شاباشی پارەدا جوتیاران دەکەوتنە سەر بەزمی پێشبڕکێی یەکدی. گەر جوتیارێک وەک پیاو هەڵنەستایە و شاباشی نەکردایە- ئای... وای لە حاڵی... ئەو حەلە وای لە خۆی بەستەزمان و مل کەچێ...! چ شوورەیییە نە پارەت هەبێ و نە ئەو دڵە گەرمە کە وات لێ بکا ئازایانە هەستیت و تارمایی ترس لەو ڕۆحەت داماڵی. لە سۆنگەی ئەم پێشبڕکێییەوە گەر جوتیارێک نەیتوانیبێ شتێ پارە ببەخشێ (گەرچی لە دڵەوە بەقەد دونیایەک حەزی کردبێ) دەبووایە هەموو ساڵێک چەند جارێک ئاوا کزۆڵە و غەرقی شوورەیی لە شوێنی خۆی دانیشێ. وەلێ دواجار کە ڕۆژگار دەگۆڕا و گوزەرانی مامەی جوتیار خۆشتر هەڵدەسووڕا... ئەوسا بەرزە پێ ڕاست دەبۆوە و سەرگەرمانە بەهەرچوار دەوری خۆیدا دەیڕوانی و پڕ بە هۆڵەکە دەینەڕاند... شاباش... شاباش. تەواو ڕۆژانی نەبوونی و برسییەتی گوزەشت... ئیتر خەڵکی شارە دڵگیرەکەی «دیکران» ئاسوودە و بەختەوەرن- شاباش.... هەر پێنج برایانی «پەمپەلۆن» شاباش... شاباش بیست و پێنج سێنت شاباش... ئەوسا سەربەرزانە دەچۆوە ماڵێ... بە دڵێکی پڕ لە گوڕ و تینەوە... تا ئەوپەڕی شکۆداری. هەژاری... ؟ ڕۆژانی زوو... بەڵێ... بەڵام تەواو... بەسەرچوو. (ئەوسا هەر پێنج برای زەبەللاح و کەلەکەوێت بە شانازییەوە لێکدی دەڕوانن، شانازی پێنج ڕۆڵەی بنەماڵەیەک، دیارە کە بە چ سۆزێکی خۆشەوە کوڕەکانیان وەپێش خۆیان دەدەن... سۆزێکی سەیری ڕۆژهەلاتییانە، سۆزێک کە دەرئەنجامی خۆشییەک بێ... خۆشی ئەوەی کە چی تر لەبەرچاوی خەڵکی هاوزبان و هاوخوێن بەسووک سەیر ناکرێن.)

بەهەر حاڵ... کەس لەو جوتیارە بەختەوەرتر نەبوو کە دەیدی کوڕەکەی لە قوتابخانە، یان کڵێسا، یان لە سەیرانێکا... یا هەر شوێنێک بلوایە بیتوانیایە لە بەردەمی خەڵکی ڕێک و ڕەوان قسە بکا... خوتبە بدا.

ڕۆڵەی من...! کابرای جوتیار بەدەم هاوارەوە ڕووی لە باوکی خۆی دەکرد تەمەنی لە هەشتا و هەشت تێپەڕیوە: گوێ بگرە... گوێی لێ بگرە... ئەوە «ڤاهان»ی کوڕمە... سەیری باوکە ... سەیری کوڕەزاکەی خۆت... تەنها یازدە ساڵی تەمەنە... ئەوەتا ببینە وا قسە لەسەر «ئاوروپا» دەکا.

ئەوسا باپیرە بەسەرسامییەوە سەری ڕادەوەشاند و عاجباتی لێ دەهات... مەسەلە



چییە؟ مناڵێکی یازدە ساڵان ئاوا خۆی سەغڵەت بکا و ئاواش زۆرزان بێ... بەڕادەیەک کە قسە لەسەر ئاوروپا بکا. ڕەنگە پیرە هەر نەزانێ ئاوروپا کەوتۆتە کوێوە، گەرچی ئەم شاری «هاڤر»ی لە فەرەنسا بینیوە... ئەوجارە بوو کە سەفەری ئەمریکای لەبەربوو. لەوە دەچێ «هاڤر»ی بێ... لەوە دەچێ. «ئێڤروپا»... بەڵام بۆ وا کتوپڕ... ئاخۆ بۆ دەبێ ئەو هەتیوە قسە لەسەر «هاڤر»ی بکا... چی وای لەو مناڵە کردووە ئاوا دەمارگیر و شێتانە بشیرێنێ... ؟ ئاخ... پیرەمێرد لە ژێرەوە دەمرێنێ... دیارە مەسەلەکە لەوە ئاڵۆزترە من تێی بگەم. هیچم نایەتەوە یاد... خۆ شارێکی زۆر خۆشی گوێ دەریا بوو... سیخناخ لە پاپۆڕ و گەمی.

ژنانیش تێکڕا سەرسام و شاگەشکە دەبوون... بەتایبەتی دایکانی ئەو مناڵانە، ئەم لەوی دیکەی دەڕوانی و سەری ڕادەوەشاند، هەر دوای دە دەقیقە لە خوتبەی مناڵەکە... ئەو خوتبەیەی ژنان هیچی لێ حاڵی نەدەبوون چونکێ بە ئینگلیزی بوو... هەر هەموویان سۆزێکی وا دایدەگرتن کە زۆر شیرین... کپ و بێ دەنگ فرمێسکیان بۆ ڕانەدەگیرا... چونکێ تا بڵێی سەیر و سەمەرە بوو- یەکێکی وەک «بێرجی» بچکۆل کە تا دوێنێ مناڵێکی ساوا و دوو وشەی ئەرمەنی نەدەزانی، ئەوە ئینگلیزی هەر هیچ، کەچی ئیمڕۆ چۆتە سەر سەکۆیەک و قسان دەکا، باڵ فش دەکاتەوە، خۆی بادەدا و پەنجە ڕادەوەشێنێ... بەهەر چوار لادا دەخولێتەوە و هەر بەو پەنجەیە ئاماژەی بنمیچ دەکا، تاوێ ڕۆژئاوا، تاوێ باشوور، باکوور... جاروباریش دەیخاتەوە سەر دڵی.

چار نەبوو... لە نێو ئەم هەڵلایەدا دەبووایە بنەماڵەی «کارۆلیان»یش ڕەوانبێژی خۆیان هەبێ، هەرچەندە پیرەی دەمڕاستی بنەماڵەکە هەر یەکێکی لەوانە بەگەمژە و تەڵەکەباز لە قەڵەم دەدا.

کاتێ پیاوێکی چکۆلە و گرگن دەبینێت، چاوێلکە لە چاو، لە ناو هەناوییەوە قسە دەردێنێ... با من پێتی ڕاگەیەنم کە ئەم کابرایە یان کەرە یان درۆزنە...!

پیرەمێرد هەمیشە بەبیستنی هەر خوتبەیەک بێ پشوو بوو، با ئەو خوتبەیەش زۆر ڕاستەوخۆ بە بابەتێکەوە پەیوەندیدار بووبێ، عەیبی ئەم ئەوە بوو دەیویست لەو شتانە بگات کە نایانزانێ... ئاخر خۆ خەڵکی نابێ هەر بۆ قسە... قسان بکا، دەچووە هەموو کۆڕ و کۆبوونەیەک... بەڵام هەمیشە لەوسەر پەست و دڕدۆنگ دەهاتەوە. هەر یەکێ لەو ڕەوانبێژانە لە دەم و چاوی پیرە ورد دەبۆوە تا تێبگا ئاخۆ بایی چەند پیرەمێرد سەغڵەت و بێزارە... کە دەیاندی لە ژێرەوە لێوی دەجوولێ و نەفرەت دەبارێنێ یەکسەر هێمن و هێور دەبوونەوە، ئەمجارەیان هەوڵیان دەدا قسەی بەسەرەوبەر بکەن، یاخود گەر

بلوایە لەلاوە بەتەنیا قسەیان لەگەڵ بکردایە ئەوسا حاڵی دەبوون کە چەند سووک سەیری کردوون و بەگەمژەی لەقەڵەم داون، هەوڵیان دەدا بەهات و هاوارێکی زۆرتر... بەنەڕەنەڕە مامەی پیرە ڕایی بکەن، خۆ دەبوو جاروباریش تێک بگیرێن... ئێمە چاک دەزانین کە هەندێ کەس لە نێو خۆماندا گاڵتەمان پێ دەکەن، هەوڵ و تەقەللامان بەسووک دەزانن، کەسانێک لە هیچە خۆ پف دەدەن و هەر بەخەیاڵ خۆیان بەشکۆدارتر دەزانن... ئێمەش بەگێلەپیاو... بەڵام هەمیشە ئەوە ئەو خاچەیە کە دەبێ خۆمان هەڵی بگرین...

ئا لێرەدا پیرەمێرد دەست بەسەری کوڕەکانی خۆیدا دەهێنێ، کوڕانی پیرەش دەست بەسەری کوڕەکانی خۆیاندا ... هەر هەموو تێکڕا دەکەونە سیخوڕمە و ئانیشک لێکدان، ژنانیش لێکدی ڕادەمێنن... ئەوسا هەر هەموو تێکڕا... گەورە و بچووکی بنەماڵەی «گارۆخلانیان» کە سیی و حەوت تا سیی و هەشت کەس دەبن بەرزە پێ هەڵدەستن و دەچنە دەرێ، پیرەمێردیش بەچاوێکی شەڕانی لە جووتیارە بەستەزمانەکان ورد دەبێتەوە و هەڵی دەداتێ: «ئەوەتا هەر کەسەو خاچی خۆی بەسەر ملەوە... یەڵڵا با بڕۆین...»

سەرەڕای ئەو هەموو بەزمەش، من دەڵێم، چارەنەبوو. هەر دەبووایە بنەماڵەی گارۆخلانیان-یش ڕەوانبێژی خۆی هەبێ. شتێکی باوە و ویستی هەموو خەڵکییە، خۆ چەند کەسێکی ئەو بنەماڵەیە بینیان کە مەسەلە زەرووره و دەبێ ئەوانیش خۆیان تاقی بکەنەوە تا بە هەموو کەسێکی بسەلمێنن کە ئەم خێڵەش لە ڕەوانبێژ بێ بەش نین... چی... ؟ ڕاستی... گەر خۆ لە خوا نەکەین... هەیانبووە.

لە هەموو بنەماڵەکەی گارۆخلانیان-یش «دیکران»ی بچکۆل بوو بەرەوانبێژیان... دووەمین کوڕی زۆراب-ی مامم، کە ئاگری شەڕ کوژرایەوە تەمەنی لە نۆ ساڵ تێنەپەڕیبوو، ساڵێ لە من مناڵتر بوو... بەڵام ئەوەندە گرگن و بچکۆلە بوو کە من هیچ حیسابێکم بۆ نەدەکرد. هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە ئەو ئامۆزایەم مناڵێکی زیت و زیرەکە، لە چاو ئەو تەمەنە شتیشی دەزانی، شتێک با کەمیش بێ... بەڵام سەنگین و ڕاستەقینە، واشی دەزانی نەنگ و شوورەییە ئەوەی دەیزانی لە دەرەوە سواڵی بۆ بکەی-ی نەک هەر ئەو مناڵە، بگرە هەموو بنەماڵەکە لە باوو باپیرانەوە بۆیان مابۆوە، بۆ چەندین سەدە دەچوو هەرچی عەقڵ و حیکمەت هەبوو خۆڕسک و لەنێو خۆیانەوە فێری دەبوون، پیرەمێرد هەمیشە شانازی بەوە دەکرد کە هەموو یەکێک لە بنەماڵەی «گارۆخلانیان» بەتەنها نیگایەک دەتوانێ پیاو خەراپ بناسێتەوە، هەر بەسەلیقەی



جوان و دروستی خۆیشی دەزانێ چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکا.

هەمیشە پیرەمێرد ئەم قسەیەی دووبارە دەکردەوە گەر سەیرت کرد پیاوێک ڕووی ڕاستی خۆی دەشارێتەوە و دەمامکی بەستووە... لێم گەڕێ پێتی ڕاگەیەنم کە ئەم جۆرە زەلامە قەت باشی پێ ناڵێن... دەبێ دز بێ یان سیخوڕ، شتێکی تر... گەر پیاوێکت بینی بەچاو پێی دەوتیت: «براکەم... من برای تۆم.» ئەو کاتە ئاگات لەخۆت بێ چونکێ ئەوە بزانە کە ئەو زەلامە لەپشتەوە چەقۆی شاردۆتەوە.

ئا بەو چەشنە هەر لە مناڵییەوە ڕێنمایی دەکران، گوێیان پڕ دەکردن، جا بۆیە ئاسایی بوو ژمارەیەکی زۆری بنەماڵەی «گارۆخلانیان» بەحیکمەتی پیرە دونیا و خەڵکە سەیر و سەمەرەکەی فرچکیان خواردبێ.

بەهەر حاڵ... تاکە کەسێک لەو بنەماڵەیە کە نەهاتە ژێر بار دیکران-ی ئامۆزام بوو، ئەو کوڕە کرمی کتێبان بوو... خوێنەرێکی بێ هاوتا، پیرەمێرد بەهیچ جۆرێک حسێبی بۆ نەدەکرد مادامەکێ بە دڵی پیرە نییە و هێشتا هیچی ئەوتۆ فێر نەبووە... ئەگینا خۆ خەڵکی دیکەش دەخوێننەوە، سەبارەت بە - دیکران-یش پیرەمێرد هێشتا هیچی بەهیچ نەکردووە، بەپێچەوانەوە، تا دێ بێ فامتر دەبێ، تا دواجار کە تەمەنی بوو بە یازدە ساڵ بە پیرەیان ڕاگەیاند کە دیکران یەکێکە لە قوتابییە هەرە دیارەکان، مایەی شانازی گشت مامۆستاکانە، یەکێکیشە لە بلیمەتترین ڕەوانبێژی نێو خەڵک و عەوام.

پیرەمێرد کە ئەم قسانەی لەدایکی کوڕێژگەکە بیست لەسەر جێ و بالینگانی بەر هەیوانەکە کە ڕاکشابوو ڕووی لە دیوارەکە کرد و مڕاندی- «خەراپتر لەپاشتر... ڕەنج بەخەسارە... چی ئەو مناڵەی وا دەستخەڕۆ کرد؟».

دایکە تێ هەڵچۆوە: «بۆچی...؟ ئەو کوڕەی من لە هەموو قوتابخانەکە هاوتای نییە.»

پیرەمێرد هەستایەوە و هەڵی دایە: «کە دەبیستیت مناڵێکی یازدە ساڵان لە نێو پێنج سەد مناڵدا... لە گشتیان بلیمەتترە... زۆر گوێی مەدەرێ... پاشان لە ڕاهی خوا ئەم لەچیدا بلیمەتە...؟ یازدە ساڵانە... وا نییە... ئیتر بلیمەتی چی...؟ پاشان پێم ناڵێی مناڵێکی وا بۆ خۆی بار کردووە و دەیەوێ خۆی بکا بە سووری بەر لەشکر...؟ تۆ دایکێکی هەژار و بەستەزمانیت... دەبێ وات پێ بڵێم... ئەو مناڵە بەستەزمانەت لەو ژوورە وەدەر نێ و با ڕوو بکاتە نێو کێڵگە و باخ و بێستان، لێی گەڕێ با لەگەڵ خزمانی دیکەی فێری مەلە بێ... ئەو قوڕبەسەرە تا ئێستاش نازانێ پێبکەنێ... کەچی

تۆش بەم نیوەڕۆیە هاتوویت تا پێم بڵێی کوڕەکەت بلیمەتە... جوانە. دە هەستە بڕۆ دەی.

سەرەڕای هەموو شتێکیش دەتوانم بڵێم کوڕەکە ڕۆژ بەڕۆژ نەبەزانە هەنگاوی چوستی دەنا، شەووڕۆژ لاپەڕەی کتێبەکانی هەڵدەدایەوە، نە یەکشەممووان و نە لە ڕۆژانی پشووشدا وچان و سرەوتنی بۆ نەبوو... هەتا لە سەیرانانیش... تا دواجار وای لێ هات چاویلکەیەک لەسەر لووتی بچەقێنێ. دیمەنی منداڵێکی وا بە خۆو بە چاویلکەوە تەواوێ نابەجێ بوو... وای لێ هات کە هەر جارەی خزم و خوێ کۆ دەبوونەوە پیرەمێرد چاوی دەگێڕا و کوڕەکەی بانگ دەکرد و دەیمڕاند- «ئەی خودا... فەیلەسووفە... جوانە... ئا هەتیو تا ئێرە وەرە...»

کوڕە هەڵدەستایەوە سەرپێ و لەبەردەمی پیرەمێرد ڕادەوەستا. ئەوسا پیرەمێرد هەڵی دەدایە- «چاکە دەڵێن کتێبان دەخوێنیتەوە، ئەمەیان جوانە... ئێستا تۆ تەمەنت یازدە ساڵە... بۆ ئەوەشیان هەقە سوپاسی خوا بکەین. دە باشە... ئێستاکێ پێم بڵێ- تۆ چی دەزانیت... ؟ چییە ئەوەی کە فێری بوویت...؟»

کوڕێژگەکەش وا وەڵامی دەدایەوە: «من ناتوانم بە ئەرمەنی تێت گەیەنم...»

«ئاوا... تێگەیشتم... دە باشە. گەر وایە بە ئینگلیزی تێم گەیەنە...»

ئا لێرەوە هەموو شتێک جوان دەهاتە پێشێ. ئا ئەو ئامۆزایە چکۆلەم، تەمەن یازدە ساڵ، دەمی هەڵدێنایەوە و ڕەوانبێژانە لە دەیەها شتی سەیرو سەمەرە دەدوا... ئەو شتانەی کە لە کتێبەکانەوە هەڵی دەهێنجا... ڕاستی لە عاجباتی دونیا دەدوا... زۆری دەزانی. دەیەها بۆنەو بەروار، بنەماو هۆکارەکان، ناوی بێ شومار... هەموو جێگە و شوێنەوارەکان... هەموو ئەو ئاکام و دەرەنجامانەی پێشبینی دەکردن.

هێمن و جوان... غەمگینانە دەدوا.

کەچی پیرەمێرد کتوپڕ قسەی بە کوڕێژگەکە دەبڕی و هاواری دەکرد: «ئەوە تۆ چیت... تووتیت... خۆ تووتی نیت...؟»

وێڕای ئەوەش وەک من بزانم پیرەمێرد خۆشی لێ دەهات کە دەیدی بنەماڵەی «گارۆخلانیان» عاجباتییەکی وای ناوەتەوە. کتێب خوێن و بگرە ڕەوانبێژەکانیش گێلەپیاو بوون- بەڵام بەهیچ کلۆجێک کتێب خوێن و ڕەوانبێژەکەی ئێمە ئەوەندە بێ نموود نەبوو... سووک نەدەهاتە مەیدانێ. هەر چۆنێک بێ... ئەم لەوانی تر نەدەچوو... بۆ خۆی دونیایەکی جیا بوو، لەلایەکەوە لە هەموو ئەوانە منداڵتر بوو کە وایان زەن دەکرد



لە کتێبەکانەوە فێری زۆر شت بوون، لە لایەکی دیکەوە لە هەموو ڕەوانبێژەکانی دیکە ڕوونتر و جوانتر دەدوا.

لەبەر ئەو هۆیانە و لەبەر بڕیاری ڕوون و ئاشکرای ئەو منداڵە... بڕیاری ئەوەی بکەوێتە دوای هەواو هەوەسی خۆی... هەر هەموومان ئەو کوڕێژگەمان بەرەوانبێژ و قسەزان و هۆشمەندی هەموو بنەماڵەکە دانا... بنەماڵەی گارۆخلانیان، لێی گەڕاین بەکەیفی خۆی کەڵک لە وەختی خۆی ببینێ و مەبەستیشی نییە بە چ عەقڵێکەوە لەدایک بووە... گرنگ ئەوەیە چۆنی حەز دەکا وا مێشکی خۆی ئاو بدا.

لە ساڵی (١٩٢٠)دا قوتابخانەی «لۆنگفیلۆ» ڕایگەیاند کە ئێوارە ئاهەنگێکی بەرفراوان ساز دەکا کە:

١- تیپی مۆسیقا و گۆرانی تیا ئامادەیە.

٢- نمایشتێکی یۆلیۆس قەیسەر.

٣- خوتبەیەکی دیکران گارۆخلانیان لەژێر ناوی، ئایا ئاگری جەنگی جیهانی لە هیچ و خۆڕایی هەڵگیرسا...؟» لە ئان و ساتی خۆی هەر هەموو بنەماڵەی «گارۆخلانیان» لەسەر کورسییەکانی نێو هۆڵی قوتابخانەکە دانیشتن... گوێیان لە گۆرانییە بێزەوەرەکان گرت، بەدیار نمایشتێکی خەراپی «یۆلیۆس قەیسەر»ەوە دۆش دامابوون، دواجار گوێیان لە تاکە ڕەوانبێژی بنەماڵەی گارۆخلانیان گرت- دیکران... دووەمین کوڕی مامە زۆراب.

زۆر بەڕەوانی دەدوا... بێ هەڵە و غەوش، کاریگەرانە، دەم و لەبزێکی جوان... هۆشمەندانە... بەڕادەیەک قەناعەتی پێ پەیدا دەکردی.... قەناعەت بەقسەکانی- گەیشتە ئەو ئەنجامەی بڵێ جەنگی جیهانی بێ هوودە هەڵنەگیرسا- بەڵکو دواجار وای کرد دیموکراسی دونیا ڕزگار بکا. هەموو یەکێ لەو هۆڵەدا سەرسام و سامگرتی بوو، بەدڵ وکوڵ کەوتنە چەپڵەڕێزان. ئا ئەو هەموو بەزمە کەم نەبوو... سەبارەت بەپیرەمێرد هەر مەپرسە... زۆری بۆ هات. لە نێو گەرمەی زرم و کوتی چەپڵەدا دایە قاقای پێکەنین. بەهەرحاڵ ... تا بڵێی خوتبەیەکی نازداری دا، بەلایەنی کەم لەنێو خوتبەی زۆری ئەو ڕۆژگارە وێنەی کەم بوو- لە بواری ڕەوانبێژیدا پادشای خەراپەکان بوو... هەڵبەتە بۆنەیەک بوو شانازی بەو کوڕێژگەیەوە بکەن. هەڵبەت.

ئەو ئێوارەیە پیرەمێردەکە بانگی کوڕێژگەکەی کرد و پێی وت: «من گوێم لە قسەکانی تۆ گرت، ڕێکوپێکە... من حاڵی بووم کە تۆ باسی شەڕێکت دەکرد چەندەها ملیۆن پیاوی تیا کوژراوە، لەوەش گەیشتم کە ئاگری ئەو شەڕە بێ هوودە هەڵنەگیرسا...

هەقــە پێت بڵــێم کــە من ڕادەیەک خــۆشــحــاڵم. ڕســتــەیەکی ئاوا جــوان و قــەبە هەر شایەستەی ئەوەیە لە دەمی منالێکی یازدە ساڵانەوە داکەوێ- لە کەسێک کە بڕوای بەقسەکانی خۆیەتی. گەر زەلامێک ئەو قسانەی تۆی بکردایە، چاک بزانە، کە قەت نەمدەتوانی گوێی لێ بگرم... نەخێر بۆ پیاوێک ئەو جۆرە حیکمەتە بێزەوەرە. بەردەوامبە و نهێنییەکانی ئەم دونیایە بپشکنە و لە دووتوێی کتێبەکاندا بیاندۆزەرەوە، دڵنیاشم گەر ئاوا خۆت هیلاک بکەیت و بینایی چاوانت بمێنێ... ئەوساکە دەگەیتە تەمەنی شەست و حەوت ساڵی چاک تێدەگەی ئەو حیکمەتەی ئیمڕۆ درکاندت چەند بێ مانا و بێزەوەرە... تێدەگەی چ حەماقەتێکە... بەڵام ئەمشەو لە دەمی تۆوە جوان کەوتنەوە... پاک و بێگەرد... بەئینگلیزییەکی ڕەوان و ... بەخوڕ دادەڕژا و... بەرزو بەرزتر تا ئاستی سوپرانۆ. بەڕایەک کە منیش وەک هەر کەسێکی دیکەی ئەم بنەماڵەیە شانازایت پێوە دەکەم. ئێستاش دەتوانن بڕۆن و تەنیا جێم بێڵن... دەمەوێ بنووم ... من منالێکی یازدە ساڵان نیم... تەمەنم شەست و حەوت ساڵە.

جگە لە من ... هەر هەموویان هەستان و پیرەیان جێ هێشت... بۆ ماوەیەکی زۆر خۆم گرخاند... ماتەڵ بووم تا پێلاوەکانیشی داکەند... دواجار گوێم لێ بوو ئاخێکی هەڵکێشا و هەڵی دایە: «ئای لەو منالە شێت و عاجباتییەی ئەم دونیا شێت و سەراسیمەیە...!».



# بێزەوەری

پرابهاکار ماچوی

- ئەوە تۆیت؟
- ئا- بەڵێ!
- دوای ئەو هەموو ساڵانە جارێکی تر دەتبینمەوە!
- کەچی تۆ ڕۆژێک لە ڕۆژان لە منت نەپرسی!

لەپاش پێکەنینێکی کەم.

- حەز دەکەی قاوەیەک بەیەکەوە بخۆینەوە؟
- زۆر چاکە.
- لەو چێشتخانەیە دانیشین؟
- نەخێر... هات و هاواری زۆرە.
- ئەی ئەوەکەی ئەولاتر؟
- نەخێر... ئەویش پڕە لە خەڵک. بەزەحمەت کورسییەکت دەست دەکەوێ.
- دەچاکە... با بچینە ئەو قاوەخانە چکۆلەیە، لەوێ قوژبنێکمان دەست دەکەوێ.
- ...............

گەرچی بەدرێژایی ئەو وەختە پیاوە قسەی بۆ ژنە دەکرد، پڕ بە هەردوو چاوان سەروخوار لێی ورد دەبۆوە، نا... نەگۆڕاوە. گوێ بیستی ئەوە ببوو کە زستانی ڕابردوو شووی کردووە. خۆ ئەوەشی بیستووە کە کچان دوای شووکردن شتێکیان لێ دەگۆڕێ، یان ئەوەتا خڕوخۆڵ و تەڕو پاراو دەبن هەروەکو میوەی «مانگۆ»، یان ئەوەتا زەرد و لاواز دەبن هەروەک لاولاوی لە ڕەگەوە قرتاو، بەڵام لەمدا هیچ نەگۆڕاوە، بەر لەشووکردنەکەی چۆنی دیوە. هەر وایە ... هەر دەڵێی درەختێکی هەمیشە سەوزە، بەرزوبڵند... ناسک و باریک... شۆڕەژنێک لە وێنەی شۆڕەبی.

بەڵام ژنە لەپیاوەدا دونیایەکی جیای بەدی کرد، هەردوو ئێسکی ژێر کولمە سیسەکانی دەرپەڕیبوون، هەردوو چاویشی بەقوولا چووبوون، سەر ڕوخساریشی بەهێڵی ڕەش و قووڵ ڕەسم کرابوو. تۆ بڵێی هەر هەمووی لە سۆنگەی ئەوەوە بووبێ کە

شووی پێ نەکرد؟ بەڵام خۆ زەماوەندەکەیان مەحاڵ بوو. بۆهەر جۆرە زەماوەندێکی لەو بابەتە کۆمەڵێ کۆسپ و تەگەرە دێنە پێشێ: هەر لە پایە و مەقامی خێزانداری، هەندێ جاریش جیاوازی چینایەتی وەک لە کۆمەڵگای ئەمڕۆکەدا دەبیندرێ، خۆ هەمیشە خەڵکی واش هەن کە بەردەوام دەگۆڕێن، هەمیشە هەواوهەوەس دەگۆڕن، جیوە ئاسا ناجێگیرن. بەڵام ئەی ئەم ... ئەم پیاوە بۆ نەگۆڕاوە؟

هەنووکە لە گۆشەیەکی قاوەخانەکەدا جێیەکیان بۆ خۆیان کردەوە.

+ حەزت لە چییە؟

– قاوە.

+ لەگەڵ کەمێ خۆراک؟

–نا... زۆر سوپاس؟

+ قاوەکەت سارد بێ یان گەرم؟

– با سارد بێ.

+ بەڵام جاران حەزت بەقاوەی گەرم دەکرد... وانییە؟

– ئۆو... ئەو ڕۆژانە بەسەرچوون... ئەو وەختە مرۆڤ حەزی بە گەرم و گوڕی دەکرد.

+ مەبەستتە بڵێی کە لەم ڕۆژگارەدا ئەوەندە دەنێو گەرم و گوڕی دای کە لێی تێربووی؟

– ئمم– ئەرێ بەڕاست... دەڵێی وازت لە نووسین هێناوە؟

+ بەڵێ.

– بۆچی؟

+ هۆیەکی دیاریکراوم نییە.

– بەڵام خۆ دەبێ هۆیەکی لە پشتەوە بێ؟

+ هۆیەک؟ گەر ڕاستگۆیانە بیدرکێنم ئەوەیە کە بەتەواوی لە ژیاندا وەڕسم، لە هەموو شتێک بێزارم، هیچ شتێکی تازە نابینم سەرنجم ڕابکێشێ.

– هەتا بینین و چێژ وەرگرتن لە فیلمە ئینگلیزییەکانیش؟

+ هەتا ئەوەش.

– ئاخر بۆ...؟

+ چونکە هیچ پارەیەکی ئەوتۆم پێ نییە.



– بەڵام تۆ چی لەو هەموو پارەیەی خۆت دەکەی؟

+ لای تۆ وایە کە باوکم مرد میراتێکی زۆری بۆ بەجێ هێشتم؟ نەخێر خانمەکەم... وانییە. ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن قەرزو داوا و سکاڵا دەوریان دام، بەشێکی زۆر کەمم بۆ مایەوە... بەڵام مەسەلەکە بەتەنها پارە نییە.

– ئەی کەواتە بۆ هەوڵ نادەی کارێک بۆ خۆت بدۆزیتەوە؟

+ ئۆو... نا... من ماتۆڕێکم هەیە و حەز دەکەم تیژ بەو جادانەدا لێی بخوڕم... بێ ئامانج بەو شارەدا دەسووڕێمەوە... لەوە زیاتر ناکەم.

– بەڵام ئەوەیان ڕاست نییە کە تۆ بەم شێوەیە توانا و بەهرەکانی خۆت بە فیڕۆ بدەی، وەک گەمییەکی بێ سەرو شوێن و ناخودا خۆت بدەی بەدەم ئاوەوە.

+ لێی گەڕێ با بێ سەروشوێن بێ! زۆر مەبەستم نییە. وا بزانە پاپۆڕێکم و ڕووگەی خۆم ون کردووە.

– کەواتە دەبێ ئەو جۆرە پاپۆڕە هەتا زووە ڕووەو کەنارێک ڕاببکێشین تا لەنگەر بگرێ.

+ ئەی ئەگەر هیچ کەنارێک لەو ناوەدا نەبێ؟

– دەبێ هەر لە شوێنی خۆیدا بوەستێ.

+ تۆ ناخۆشت کردووە... بۆ هەر گرفتێک چارەسەرێکی ساز و ئامادەت لە لا هەیە، وەڵامی هەموو پرسیارێک. بەڵام سەبارەت بەحاڵی خۆم مەسەلەکە لای من وا کەوتۆتەوە کە تا ڕادەیەک پەست و قەڵسم.

– لە چی پەستیت؟ لەوەی کە هیچ کارێکت نییە یا هی ئەوەی کە کارت زۆرە و سەرقاڵیت؟

+ کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە ئیشت دەستگیر بێ، شتێک نییە چاوەڕێی تۆ بکات.

– بەڵام تۆ دەتوانیت کارێکت دەست بکەویت. تۆ دەرچووی زانکۆی، لە یەکەمەکان بووی.

+ کە مرۆڤ بەدوای کارێکدا دەگەڕێ سووک و ڕیسوا دەبێ، ئەوە جگە لە دەردەسەری. پاش ئەوە گەرەکە جۆرەها فۆرم پڕ بکەیتەوە و دەیەها سکاڵانامە و داواکاری، جگە لە کۆکردنەوەی نامەی ستایش و پشتگیری، سەرەڕای بینینی جۆرەها کەسی وا کە تۆ قەت حەزت نەکردووە بیانبینی. ئەم هەموو هەڵلایە زۆر بێزەوەرە.

پاشان بۆ ئەو هەمموو بەزمە بکەم لە کاتێکدا کە دەزانم دوای ئەو هەمموو غارغارێنە هیچ ئیشێکم دەست ناکەوێ، واز لەوەش بێنە کە کارێکی باش بۆ ئێمەمانان هەر نییە. بەڕای تۆ ئەو هەمموو شتە ڕۆح ناکوژێ؟

– بەڵام تۆ چۆن دەتوانیت ئا بەم شێوەیە بژیت و بەردەوام بیت؟

+ دەی چاکە، من تا هەنووکە ڕەبەنم. سوپاسیش بۆ باوکی ڕەحمەتیم- کە بایی ئەوەندەی بۆ بەجێ هێشتووم پێی بژیم بۆ ئەو ماوەیەی کە دەمێنم کەوا زەن دەکەم عومرێکی ئەوەندە درێژم نابێ. خۆ گەر پێویستیشی کرد لە برسانا نامرم، برادەری زۆرم هەیە و خەڵکێک هەن بەزەییییان بەمندا بێتەوە، گەر بمەوێ چەند ڕۆژێک لەلای یەکێکیان بمێنمەوە... وابزانم کەسیان دەرم ناکەن.

– بەڵام ئەوەیان شێوە ژیانێکی شایەستە و ڕێزدار نییە... لەسەر بەزەیی خەڵکی بلەوەڕێی. تۆ چ جۆرە پیاوێکی؟

+ جا کێ هەیە لەم کۆمەڵگایەدا لەسەر ئەوی دیکە نەژێ؟ تۆ...؟ خاوەنی ئەم قاوەخانەیە، کابرای قاوەگێڕ، خاوەن ڕۆژنامە گەورەکان؟ کێ دەتوانێ بڵێ: من سەربەخۆم... تەواو... پشت بەخۆی ببەستێ؟

– تۆ تەواو... زۆر نالەباریت. لەوە دەچێ بەتەواوی هەرچی حیکمەت و ژیری هەیە لەدەست دابێ.

بەبێ دەنگی قومێکی دیکەی لە قاوەکە فڕ کرد، چیتر تامی هیچی نەدەدا.

ژنەش چیتر قسەی نەکرد، گەمەی بەقژ و سارییەکەی دەکرد. نەیتوانی لەوە زیاتر بەرگەی ئەو بێدەنگییە ترسناکە بگرێ کە درێژەی کێشا، ویستی دەروازەیەک بۆ گفتوگۆیەکی دیکە بکاتەوە، لەوە دەچێ ژیانی خەڵکانی ناو پایتەخت هەڵەیەکی تیابێ، چونکە وات لێ دەکا کە هەمیشە بەخۆت نامۆ بیت، بێزار و وەڕس... ژەنگ ڕۆحت بخوا... وات لێ دێ کە خۆیشت نەزانی ڕوو لە کوێ بکەیت.

+ نا... نەخێر... وانییە، لە «کریسمسی» ڕابردوودا توانیم بچمەوە گوندەکەی خۆمان، مەڵبەندی باوو باپیرانم، مامێکم هەنووکەش لەوێ دەژی، لەوێش بارودۆخەکە ئەوەندە دڵخۆشکەر نییە، لەوێش خەڵکی بێزارن لە قسەی زۆر و بەڵێنی درۆ، ئەوانیش هەست دەکەن لە قوڕ چەقیون و ڕەوڕەوەی ژیان ئاواهی پێش ناکەوێ، بەهیچ بارێکدا بەڕێوە ناڕوات... هەر دەڵێی هەموو کار و کردەوەیەک لەو گوندەدا گەیشتۆتە بن بەست. هیچ بڕوایەکیان بەخۆیان نەماوە، هیچ ئومێد و ئایندەیەک لە ئاسۆدا بەدی



ناکەن. تۆ قەت کۆمەڵێ مشکت دیوە کە بەتەڵەوە دەبن؟ بەو دەم و چاوە درێژکۆلانە و زەردانەوە هەر دەڵێی ئەو مشکانەن، لە کولەمەرگی دەژین.

– تۆ لەگەڵما نیت کە ئەو هەمموو ڕەشبینییە بەتەنها دیدی خۆتە بۆ دونیا؟ لە ڕاستیدا لە ناو خودی تۆدا پیاوێکی زۆر بەزیو هەیە کە شتەکان وەکو خۆیان نابینێ، تۆ ئاسانترین ڕێگە دەدۆزیتەوە تاوەکو خۆت دەرباز بکەی. منیش چەندین گوندم بینیوە، دەکرێ بڵێین ئەو گوندانە لە خۆشی و کامەرانی بەدوور نین. پڕ لە باخی مانگۆ، دارو درەختی جۆراوجۆر، چریکەی مەلان، کوکوختی و قومری، ناعوور... خەڵکێک کە سەرگەرمی سەما و گۆرانین... هەروەک بڵێی لە جەژندا بن.

+ (بەمەزاقەوە پێدەکەنێ) ئەو جۆرە گوندانەی تۆ باسیان دەکەی، مەگەر تەنها لە نێو فلیمەکانی سینەمادا بیانبینی، ئەم جۆرە گوندانە شتێک نین کە واقیعی بن، گوندە ڕاستەقینەکان پڕن لە بێکاری، نەخۆشی و تۆڵە و دوژمنکاری، هەر دەڵێی میکرۆبێک کەوتۆتە ناوانەوە، پەیوەندی پیاوەکان بەیەکدییەوە خۆرە لێی داوە، لە

وانەیە مەسەلەکە بەهوشیاری چینایەتییەوە پەیوەست بێ، یان کەس لە ڕووی ڕۆحییەوە ئامادە نییە بگۆڕێ.

– ئەوەتا دیسانەوە هەر دەڵێی «هاملێت»ی قسە دەکەی. ئەی ئەو کچە چی بەسەرهات کە بەتەما بووی بیخوازیت.

+ هەڵگەڕایەوە... هەڵوەشایەوە.

– مەبەستت چییە؟

+ کە دیم وام زانی لە دڵەوە بایەخم پێ دەدا. بەڵام زۆر بەداخەوە... لەوە دەچێ من دەستخەڕۆ بووبم.

– دەتەوێ بڵێی هەر هەمووی ڕووکەش بوو... هەر هەموو مەسەلەکە فڕوفێڵێک بوو؟

+ بەڵێ. کچە و خزمەکانی وایان زەن دەکرد کە هەرچی موڵک و ماڵی باوکم هەیە بەمیراتی بۆ من ماوەتەوە. هەر بۆیە کچە بەتیژی ڕۆکێتێک ڕووەو لای من هات، کە زانیان من پیاوێکی بێ پوولی سەر ئەو جادانەم، وایان کرد کچە بەهەمان تیژی ڕۆکێتێک بگەڕێتەوە نێو قەوانەکەی خۆی.

– بەڵام من بیرمە کە وەختی خۆی زۆر جوان ستایشی ئەو کچەت دەکرد... زۆر شاعیرانە وەسفت دەکرد.

+ بەڵێ وابوو... بەڵام هەموو ئەو قسانەی کە ئەویش بۆ منی دەکرد، درکاندنی

ڕازەکان... ڕازی ئەوەی کە ئەو بەبێ من دەمرێ: هەر هەمووی... هەر هەمووی درۆ دەرچوون.

– بەڵام تۆ پێت ڕاگەیاندم کە عیشقی ئێوە زۆر دوور ڕۆیشتووە، گوایە تۆ و کچە هەنگاوی گەورەتان ناوە.

+ ئۆە... من بێزارم لەم جۆرە وشانەی وەک «عیشق و ئەڤین» بۆ من هیچ مانایەکی نییە. پاە....! مەسەلە لەشە... جەستەیە و بەس. پەیوەندییەکی ماددی و شەهوانی، من لە هەموو پەیوەندییەکی ماددی و فیزیکی وەڕس و بێزارم. تۆ نایزانی... زۆر چاکە کە نایزانی کەوا لەشی ئافرەت... هەتا لەشی ئافرەت کاڵایەکی ئەوەند بە بەها و دوورە دەست نییە... حەزپێکردنی مەحاڵ نییە... کە پارەت هەبوو... هەمووی دێتە بەردەست.

– من دەڵێم بێ دەنگ بە... ئەم وڕێنەیەت لە چییە؟ تۆ کابرایەکی هیچ ئارەزوویەکت بۆ ژن و کار و ماڵ دانان نییە.

+ ئۆە ... من داڕزاوم... هەر دەڵێی ژەنگ خواردوومی، هەروەک پەیکەرێکی بەردین بم و بە ئەزمیلێک گەرد بەگەرد لە من بکەنەوە و بمتاشن.

دیسانەوە کابرا بێ دەنگ و خامۆش، مایەوە، ژنەش قسەی نەکرد.

کوپی قاوەکان بەتاڵ بوون و لەسەر مێزەکان هەڵنەگیران. کابرا بیری کەوتەوە، ئەو کاتەی بۆ یەکەمین جار یەکتریان بینی، ئای... چ سۆزێکی گەرم ڕووەو یەکدی دەیبردن، هەستیان دەکرد کە شتێکی زۆر جوان و ناسک، شین... نەرم و نیان بەیەکەوەیان دەبەستێ... شتێک کە هەر لە درەختی سەندەل بچێ، کەس ناتوانێ وەسفی ئەو ئەفسوونە بکات. بەڵام هەنووکە... کە سەیری ژنە دەکا، قوڕو لیتە لە چاوانی بەدی دەکات دەنێو قژیشیدا تەونی جاڵجاڵۆکە. لەوانەشە ماک و پەڵەی ترشیات بەسەر کراسەکەیەوە هەبێ.

ژنەش بیری لە کابرا دەکردەوە، ئەو وەختەی کە بۆ یەکەم جار بینی، ئەوسا زۆر زیندووتر بوو، شینایی ئاسمانت لە چاوانتا بەدی دەکرد، بزەکان چوون ئەستێرە لەسەر لێوانی دەبارین، وشەکانیش هەر دەت وت پەڕەی گوڵن لە زاری دەکەوتن... هەر دەت وت– حەڵوان، قسە لە زاریدا شکۆفەی گوڵی سپی بوون. دەنگی لە مۆسیقایەکی سیحرئامێز دەچوو. کەچی ئێستا قژی ئاڵۆزکاو و شانە نەدیوی هەر دەڵێی سووتووی جگەرەی بەسەردا ڕژاوە، یەخەی گەچڵاوی کراسەکەی جێ پەڵەی قەڵەمی لێوی وا بەسەرەوە، خەیاڵی هەر دەت وت ڕژانی تاڤگەیەکی بەخوڕەمە، کەچی هەنووکە هەر دەڵێی زەلکاوێکی مەنگە و بۆگەن کردوو... پڕ لە قەوزە... نیشتوو.



ئەی کوان پەپوولەکان؟ لەهەر چوار لاوە جگە لە مارمێلکە هیچ دیار نییە.

– کاتژمێر چەندە؟

+ بۆچی؟ پەلەتە؟ مێردەکەت لە ئۆفیس دەگەڕێتەوە؟

– لێ دەگەڕێی ئێستا بڕۆم؟

+ کەواتە ناوونیشانەکەتم بەرێ... لەوانەیە ڕۆژێکیان حەزبکەم سەردانێکت بکەم.

قەڵەم پاندانێکی لە ژنەکە خواست و بەشەڕە پشیلە لەسەر پاکەتی جگەرەکەی ناوونیشانی ئەمی نووسی، بەڵام لەوە دەچوو پاکەتەکە بە بەتاڵی لەسەر مێزەکە جێ بهێڵێ و هەموو شتێکی، لە میانەی چرکەیەکی ئایندەدا، لە بیر بچێتەوە. پاشان باوێشکێکی دا.

هاواری کرد– «هێی قاوەگێڕ... پەرداخێک ئاوم بۆ بێنە.»

+ پرابهاکار ماچوی: لەساڵی (١٩١٧)دا لە دایک بووە. یەکێکە لە گەورەترین ڕەخنەگرانی کۆمەڵگەی هیندی، لە هەمووانیش ئازاترە بۆ پەردە هەڵدانەوە لەسەر کەم و کوڕییەکانی کۆمەڵگا. ڕوانینی ورد و شیکاری گەورەی هەیە لەم بوارەدا، تەکنیکێکی باڵا، زمانێکی سادە، شۆڕبوونەوە بەنێو ناخی پاڵەوانەکاندا بێ ئەوەی لەتەمومژدا نوقمت کا... بێ ئەوەی زۆر لە خۆیکا و بێ دەستکرد دەتباتە ناو دونیای چیرۆکەکانی... ئەوەتا لە چیرۆکی «بێزەوەری»دا دوو جیهان بەیەک دادەدا کە لە پەیوەندی نێر و مێیەکدا بەرجەستە دەبێ و سەیری کە زەمەن چۆن کەسەکان و حاڵەتەکان دەگۆڕێ و چۆن دەمامکەکان دەکەون.

سەرچاوە:

Hindi Short Stories, Edited by Sharwan Kumar, 1970
Bombay, Jaico Publishing House.

# گەڕانەوە

## چیرۆکنووسی ڕووسی: بۆریس ڕیابینن

١

(چاکە «جیێری»... کەواتە ماڵئاوا... کە من بزر بووم تۆ چاوت لە خانمەکەت بێ. چیم پێ وتی وا بکە. هەر لەخۆتەوە مەوەڕە، گوێ لە فەرمانی هیچ و پووچی ئەم و ئەو نەگریت. ئاگاشت لێرە بێ... چونکە کە گەڕامەوە حەز دەکەم بڵێن یاساوڵی چاک بوویت... سەگێکی وت و وریا بوویت).

ئا بەم چەشنە خاوەن ماڵ ئامۆژگاری «جیێری» کرد و نووشتایەوە... دەستێکی بەسەریدا هێنا. کابرا وا دەدوا وەک بڵێی هیچ گرفت و دەردێکی نەبێ، بەڵام لەرەی خەمێک بەدەنگییەوە دیار بوو. سەگی وت و وریا زۆر بەجوانی گوێی بۆ قسەکانی ڕادێرا، بەچاوێکی پڕ لە مەبەست و ماناوە سەیری ساحێبەکەی دەکرد. تۆزێ ملی بۆ درێژ کرد و بەنەرمی لمووزی لە دەم و چاوی کابرا دەخشاند... هەروەک بیەوێت پڕ بەکەللەی بۆن و بەرامەی کابرا تا ئەبەد هەڵگرێ.

« ئەلکیسی باتورن» خۆی کۆکردبۆوە و دەچووە بەرەی جەنگ و «جیێری»یش هەوشارێکی کەتە و تووک نەرمی کەللەزل... لەوە دەچوو بەدووچاوی زیرەک و پڕ لە مانا و مەبەستەوە هەست بەم بۆنە پیرۆز و مەزنە بکا و لە حاڵی «ئەلکیسی» ئاگادار بێ. سست و مات... سەگی بزێو جووڵەی نەدەکرد، بەڵکو لە جیاتی ئەوە وای دەنواند کە لە قسەکانی کابرا تێگەیشتووە. ژنەکەی ئەلکیسی-یش لە تەکیا بێ دەنگ و مات وەستابوو، چاوەڕێی دەکرد مێردەکەی لێ بێتەوە... لە ژێرەوەش لێوی دەکرۆشت و خۆی دەخواردەوە... نەیدەویست بیداتە پرمەی گریان.

ئەلکیسی هەستایەوە سەرپێ، هەگبەکەی بەشانی دادا و ژنەکەی گرتە ئامێز، پڕ بەدڵ ماچی کرد... ماچێکی گەرم. ژنەش توند خۆی پێوە نووساند... هەروەک بڵێی بەم شێوەیە بتوانێ بیگێڕێتەوە و ساتانی ماڵئاوایی پڕ لە سەدای مەرگ دوا بخات. بەڵام مێردە هەردوو باسکی ژنەکەی لە خۆی کردەوە و زۆر بەنەرمی دووری خستەوە، بۆ دواجار دەستێکی بەسەری سەگەکەی داهێنا و ملی نا و کەوتە ئەودیوی دەرگاکە.

ڤێرا بەتاو ڕای کردە لای پەنجەرەکە... بەڵام «جیێری» بەر لەم گەیشتە ئەوێ. باڵا



بەرز و قیتەکەی ئەلکیسی کەوتبووە ژێر پاڵتۆیەکی خۆڵەمێشیی، بۆ ساتەوەختێک دەروازەی کراوەی حەوشەکە بۆی بوو بە چوارچێوە... چوارچێوەیەکی ڕووناک و لاکێشەیی. پاشان دەروازەکە داخرا و ئەم کەوتە ئەو دیو و... بزر بوو.

«ڤێرا» لە سەگەکە نزیک کەوتەوە و هێدی هێدی دەستی بەسەری دادەهێنا... هەروەک بڵێی بەو دەست بەسەر داهێنانە چی خۆشەویستی لە دڵیایەتی بۆ ئەلکیسی... بڕژێ بەسەر سەگەکەدا. ئا لێرەدا... نەیتوانی لەوە پتر فرمێسکەکانی ڕابگرێ.

٢

بەر لەوەی ئاگری جەنگ هەڵگیرسێ، بۆ هەمیشە «ڤێرا» زوو دەچووە سەر کارەکەی و... درەنگیش دەگەڕایەوە... جا بۆیە «جیێری» بۆ ماوەیەک بەتەنیا لەو ماڵە دەمایەوە. ڤێرا لە کۆمپانیایەک چاپکەر بوو. هەموو ئێوارەیەک کە دەگەڕایەوە و دەرگای حەوشەکەی دەکردەوە... دەیبینی وا «جیێری» لای پەنجەرەکە چاوەڕێیەتی و هەردوو گوێچکەی بۆ ڕەپ کردووە. بەهەمان شێوە و بۆ هەمیشە لە کاتێکی دیاریکراودا چاوەڕێی- ئەلکیسی- دەکرد تا لەسەر کارەکەی دەگەڕایەوە- هەمیشە دەیزانی کەی دێتەوە. هەر کە دەبوو بە سەعات شەش سەگی تاین حەجمانی لەبەر دەبڕا، تاوێ ڕووەو لای پەنجەرەکە و تاوێ بۆ لای دەرگاکە، لە جریت بازی نەدەکەوت... یانێ ها: دەرگام لێ بکەنەوە. کاتێکیش ڤێرا دەرگای لێ دەخستە سەر پشت (چونکە هەمیشە بەر لە مێردەکەی دەگەڕایەوە ماڵێ) بەقەڵەمبازێک دەگەیشتە ناو دەرگای حەوشە بەو نیازەی پێشوازی لە ساحێبەکەی بکا... بەزەوقەوە دەوەڕی... خۆی بۆ هەڵدەدا... گوایە ئاوا بەخێرهاتنی لێ دەکا... هەروەک بڵێی توولە سەگێکی بێ دەماغ بێ نەک هەوشارێکی بەویقاری وەک ئەم.

ئەلکیسی و ڤێرا تازە بووک و زاوا بوون کە «جیێری»یان دەست کەوت... ئەوسا توولە سەگێکی دوومانگی بوو، تا بڵێی بەستەزمانێکی چکۆلە و سەیر و سەمەرە بوو... دوو چاوی زەق و دەرپۆقیو، گوێچکەکانیشی شۆڕ... لە لاتەنیشتەوە ببوون بەدوو گۆشەی خوارو خێچ. قاچەکانیشی درێژ و بێ گۆشت هەر وەک بڵێی هی گیانلەبەرێکی دیکە بن، لە ڕادەبەدەریش لەڕولاواز... گەر کەسێک جورئەتی ئەوەی بکردایە بیباتە نێو بازاڕ و سەر شەقامەکان... دەبوو گوێ بەوەش نەدا گەر خەڵکی پێی ڕابوێرن. چونکە هەر زەلامە و پلاری لە ساحێبەکەی دەگرت... ئەوە چییە نانی ناداتێ... دیارە دەیەوێ بیکوژێ.

که گەورە بوو... بەتەواوی شێوەی گۆڕا، لەڕولاوازییەکەی جارانی نەما و پتر گۆشتی گرت. چاوە خڕ و بچکۆلەکانی جۆرە زیرەکییەکیان تیا دەدرەوشایەوە... ڕەنگێکی دیکەشیان وەرگرت... لە خۆڵەمێشییەکی ڕەنگ پەڕیووەوە بۆ شینێکی ئاچووغ... هەردوو گلێنەشی گەورۆنە و ڕەش. کە بوو بەدوو ساڵ ببووە نموونەی بێ هاوتای توخمی خۆی... بەرز و بڵند... درێژ. ماسوولکەی تورتیشی لەژێر پێستە ڕەش و بەبریقەکەی چون قوماشی «ئەتڵەس» ئاسا دەجوولایەوە. تا ئەو حەلەش لەسەر جادەکاندا خەڵکی دەوەستان و سەیریان دەکرد، بەڵام نەک وەک جاران، بەڵکو ئەمجارەیان بەسەرسامییەوە.

جێری تا سەر ئێسقان گوێڕایەڵی ئەلکیسی و ڤێرا بوو... بەتایبەتیش «ئەلکیسی». کوێرانە فەرمانەکانی بەجێ دەهێنا، بۆ هەر کوێ بچووبایە ڕەدووی دەکەوت، هەمیشە چاوەڕێشی دەکرد وەک بلێیی ژیانی لەسەر ئەلکیسی وەستابێ... یا ئەو هۆی بوون و مانەوەی بێ.

ئێستاش کە ئەلکیسی ڕەوی کرد هەموو وەفای خۆی خستۆتە پێناوی «ڤێرا»... هەقی خۆشیەتی چون خۆشەویستی خاوەنەکەیەتی... چاوەڕێی ئەمیشی دەکرد هەروەک چۆن ڕۆژانێک چاوەڕێی ئەلکیسی دەکرد، خۆشبەختانە دەوەڕی، هەر لە ناو دەرگاکەوە پێشوازی دەکرد... کە دەیدی تەواوێ کەیفساز دەبوو... لە خۆشیانا هەموو ئازای جەستەی دەلەرزی.

بەڵام ئەم تا ئێستاش هەر چاوەڕێی - ئەلکیسی-یە. هەموو ڕۆژێ و لە هەمان ئان و ساتدا ڕووەو دەرگای حەوشەکە دەچێ... بۆ نیو سەعات و بێ هوودە چاوەڕێی دەکا... پاشان دەچێتەوە ژووریێ و لە کولانەکەی خۆیدا وەردەکەوێ.

## ٣

دوو ساڵان، ئاوا، خایاندی... لە سێیەمین ساڵدا نامە و هەواڵی ئەلکیسی بڕا. ڤێرای پەرێشان حەجمانی لێ بڕا... تەواو... ئیتر ئارامی لێ هەڵگیرا. بۆ ئەوەی خەمی دووری بیر بچێتەوە... تاسە... ئارەزوو... خۆی لە ناو ئیشوکاردا دەتواندەوە. نەک هەر بەرۆژ... شەوانیش نەدەسرەوت... بۆیە جێری شەوەهای شەو بەتەنیا دەمایەوە. درەنگانێ کە دەگەڕایەوە دەچووە بەر ئاوێنەکە و دیقەتی خۆی دەدا... دووچاوی غەمگین و ماندوو... چەند باریکە هێڵێکیش کەوتبوونە سەر ڕوخساری... لەگەڵ پەڵەیەکی ڕەش لەبەری چاوانی... دیارە کە جاران وا نەبووە. هەر بەوەندەش نەدەوەستا... ئیش و ئەرکی



دەزگاکەی دەهێنایەوە ماڵەوەش... چەندەها سەعاتی تریش خۆی پێوە خەریک دەکرد. تەنها لەم ڕێگەیەوە دەیتوانی خەمی تەنیایی خۆی بڕەوێنێتەوە... تاسە و ئارەزووی بۆ «ئەلکیسی» هاوسەر و هەم خۆشەویستی بکوژێ. وەلێ بەم حاڵەوەش... ختوورەی خەراپ بەخەیاڵیدا دەهات و تاس دەیبردەوە... دڵی دەترسا، لەو ساتانەدا ئەو ئیشانەی بیردەچۆوە کە دەبوو بۆ بەیانی تەواویان کا و بیانباتەوە... سەرسام و ئەبڵەق... هەناسە سارد و نائومێدانە دەستی دەنایە ژێر چەنەی خەفەت. دوای قەیرێ کە هەستی دەکرد - جێری- لە تەنیشتەوە لمووزی تێوە دەژەنێ خەیاڵەکە بەری دەدا و دەهاتەوە سەرخۆی.

«ئاخۆ ئێستا ئەلکیسی لە کوێ بێ...؟»

هەموو شتێکی نێو ماڵەکە ئەلکیسی بیر دەخستەوە. هەتا -جێری-یش بەشێک بوو لەو.

ئەمێستا زۆرجار دەردی دڵی خۆی بۆ سەگەکە هەڵدەڕێژێ. وا هەست دەکا ئەلکیسی دەدوێنێ. هەندێ جاریش ئاگای لە خۆی نامێنێ و هەردوو ناوەکە تێکەڵ دەکا، کاتێ هەست بەو غەفڵەتە دەکا بەپەلە هەڵەکەی خۆی ڕاست دەکاتەوە:

«نەء... تۆ «ئەلیۆشا» نیت... تۆ -جێری- یت.

ئەلیۆشا وا لە شوێنێکی تر... دوور. بەڵام خۆ هەر دێتەوە لامان... ڕۆژێک دێ بگەڕێتەوە... وانییە جێری...؟»

پاشان ... دوای چەند دەقیقەیەکی تر دیسانەوە تێ هەڵدەچێتەوە:

«لەوە تووڕە مەبە کە خۆم ماندوو دەکەم. چار نییە ئازیزەکەم... پێویستە... بۆ خۆم و بۆ تۆ... بۆ هەموومان. تێم دەگەی... وا نییە...؟ کە لێ بوومەوە ئیتر هەموو وەختەکەم بۆ تۆ تەرخانە».

هەروەک بلێیی جێری تێی بگا هەر دوو گوێچکەی بۆ قوت دەکرد و شل شل گوێی دەگرت، هەندێ جاریش کلکە دار ئاساکەشی بۆ دەلەقاند. وای لێ هات بەو دەمەتەقێیە ڕابێ، وەک ئاژەڵ ناسەکانیش فەرموویانە: هەموو گیانلەبەرێک حەز بەوە دەکا مرۆڤ بیدوێنێ.

لەو ساتە کەمانەی کە دەستی بەتاڵ دەبوو لەسەر مێزەکەی دادەنیشت و گوێی لە ڕادیۆ دەگرت. جێری-یش بەوە ڕاهاتبوو کە لەتەکیا وەرکەوێ.

ئەوسا ڤێرا پێی دەوت:

«ئاە... چاک گوێ بگرە جێری... «باوکە» وا لە یەکێ لەو شارانە... ها کا دیت خۆی

کرد بە ماڵاو هاتەوە...!»

ئەم لە ڕۆژانی- بووکێنی-یەوە ناوی لە ئەلکیسی نابوو «بابە»... چونکە ئەلکیسی هەندێ جار وەک منداڵی ساوا بەباوەش هەڵی دەگرت. ئەمیش پێی دەوت- «تۆ کتومت بابەی». ئەمێستا ئەم یادە شیرینە ئاگری لە هەناوی بەردا. بەڵا و مەینەتی لەوەدا نییە چی بەسەر چوو. ئەم لەوە دەترسێ ئێستا شتێکی بەسەر هاتبێ، لەوە دەترسێ زامار بووبێ... قاچێک... دەستێکی پەڕیبێ... بەس بیزانیایە ئاخۆ ماوە... تۆ بڵێی چاوی بەچاوی بکەوێتەوە؟

٤

کتوپڕ ئەم چاوەڕوانییە بێ پایانە کۆتایی هات... کابرای پۆستەچی هات و نامەیەکی دا پێی... ڕایگەیاند کە مێردەکەی، ئەلکیسی باتورن، وا لە خەستەخانە و دوای برینداریيەکی کوشندە ئەمێستا وا خەریکە بێتەوە سەرخۆی... دووریش نییە و وا لەم شارە... بەڵێ هەر لێرە...

وا لەم شارەی خۆیان...! بەڕێوەبەرایەتی بیمارستانەکەش گەرەکیەتی چاوی بە «ڤێرا» بکەوێ چونکە- ئەلکیسی- بەم زووانە ڕزگاری دەبێ و دێتە دەرێ.

ڤێرا بەم هەواڵە تەواوێ کەیفساز بوو. جار لەسەر جار نامەکەی دەخوێندەوە. بەم بۆنەیەوە کەوتە پاک کردنەوەی ماڵەکە تا هەموو شتێک بریسکەی بێ... ئاخر گاڵتە نییە... ئەلکیسی دێتەوە. ئەمەی دەشۆری و ئەوی تری پاک دەکردەوە... پێدەکەنی و لە هەمان کاتیشدا دەگریا... هەر خۆی لە خۆی کەوتە گومان و ئەم بەزمەی ناو نا کەم عەقڵی... حەزیشی دەکرد دراوسێیەکان بەشداری ئەو خۆشییە بکەن... چەند جارێکیش لە ماڵ دەرپەڕی و نوقڵ و شیرینی بەسەر منداڵەکانیاندا بەخشییەوە. کوتە گۆشتێکی گەورۆنەشی فڕێ دا بەردەمی جێری کە دەکرا بەشی چەندەها ڕۆژی خۆی بکا. لە ڕۆژانی سەختی ئەو جەنگەدا کەم کەس شتی وای دەست دەکەوت. سەر لەنوێ مێز و کورسییەکانی ڕێک خستەوە... جێری-یش بەردەوام لەبن دەست و پێی دا دەهات و دەچوو.

دەم دەمیش هاواری دەکرد- «بابە دێتەوە... تێدەگەی جێری... ؟ ئاە... خۆزگە تێدەگەیشتی...!»

جێری-یش کلکی بادەدا و لێرە و لەوێ بەر کەلوپەلەکانی نێو ماڵ دەکەوت... بستێک لە خانمەکەی دوور نەدەکەوتەوە، بۆ هەر شوێنێک بچووبایە چاوە پڕ لە



نەوازشەکانی بەدوایەوە بوون.

ئەو شەوە تا بەیانی گینگڵی دا... بەحاڵ توانی خۆی بگرێ تا ڕۆژ دەبێتەوە. ئەو شەوە چەندەها جار بەیەک گەیشتنی خۆی و ئەلکیسی هاتە بەر دیدەی خەیاڵ. بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ ئەم شەڕە بایی چەند گۆڕیوەتی. تۆ بڵێی ئەمێستا لە جارانی بچێ.

لە ساتی دیاریکراودا گەیشتە بەر دەرگای بیمارستانەکە. پاشان بردیانە لای کابرایەکی بەتەمەن کە پاک ڕیشی تاشیبوو... چوار ئەستێرەش بەسەر شانییەوە دەبریسکانەوە. داوای لە ڤێرا کرد لەسەر کورسییەکە دابنیشێ و پاشان بەدوورودرێژی باسی ئەوەی کرد بە چ حاڵێک «ئەلکیسی»یان گەیاندۆتە بیمارستانەکە. دوای تۆزێ سەرۆکی پزیشکەکان گەیشتە جێ... سپی پۆش... دەم و چاوێک کە غەرقی خەم و ماندوێتی بێ. ڤێرا وای بەخەیاڵدا هات کە دەبێ ئەم پزیشکە چەندەها کاری نەشتەرگەری ئەنجام دابێ. ئەمیش وەک کابرای ئەستێرە بەشان باسی ئەلکیسی کرد: گوایە برینەکانی لەوەدا نەبووە کە باس بکرێ... دەبێ ڤێراش ڕووبەڕووی ئەو حەقیقەتە ببێتەوە کە خزمەتکردنی لەمەودوای ئەلکیسی کارێکی ئەوەندە ئاسان نابێ.

بەزەحمەت لە قسەکانیان حاڵی دەبوو وەک بڵێی لەودیو دیوارێکەوە بیدوێن. بەزۆری دانی بە خۆیدا گرت... ئەوەندەی نەمابوو قسە بەو بەڕێزانە ببڕێ و بەناو ڕاڕەوەکاندا ڕابکا تا ئەلکیسی دەدۆزێتەوە و... ئەوسا بەتاسەوە بیگرێتە باوەش.

پزیشکەکە تێ هەڵچۆوە- «هەڵبەتە حاڵی زۆر شڕە... من نامەوێ بەهیچ کلۆجێک دڵنیات کەم... سەرتاپای لەشی جێ نەشتەرە- ئەمێستا بەتەواوی لەپەلوپۆ کەوتووە و بەهەر حاڵ لە کورتی بیبڕمەوە... مێردەکەت ئیفلیجە». دیاربوو پزیشکەکە ئەم دوا وشەیەی بەزەحمەت لە دەم هاتە دەر.

بەڵێ... بەڵێ. ڤێرا سەری ڕاوەشاند. تەواو... لە هەموو شتێک حاڵی بوو: ئێستا ئەلکیسی ئیفلیجە. لەپێناو بەرگریکردن لە خاک... هێز و وزە و تەندروستی خۆی بەخشی. لەم حاڵەتەدا بەوپەڕی خۆشەویستی و ئارەزووەوە بڕیاری دا کە تا ماوە خزمەتی بکا... دەبێ وا بەدڵسۆزی چاودێری بکا... وا ئەمەکدارانە کە قەت بیری بۆ ئەوە نەچێ ئیفلیجە. بەڵام - با ئێستا لێی گەڕێن بیبینێ... هەر ئێستا... بەپەلە...! هەر ساتێکی دیکەیە و دەیبینێ... وا چووبووە ژێر خەیاڵی ئەو بەیەک گەیشتنە کە بەتەواوی ئاگای لە قسە سەیر و سەمەرەکانی پزیشکەکە بڕابوو... یان ئەو نیگا گۆڕینەوەی هەردوو پیاوەکە کاتێ قسەیان بۆ ئەم دەکرد.

پزیشکەکە زیاتر لەسەری ڕۆیشت بێ ئەوەی گوێ بەوە بدا کە ڤیێرا ئارامی لێ هەڵگیراوە:

«لوغمێک لە ژێریا تەقیبۆوە... ماوەیەکی زۆریش لە نێو ئەو بەفرەدا مابۆوە و... بەستبووی. چار نەبوو هەردوو قاچیمان بڕییەوە».

چی... چۆن...؟ یانێ هەردوو قاچیشی نەماون؟ دەت وت کتوپڕ چنگیان لەناو هەناوی ڤیێرا گیر کرد، تەزووی ئازارێک بەنێو هەموو دەمارەکانیدا مێروولەی دەکرد. کتوپڕیش هەستی کرد زۆر سەرمایەتی و بەبینینی ئەو ژوورە ڕووت و پەرش و بڵاوە گەلێ نارەحەت بوو. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد لەوێ نەمێنێ و بڕوا... پەریشان و بەپەلە. ئۆقرە لێ بڕاو... چاوەڕێی ئەوە بوو بزانێ ئاخۆ کابرا چی تری پێ دەڵێ:

«ڕاستی سەریشی ئەزیەتی پێ گەیشتووە و وای لێ کردووە تێک بچێ. بەداخەوە کە هەردوو چاوەکانیشی سووتاون». دیاربوو کابرا نەیدەویست بەپێچ و پەنا لەگەڵی بدوێ و هیچی تیا بێڵێتەوە... دەیویست یەکسەری هەموو حەقیقەتە تاڵەکەی تێ بگەیەنێ و ... بەپەلە.

«تۆ مەبەستتە بڵێی کوێریش بووە...؟» ڤیێرا ئەمەی وت و هەموو شتێکیش لەبەر چاویدا مەلەی دەکرد... بگرە ژوورەکەش دەسووڕایەوە. کتوپڕ ڕەنگ لە ڕوویدا نەما و هەڵبزڕکا.

سەرۆکی پزیشکەکان هەستی پێ کرد و پەرداخێک ئاوی بۆ هێنا.

«نایەوێ... چاکم» پەرداخە ئاوەکەی بەلاوە نا و بەترسەوە سەیرێکی هەردوو زەلامەکەی کرد. ئەم دوو کابرایە چی تریان لە دڵدا ماوە پێی بڵێن، ئەم دوو غەریبە، کە هەر ساتێ لەمەوبەر بوو خەریک بوو لە خۆشیانا ماچیان بکا...؟

ئەستێرە بەشان بەپەلە تێ هەڵچۆوە:

«هەروەها ناشتوانێ قسە بکا. بەلایەنی کەمەوە تا حاڵی حازر نەیتوانیوە... بەڵام لەوانەیە لەداهاتوودا زمانی بکرێتەوە... ئەوەش وەختی دەوێ».

«هەر ئەوەندەو بەس...؟» بەدڵگرانییەوە ئەمەی وت و بگرە تەواوێ دەنگی خۆی لێ گۆڕا.

«بەڵێ هەر ئەوەندە و بەس. تکایە تێمان بگە کە مەسەلەکە بۆ ئێمەش ئەوەندە ئاسان نییە... ئێمەش بە لامانەوە ئەستەمە کە ئەم قسانە بۆ تۆ دەکەین... بەڵام چار نییە... دەبوو هەموو شتێک بزانیت بەر لەوەی بیبینیت. پێویستە بڕیاری ئەوەش بدەی



ئاخۆ دەتوانیت لە ماڵەوە خزمەتی بکەی. ئەگەر بۆت ناکرێ ئێمە لێرە شوێنی تایبەتیمان هەیە بۆ خزمەتی ئیفلیج و پەککەوتەکان. هەڵبەتە ئەوەیان باشترە بۆ پەککەوتەیەکی وەک مێردەکەی تۆ... ڕاستی ئەوەیان بڕیارێکی قورسە بۆ تۆ، پێویستت بەوەیە کە بە وردی بیری لێ بکەیتەوە».

ئەوانە چی دەڵێن. چۆن زات دەکەن قسەی وا بێ جێ بکەن...!

هەستایەوە سەرپێ... پەست و تووڕە. جا ئەوان چوزانن... چۆن بتوانن لەوە تێبگەن کە ئەلکیسی بۆ ئەم چی دەگەیەنێ... چوزانن ڤیێرا چۆن لەو مێردەی خۆی دەڕوانێ؟ ئەگەر ئەوان بەر لە جەنگ، تۆزێ ، ئاگاداری ژیانی ئەم و ئەلکیسی دەبوون قەت پێشنیاری وا بێ جێیان دانەدەنا... هەقیانە... چما ئەوان ئاگایان لە چییە.

«پێویست بەوە ناکا چاوەڕێی بڕیاری من بن... بڕیاری من ئەوەیە کە دەیبەمەوە».

## ٥

ڕۆبێکی تایبەت بە خەستەخانەیان دا پێی... پێشیان وت کە تا پێی دەکرێ، لەبەردەم بریندارەکاندا، هێمن و لەسەرخۆ بێ. ڕۆبەکەی خستە سەرشان و کەوتە دوای پەرەستارەکە.

قەرەوێڵەکەی «ئەلکیسی» لە نهۆمی سێیەم بوو. ڤیێرا و پەرەستارەکە بەسەر پێپلیکەکاندا سەرکەوتن و پاشان کەوتنە نێو ڕاڕەوێکی دوورو درێژ کە دەت وت عومرێکە بە ناویدا گوزەر دەکەن و کەچی هەر کۆتایی نایە. لە بنەبانی ڕاڕەوەکەدا گەیشتنە بەر دەرگای ژمارە (50)... ژمارەکە بەخەتێکی ڕەش و گەورۆنە نووسرابوو... لەوێدا وەستان.

پەرەستارەکەش ژنێکی کەمدووی نە گەنج و نە پیر... قاڵبووی نێو سەدەها دیمەنی ئاوا پڕ لە تلانەوە و ئازار و مەینەتی مرۆڤ. بەڵام ئیمڕۆ، لە حاڵەتێکی ئاوادا، لە ناخەوەڕا خرۆشابوو. ویستی قسەیەکی ئەوتۆ بکا کە ڤیێرا دڵخۆش بێ و تۆزێ ئارام بێتەوە. وەلێ لەبری ئەوە زۆر ئاسایی و کارگوزارانە وتی:

«پێخەفی دووەم بە دەستە چەپدا...»

ئەمەی وت و دەرگاکەی لەسەر داخستن.

ڤیێرا چووە پێشەوە. تەنها سێ پێخەفی تیا بوو. یەکێکیان بەتاڵ. ئەوی تریان برینداریکی لەسەر ڕاکشابوو دەیناڵاند. وەلێ زەحمەت بوو بۆ ڤیێرا هەست بەوەیان بکا.

ڕاستەوخۆ ڕووەو ئەو پێخەفەی کەوتبووە قوژبنەکە ملی نا- دووەمیان بەدەستە چەپدا. لە بەردەمیدا زەلامێک لە ژێر بەتانییەکی خوریدا ڕاکشابوو. تەنها پشتی سەری بەدەرەوە بوو، قژێکی کورت، لەگەڵ تۆزێک لە پشتە ملە سپی و باریکەکەی کە قەت لەوە نەدەچوو هی پیاوێک بێ. بەڵام نەیتوانی دەم و چاوی ببینێ... چونکە ڕووی بەپەنجەرەکە و پشتی کردبووە ڤیرا. دیمەنی ئەو کەللەسەرە ئاساییە... وەلێ ئازار بەخش... کسپەی سۆزێکی لە دڵی ڤیرادا ئاگردا. زیاتر لە پێخەفەکە نزیک بۆوە... لەسەرخۆ بانگی کرد:

«ئەلیۆشا... ئەلیۆشا... ئازیزەکەم... ئەلیۆشا...»

کتوپڕ ترسێکی کوشندە زمانی گرت. ئەوە چییە... خۆ کابرای بریندار جووڵەیەکیشی بۆ نەکرد. دەرحاڵ تەمی گومانێکی جەرگبڕ بەری چاوی گرت. خۆ ئەم بەدەم ڕێگەوە هەموو ساتێکی بەیەک گەیشتنەکەی لەبەر چاواندا بەرجەستە ببوو- چۆن خۆی دەکا بە ژوورەکەدا و ئەلکیسی لەئامێز دەگرێ، ئەمیش چۆن باسکە باریکەکانی بۆ درێژ دەکا، ڕوخساریشی لە خۆشیانا دەدرەوشێتەوە، بەتەمای ئەوەش بوو گەلێ قسەی خۆش بە گوێیدا بچرپێنێ. بەڵام ئێستا... ئەوەتا لاڵ بووە و هیچی بۆ ناکرێ. هەروەک بڵێی هێزێکی نادیار هەردوو دەست و قاچەکانی بەستبێتەوە و چی قسەی شیرین و ناسک هەن لەبیری بردبێتەوە.

نا... هەرگیز ... نا... نابێ ئەوە ئەلکیسی بێ؟ نەخێر... ئەمە خۆی نییە. مەحاڵیش بوو کەسێک هەبێ و بتوانێ پێی بڵێ ئەمە کێیە- ئەم کەی ئەوەندە وردیلە بوو.... نەشدەوێرا سەیری ئەو شوێنە بکا کە دەبووایە هەردوو قاچەکانی لەژێردا بن... چونکە چاک دەیزانی کە هەردوو قاچەکانی بڕاون.

بێ دەستەڵاتانە سەیرێکی پەرەستارەکەی کرد. پەرەستارەکەش لە مەبەستی ڤیرا گەیشت و بەسەر بریندارەکەدا نووشتایەوە و دەمی بردە پەنا گوێی... بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد:

«ئەوە ئەم ئافرەتە هاتووە بۆ دیدەنیت...!»

پاشان ڕووی کردە ڤیرا و وتی:

«مێشکی ئەزیەتی پێ گەیشتووە. گەر هاوار نەکەی گوێی لێ نابێ...»

ڤیرا خۆی کۆکردەوە و تۆزێ هەستی غەریبی ئەوەلجاری لە خۆی داتەکاند، یان سەر لێ شێوان و شڵەژانە کتوپڕەکەی... لەو ورەبەردانەی خۆی تەریق بۆوە. لەبەردەم



نەخۆشەکەیدا کەوتە سەرچۆک و بەنەرمی هەردوو باسکی تێ وەرینا. بەدەنگێکی بەرز... بەڵام هێشتا ناسکانە لەگەڵیا کەوتە قسە:

«ئەلیۆشا... بە ساقە... ئەوە منم... ڤیرا....»

سۆز و بەزەیی و خۆشەویستییەکی بێ پایانی دایکانە هەست و نەستی ڤیرا-ی داگیر کرد، سات بەدوای ساتیش زیاتر تین و تاوی دەسەند... تا وای لێ کرد توند خۆی بەئەلکیسییەوە بنووسێنێ.

کابرای بریندار بە حاڵ خۆی جووڵاند هەروەک بڵێی خۆی لە دەستی دەرباز بکا. ڤیرا بەرزە پێ ڕاست بۆوە. کوا هەردوو باسکی؟ خۆ ئەوان باسی ئەوەیان نەکرد کە هەردوو باسکی پێوە نەماون...!

ئەمە قەت ئەو ئەلکیسییەی جاران نییە... کوا ئەو پیاوە بەهێزەی جاری جاران... تا بڵێی بە شان و شەوکەت...!

کابرای نەخۆش، زۆر لەسەرخۆ، سەری لەسەر سەرینەکە وەرسووڕاند و... ڤیرا ئەم ڕوخسارەی بە غەریب و نەناس هاتە بەرچاوان. دەم و چاوێک کە بەتەواوەتی ناشیرین ببوو... لێرەو لەوێ جێ برینی سوور و شین هەڵگەڕاو. لەگەڵ دوو قۆرتی قووڵ و تاریک لە جێی هەردوو چاوەکانی. جگە لە جۆگەیەکی سپی و درێژ کە لەم سەر تا ئەو سەری ڕوخساری چاڵ کردبوو،... کە پتر لە دەمامک دەچوو نەک دەم و چاو. ڤیرا خۆی بۆ نەگیرا... پڕ بە ژووەکە قیژاندی و بوورایەوە.

## ٦

ئێستا وا لە هەمان ئەو ژوورەی کە یەکەم جار پێی تێ خست. پەرەستارەکە سەری ڤیرای خستبووە نێو هەردوو لەپی و ڕای دەژەند، پزیشکەکە شووشەیەکی چکۆلەی لە کەپووی ڤیرا نزیک دەخستەوە بەو نیازەی کە بۆنەکەی هەڵمژێ. کابرای ئەستێرە بەشانیش لەوێ بوو. بەهەنگاوی گەورە بەژوورەکەدا دەهات و دەچوو، پەرۆشانە سەیری پەرەستارەکە و پزیشکەکەی دەکرد... پاشان سەیرێکی ڤیرای دەکرد کە تا ئەو حەلە لە ناو کورسییەکە پاڵی دابۆوە.

کاتێ هۆشی هاتەوە بەر و توانی قسە بکا کابرا لێی پرسی:

«چی دەڵێی... پەشیمان نەبوویتەوە...؟»

«نەخێر... هەر دەیبەمەوە. بەڵام پێم بڵێن چی بۆ بکەم تا مەینەتییەکەی کەم کەمەوە

و وا بکەم ژیانی لا تاڵ نەبێ...؟»

بەهێمنی دانیشت و چاوەڕێی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەکرد.

«کەس نازانێ... هەر ساتێ بێ لەوانەیە بمرێ، لەوانەشە چەندین ساڵی تر بەرگە بگرێ». پزیشکەکە ئەوەی وت و تێ هەڵچۆوە: «ئەم مێردەی تۆ کابرایەکی بەهێز و لەش ساغە... سەرەڕای ئەو هەموو برینە بە باسۆکانەش...»

«بەڵێ. ئەم هەمیشە وا بووە. هیچ دەردێکی بەخۆیەوە نەبینیوە». ڤێرا بەم وەڵامە هاتە قسە.

هەر لەو ژوورەدا ورد و درشتی کارەساتەکەیان بۆ ڤێرا گێڕایەوە... کە چی بەسەر هاتووە. تازە چ کەڵکی هەیە قسەی لێ بشارنەوە. تەنیا و جێماو لە گۆڕەپانێکی شەڕدا دۆزراوەتەوە... وا شێوا بوو کەس نەیدەناسییەوە، هەڵبەتە لوغمێک لەژێریدا بتەقێتەوە... دەبێ چی لێ بێ.؟ جگە لە مانەوەی لەنێو ئەو سەهۆڵبەندانەدا. هیچ بەڵگەنامەیەکیشی پێ نەمابوو. تەنها لە ڕێگەی نامەیەک کە بۆ ژنەکەی نووسیبووی ناسییانەوە... نامەکەشی لە گیرفانی سەر سینەی دۆزرایەوە... کە جوان تەقەتی کردبوو. لە نامەکەدا نووسیبووی کە گوایە بۆ ڕاپەڕاندنی فەرمانێکی گرنگ دەینێرن، بەئومێدیشە کە بەسەلامەتی بگەڕێتەوە، بەڵام ئەمە شەڕە و دەبێ بنیادەم چاوەڕێی هەموو شتێک بێ. جا بۆیە داوای لە هاوڕێکانی کرد کە ئەم دوا نامەیەی بنێرن بۆ ژنەکەی... بەمەرجێک گەر خۆی نەگەڕایەوە. گەر ئەو نامەیە نەبوایە ئەلکیسی دەخرایە نێو ئەو ناوانەی کە بێ سەروشوێن تیا چوون.

هەموو گیانی برین و هەلا هەلا بوو، کەس بەتەمای نەبوو... هەر ئێستا نا تۆزێکی تر دەمرێ. وەلێ بەپێچەوانەی هەموو ئەو شتانەوە هێدی هێدی دەهاتەوە سەرخۆی.

نامەکەیان دایە دەست ڤێرا. ئەمیش لاپەڕە بۆرەکانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ کرد، خۆیەتی... خەتێکی ورد و بەقەڵەمی ڕەساس... لە هەموو لایەکەوە پەراوێزەکانی پیس ببوون، بۆ ماوەیەکی درێژ لە نامەکە ڕاما هەروەک بڵێی لە ناوەڕۆکەکە حاڵی نەبووبێ... هەوە... دەست و خەتی خۆیەتی، بگرە قسەکانیش- قسە هەرە خۆش و شیرینەکانی کە هەمیشە پێ ڕاهاتبوو ئاوا بیدوێنێ. ئەمێستا گومانی لەوەدا نەما کە ئەم بریندارە «ئەلکیسی»یە.

خەریک بوو ڕێی ماڵەوەی لێ بزر بێ. کە گەیشتەوە... وەک هەموو جارێک «جێری» لە ناو دەرگاکە پێشوازی لێ کرد، بەڵام ڤێرا حەوسەڵەی ئەوەی نەبوو قەرزی ئەو پێشوازییەی بداتەوە. ئەو ڕووە سارد و مردووەی هیچی دیار نەدەدا وەک بڵێی لەبەرد



تاشرا بێ، هێواش و لەسەرخۆ بەنێو ماڵەکەدا دەهات و دەچوو، پاڵتۆکەی داکەند و فڕێی دایە سەر کورسییەکە. پاشان خۆی بەردایەوە سەر تەختەکە و دایە پڕمەی گریان. چی هێز و توانست هەبوو لە گیانیدا نەما.

ڕۆژی یەکشەممە ئەلکیسی هێنایەوە ماڵێ. زۆربەی کاربەدەستانی بیمارستانەکە- هەر لە پزیشک و برین پێچ تا دەگاتە پەرەستارەکان- هاتنە دەرەوە تا بەڕێیان بکەن. هەموو ئافرەتەکان سکیان بەڤێرا دەسووتا. سەرۆکی پزیشکەکان بەڕێزەوە تەوقەی لەگەڵ کرد و خواحافیزی لێ کرد، گەرچی ڕەسمییانە لێی ورد دەبۆوە... بەڵام بەدڵێکی پڕ لە سۆز و بەزەییەوە.

تەنها ڤێرا زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو. ئەوەی ڕووی دا کارەساتێکی جەرگبڕ بوو، هەڵبەت، وەلێ ئەمەی ئەو دەیکا هیچ قوربانییەکی تیانییە... مێردی خۆیەتی و دەیباتەوە... ئەمەیان ئەرکی سەرشانی خۆیەتی.

ڤێرا بیری لەوە کردەوە کە مادامەکێ پیاوێکی نەخۆش دێنێتەوە ماڵێ دەبێ سەگەکە ببەستێتەوە... واش بوو... هەرکە «جێری» ئەو خەڵکەی دی کەوتە مڕەمڕ و خۆ ڕاتەکاندن... بەو نیازەی بەرەڵڵا بێ.

هەر کە کارگوزار و خزمەتکارانی بیمارستانەکە ڤێرا و ئەلکیسییان بەجێ هێشت ئەم سەگەکەی ئازاد کرد، جێری-یش لمووزی لە زەوییەکە نزیک دەخستەوە و شوێن پێیانی بۆن دەکرد، ڕووەو لای پێخەفەکە جریتێکی بۆ کرد، کەوتە بۆن کردنی ئەو زەلامەی لەوێدا ڕاکشابوو. دواجار... لەبەر دەم پێخەفەکە وەرکەوت و سەری خستە نێوان هەردوو قاچی و غەمگینانە قروسکاندی.

راستی... ئەمیش هەست بە ئازار و ئەشکەنجە دەکا، ئەمیش دەرکی بەوە کردووە کە مەینەتییەک ڕووی لە ماڵەکە کردووە. ئەمجارەیان کە خانم گەڕایەوە، وەک جاران، کەیفساز نەبوو بەشانازییەوەش بەدەوری ماڵەکەدا خولی نەخواردەوە... جاران... جاران کە لمووزی بەرز دەکردەوە بەکلکیشی لە کاسە و کەوڵی نێو ماڵەکەی دەدا. تەواو... بەسەرچوو... هیچ سۆز و وەفایەکی بۆ ئەو کەسانەش نەماوە کە هەمیشە خۆشەویست و دڵارامیان بوو.

نەخێر... ئەمیش لەو کارەساتە گەیشتووە، نەگبەتییەک کە قابیلی ڕەت بوونەوە نییە، بێ خشپە لەپەوڕوو لەسەر زەوییەکە وەردەکەوێ و بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەو زەلامە بێ چرپە و جووڵەیەی سەر پێخەفەکە ڕادەمێنێ، پاشان سەیرێکی خانمەکەی دەکا هەروەک بڵێی بیەوێ لە شتێک بپرسێ. بۆ ڕۆژی یەکەم و دووەم سەگی تایان هیچی

نەخوارد. بۆ ماوەی چەندەها سەعات لەبەردەم پێخەفەکە وەردەکەوت و جووڵەی نەدەکرد هەروەک بڵێی چاوەڕێی ئەوە بێ ئەم پەککەوتەیە لەجێگەی خۆی ڕاست بێتەوە و بڕوات. لەوە دەچوو بەدرێژایی شەووڕۆژەکان بەتەمای ئەوە بێ لەم کارەساتە تێبگا و حاڵی بێ. لە سەرەتادا لە جێ چەقین و بێ دەنگی ئەو کابرایە «جێری» سەرسام کرد، بەڵام بەرە بەرە لێی ڕاهات و تەمی ئەو پرسیارەی لە چاوانیا نیشتبوو ڕەوییەوە.

## ٧

ئیتر لەوە بەدوا تا دەهات «جێری» بەڵەکتر دەبوو. پێستە لووس و ڕەش داگەڕاوەکەشی تووکی سپی و کورتی هەڵدەدا... هەر دەت وت گەردیلەی شووشەیە... ڕۆژ بەڕۆژیش پتر دەبوو سەرو قەپۆزیشی بەتایبەتی ئەو شوێنانەی دەوری لووت و دەمی لە هەموو پارچەیەکی لەشی بەڵەکتر ببوون.

ڕەفتاریشی بەتەواوی گۆڕا، بێ ئۆقرە و بێزەوەر و دڕ، جاران قەت شتی ناشیرینی لێ ڕوو نەدەدا. ئێستا «ڤیێرا» نەیدەوێرا بەرەڵلای دەرەوەی بکا... بەر لەوە چۆڕکێکی لە لمووزی دەبەست و ئینجا بەرەڵلای دەکرد. نەیدەهێشت وەک جارانیش منالآنی دراوسێ کلک و گوێچکەی ڕابکێشن، بەڵکو دژ بەو سوعبەتانە دەوەستا و دەستی دەکرد بەحەپە حەپ، ئەگەریش شتێکی تیا دەهێشتەوە... کەچی هەر دیار بوو کە سەغڵەتە.

کەمتر دەچووە دەرێ و زیاتر دەنووست، بەدرێژایی ڕۆژەکان لە تەنیشت پێخەفەکەی «ئەلکیسی» وەردەکەوت، بەچاوی نیمچە نووقاوەوە، بەکەمترین چرپە و خشپەی نێو پێخەفەکە ئەم ڕادەچەنی. بەڵام لە لایەکی ترەوە بەمەوو نەگۆڕابوو: هەروەک جاران لە هەمان ئان و ساتدا دەچووە بەر دەرگای حەوشەکە، هەرچەندە ئێستا کەسی وا لە ئارادا نییە کە چاوەڕێی بێ... وەلێ «ڤیێرا» ئەم خووەی لێ قەدەغە نەدەکرد.

«جێری» ببوو بەیاریدەدەرێک بۆ ئەو نەخۆشە. گەر ئەم لەنێو پێخەفەکەی خۆیدا جووڵەی بکردایە سەگی تایان بەغار بەرەو لای «ڤیێرا» ڕای دەکرد... توند بەدوای خۆیەوەی بەکێشی دەکرد.

«باشە گەر تۆ نەبوویتایە من چیم دەکرد»

«ڤیێرا» ئەمەی دەوت ڕەگی ملی بۆ دەخوراند، ڕەگی ڕەپ و ڕەقی پشتی ملی سەگێکی دانیمارکی... کە ئەمەش زیرەکی ئەو توخمە دەگەیەنێ. ڤیێرا سەری لە خۆی سووڕما بوو... ئەو هێزەی لە کوێوە هێنا بەرگەی ئەو مەرگەساتە بگرێ؟ ئەو کۆستە



گەورەیەی ئەو شەوە ترسناکە کە جەرگی بڕی چۆن وای لێ نەکرد کۆتایی بەژیانی بێنێ... ئەو شەوەی کە بۆ یەکەم جار ئەلکیسی بینی...؟

راستی «ڤیێرا» خۆی ئافرەتێکی بەستەزمان بوو. ئەم وا ڕاهاتبوو پشت بەئەلکیسی ببەستێ، لە هەموو شتێکدا ئەم داڵدەی بدا و لە پەنای بێ. ئەم لەوە دڵنیا بوو کە ئەگەر پێویستی پێ بێ ئەوە ئەلکیسی هەیە و دڵسۆزترین هاوڕێیەتی. بەڵام ئێستا ئەو تاکە داڵدە و پەنایەش نەما. ئەمێستا دەبێ ئەو چاودێری ئەم بکا، هەر ئەویش بۆتە تاکە پشت و پەنایەکی... هەم باوکە و هەم دایکە و هەم دایەن... گەرچی ڕۆژێک لە ڕۆژان گلەیی لە بەختی خۆی نەدەکرد.

راستە بەرداشی جەنگ دڵی ئەمی هەنجن هەنجن کرد و هەموو ژیانیشی ژێرەو ژوور کرد، بەڵام هەرگیز نەیتوانی ئەو ڕۆحە زیندووەی بمرێنێ. سەرەتا لە میانەی مانگی یەکەمی دوور کەوتنەوەی ئەلکیسی هەموو ڕۆژێک چینێک دەگریا... بەڵام ئەمێستا پێی ئەستەمە چاوانی تەڕ بن.

تەواوێ هێمن و لەسەرخۆیە... دانی بەخۆیدا گرتووە و ئازایانە بەڕووی ئەو کۆستە وەستاوە، بەکورت و کرمانجی، ئێستا ڤیێرا ژنێکی دیکەیە... ژن... نەک گەمە. هێز و ورەیەکی ئەوتۆی لەخۆدا بەدی کرد کە هەرگیز خەونی پێوە نەدەبینی.

وەک دایکێکی دڵازا و لەخۆ بورد کە هەمیشە دڵێکی لای منالە ساواکەی بێ... ئەو منالەی شەوانە خەراپ دەنوێ... ڤیێرا وەک ئەو دایکە بەئاگا و هەمیشە چاوێکی لە ئەلکیسی بوو. هەندێ جار بەدەست خۆی نەبوو تەمی نائومێدییەک بەری چاوانی دەگرت، ئاخر زۆر جێی داخە لەبەر چاوانتا بلێیسەی ژینی مرۆڤێک دامرکێتەوە، چەندەها شەوی بەسەر برد بێ ئەوەی خەو بچێتە چاوانییەوە، لە پای سەرییەوە دادەنیشت و دەستی لەملی وەردێنا، لەژێر پێستییەوە هەستی بەترپە و لێدانی دەمارەکانی دەکرد... ئای لەو دەزووە باریکەی ئەمی بەژیان و ڤیێرا بەستبۆوە.

ئەم ئێشکگرتن و چاودێرییە کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو... قەت بەخەیاڵیدا نەدەهات ئەوەندە ماندوو بێ... وەلێ ئەم هی ئەوە نییە هەرەس بێنێ و بەیداغی سپی هەڵکا... نەخێر... هەرگیز...!

بێگومان ئەوانەی لەنێو دۆزەخی ئەو شەڕەدا دەجەنگان دەبێ هەروەک (ڤیێرا) ئارام و ئازا و دڵسۆز بووبن... ئاخۆ دەبێ هەموو ئەشکەنجە و ئازاری ڤیێرا چی بێ لەچاو ئەو ئازارەی ئەلکیسی چەشتوویەتی...! ئێستا ئەم وەک تەنها زاتێک ناڕوانێتە ئەلکیسی، بەڵکو وەک نموونە و نوێنەری هەزارەها، ملیۆنەها گەنجی وەک ئەو دڵگەرم و زیندوو،

قیت و قۆز، خۆشەویستی دایک و باوک و ژن و دەستگیران- کەچی پاشان خۆیان کردە قۆچی قوربانی و ئەو دڵە گەرمەیان کەوتە ژێر بەرداشی ئەو شەڕە لەعنەتییە.

وێڕای ئەو هەموو بەزمەش ئەمەیان کۆستێکی گەلێ گەورە بوو.

سەرەتا حاڵی نەخۆشەکە بەرەو باشتر دەچوو، بەڵام دیسانەوە تێک چۆوە، نەک تەنها وەک جەستە... بەڵکو عەقڵیش. کە ڤێرا قسەی بۆ دەکرد... تائهوو... ئەم لە دونیایەکی تر بوو.

ئەی «جێری؟»... وازی لەم خووەی خۆی نەدەهێنا: هەمیشە لە هەمان ئان و ساتی جاران کە پێی ڕاهاتبوو دەچووە بەر دەرگای حەوشەکە... گەرچی ئێستا ئەلکیسی گەڕاوەتەوە، ئەم بەزمە دڵی ڤێرای پڕ دەکرد لە ژان. ئەم بۆ وا دەکا لە کاتێکدا کەس نەماوە چاوەڕێی بکا...؟ هەندێ جار دەکەوتە سەر لەپ... ئەوەش پیشەی هەموو سەگێکە گەر شتێکی مەبەست بێ، هەردوو قاچی لەژێر خۆیدا دەنووشتاندەوە و سەریشی دەخستە سەر هەردوو قاچی پێشەوە، پاشان بۆ ماوەیەکی درێژ سەیری خانمەکەی دەکرد هەروەک بڵێی بیەوێ شتێک بڵێ.

ئەلکیسی هەمیشە قسەیەکی هەبوو دووبارەی دەکردەوە: «سەگ هەمیشە مانای ڕاستەقینەی خۆشەویستیت پێ دەبەخشێ». زۆر جاریش حەزی دەکرد چیرۆکی ئەو سەگەی بۆ بگێڕێتەوە کە لەتەک گۆڕی ساحێبەکەی وەرکەوتووە و نەجووڵاوە تاوەکو مردووە. «ڤێرا» گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە هەرچییەکی لەدەست دێ بۆ ئەو نەخۆشە بیڕەخسێنێ مادامەکێ کڵپەی ژیانی تیا ماوە.

دەستە خوشکەکانی بەسۆز و بەزەیییەوە پێیان دەوت:

«بەڕاستی... تۆ پاڵەوانیت...!»

«بەڵام من چی ترم لە دەست دێ...؟» ئەوەیان تەنها وەڵامێکی بوو... چونکە ئەم زۆر ئاسایی بەخەیاڵیدا نەدەهات ئاخۆ چی تریشی پێ دەکرێ.

بەڵام هەندێ جار کە ئافرەتە جحێڵەکانی دەدی، قۆڵ لە قۆڵ، لەگەڵ مێردەکانیان پیاسەیان دەکرد، بەدەست خۆی نەبوو کسپەی خەم و نائومێدییەک لە ناخەوە دڵی ئاگر دەدا. تەنها «جێری» شایەتی حاڵی ئەم ساتە جەرگبڕانە بوو. ئا لەم حاڵەتانەدا ڤێرا دەچووە بەر ئاوێنەکە و لە خۆی ڕادەما. چەند گۆڕاوە... ئای کە پیر و پەرپووت بووە...! لە دڵی خۆیدا دەی وت: ئەوە قەت من نیم... دەبێ ئەوە کەسێکی دیکە بێ- کاتێکیش تەمی نائومێدییەکە لەسەر چاوانی دەڕەوییەوە سەرزەنشتی خۆی دەکرد کە ئەوەندە



ترسنۆک و لاواز و بێ ورەیە... غیرەتی دەدایە بەرخۆی تاوەکو بتوانێ ئاگای لە نەخۆشەکەی بێ.

بەڵام هەندێ جار، لە خەیاڵی خۆیدا، هەموو ئەو شتانەی بەدرۆ دەخستەوە، گوایە ئەو کەسەی لەنێو پێخەفەکەدا کەوتووە ئەلکیسی نییە و کەسێکی دیکەیە، کەسێکی نەناسە و بەهەڵە هێناویانەتە ماڵەکەی ئەمان، مایەی مەزاق و پێکەنینیشە دوای ئەو هەموو مەرگەساتە خەیاڵی وا بکاتەوە... خەیاڵی ئەوەی کە دەشێ ئەلکیسی سپ و ساغ بێ، وەلێ ئەم جۆرە خەون و خەیاڵە هەتوانێک بوو... هەتوانێکی سیحری بۆ ڕۆحی بەئازاری ڤێرا و کە نەیدەتوانی دەستبەرداری بێ. لەم ساتانەدا ئامادە بوو بڕوا بەوە بێنێ کە دەشێ لە کونجێکا، دوور لێرە، ئەلکیسی-یەکی دیکە سپ و ساغ و زیندوو بێ... هەروەک جاری جاران. وەلێ کتوپڕ خشپەیەک، نووزەیەک، سووکە جووڵەیەک لەنێو پێخەفەکەوە وای لە «جێری» کرد غاربدا و لمووز لە ڤێرا هەڵسوێ تا بێت فریای کابرای نەخۆش بکەوێ. ئا بەم جۆرە لە خەیاڵە خۆشەکەی دادەبڕا و دەگەڕایەوە نێو دونیای ڕاستەقینەی خۆی.

کە مانگی «گەلاوێژ» هات... خۆشترین مانگ لەکن «ئەلکیسی». ئا لەو ڕۆژە کپ و خۆشانەدا ڤێرا بەتەواوی پەست و نیگەران بوو. چونکە هەموو ساڵێ لەو ڕۆژانەدا ئەلکیسی حەزی دەکرد بچێتە پیاسەی دەشت و دەر. لەو کاتەی ئەوان هەردوو دەستیان لەناو دەستی یەک دەنا «جێری» بەنێو درەختەکاندا دەکەوتە سەرگەرمی جریت بازی، بەیەکەوە بێدەنگ و هێمن پیاسەیان دەکرد و لەتەک سووکە قرچەی شکانی گەڵا وەریوەکانی بەرپێیان. هیچ کامیان ورتەی لێوە نەدەهات... کەچی زۆر جوان لە یەکتری تێدەگەیشتن.

کتوپڕ «جێری» کە تا ئەو حەلە لەسەر زەوییەکە وەرکەوتبوو، هەستایەوە سەر چوار پەلان و گوێی قوت کرد، ڕووەو لای پەنجەرەکە تاوی دا و دەستی بەوەڕین کرد، پاشان ڕووەو لای دەرگاکە... بە جڕنووق هاروشێتانە پیا هەڵگەڕا... بەتوندی چەپۆکێکی پیا کێشا و دەرگا کرایەوە... جریتێکی بۆ کرد و بەپێبلیکەکاندا هەڵدەبەزییەوە. «ڤێرا»ش تەقەی دەرگای حەوشەکەی هاتە بەرگوێ. دیسانەوە سەگەکە دەنگی لێ هەڵبڕی و حەپە حەپەکەی زیاتر بوو. سەگەکە بەوپەڕی خۆشییەوە لەتەک ساحێبەکەی هەڵدەبەزییەوە. مەسەلە چییە...؟ ترپەی پێیەک لە ناو داڵانەکەوە دەگەیشتە بەرگوێی ڤێرا، پاشان هەستی پێ کرد یەکێک بەغار بەسەر پێبلیکەکاندا ڕادەکا و ڕووەو ژووری سەرەوە دێ... نزیک و نزیکتر دەبۆوە. ئا لەم ساتەدا هەر ئەوەندەی پێ دەکرا بداتە پرمەی

گریان: «ئەوە کێیە...؟»

کە دەرگا کرایەوە، غەڵبەغەڵبێکی پتر دەهاتە بەرگوێی، بەئاستەم دەنگی زەلامێکیش هاتە بەرگوێی. پاشان ئاگای لە هیچ نەما و ڕووەو ناو هەیوانەکە تاوی دا.... ویستی قسە بکا، بەڵام وشەکان لەسەر لێوانی هەڵوەرین، لەبەر دەرگاکە، سپ و ساغ و زیندوو، خۆی بوو... ئەلکیسی وەک ڕم وەستابوو. هەگبە قورسەکەی سەرشانی فڕێ دا و هەوڵی دا سەگەکە لە خۆی دوور خاتەوە...سەگی تاین شێت و هار ببوو، جانتایەک لەسەر زەوی ڕاڕەوەکە کەوتبوو... یەکێکی دیکەش لە ناو دەرگا نیمچە کراوەکەوە دیاربوو.

ڤێرا لەوە ترسا شێت بێ... ئەوە چی ڕوو دەدا...؟ ئەوە خەونە یا ڕاستی... تۆ بڵێی چاوی ڕەشکەو پێشکە نەکات؟ دیارە کە مەسەلەکە هەڵەیەکی تیایە: کەواتە زەلامەکەی دیکە ئەلکیسی نییە، بەڵکو کەسێکی دیکەیە، کە دەرکی بەم حەقیقەتە کرد دایە پڕمەی گریان... گریانی خۆشی... بەدەم گریانەوە ڕووەو باوەشی ئەلکیسی غاری دا. سەری خستە سەر سینگی و سێ ڕیز فرمێسکی دەباراند... وەلێ فرمێسکی ئاسوودەگی، ئەلکیسی-یش زۆر بەنەرمی پەنجەکانی بەنێو قژی ژنەکەیدا دەهێنا.

«بەسە ڤێرا... بەس... بەقوربان هێمن بەرەوە... ئەوە نییە گەڕاومەتەوە... ئیتر بۆ دەگری...؟»

بەڵام نەخێر... ڤێرا خۆی بۆ نەدەگیرا. لەم هەڵوێستەدا چ ئافرەتێک دەتوانێ فرمێسکەکانی ڕابگرێ...؟

ئەی «جێری»...؟

لەبەردەم خاوەنەکەیدا هەڵدەستایە سەر هەردوو پاشووان، هەردوو چەپۆکی دەخستە سەر شانەکانی و بەزمان دەم و چاوی دەلستەوە، پاشان بەدەوری هەردووکیاندا دەخولایەوە، خۆی لێ دەخشاندن... کلکی وا ڕەپ کردبوو دەت وت دارە، لە هیکە و خێرا دەیلەقاند... وا بەتوندی کە ئەوەندەی نەدەما ساتمەی لێ بکەن و بەر ببنەوە.

ئەلکیسی بەسەرسامییەوە سەیری سەگەکەی کرد و وتی:

«ها هاوڕێ دێرینەکەم... ئەوە چییە گەڕیش بوویت...؟»

«هەمیشە چاوەڕێت بوو...؟»

«ئەی تۆ...؟»

لەبری وەڵامدانەوە زیاتر ئەلکیسی بەخۆیەوە گوشی. بگرە چاوەکانی «جێری»یش



هەمان ڕازیان دەدرکاند... دەیانخواست لەو چاوەڕوانییە بدوێن...! ئەمێستا «ڤێرا» تێگەیشت بۆ سەگی تاین هەموو ڕۆژێک وا بەمرۆەتەوە بەر دەرگاکەی بەرنەدەدا. دیارە کە دەیزانی ئەلکیسی هێشتا ماوە. ئەم پێویستی بەهیچ نامە و پێناسەیەک نەبوو تا پێی بڵێن زەلامەکەی تر ئەلکیسی نییە... ئەم هەمیشە چاوەڕێی دەکرد... بێ ئەوەی بێزار بێ.

ئەلکیسی زۆر برسییانە چاوێکی بەدەوروبەری خۆیدا گێڕا، هەموو ئەو شتانەی کە پێیان ئاشنا بوو... دەیویست لە هەموو شتەکان دڵنیا بێ. کتوپڕ دەم و چاوی تێک ترشا... ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد. یەکەم جار زەرد هەڵگەڕا... پاشان خوێنی تووڕەیی ڕوخساری ئاڵ کرد. چاوی بەپاڵتۆیەک کەوت کە لە پشت دەرگاکەوە بەسنگێکەوە هەڵواسرابوو. بۆ ساتێ لێی ورد بۆوە، نەیدەتوانی لەوە حاڵی بێ چۆن پاڵتۆی سەربازێک گەیشتۆتە ماڵەکەی... پاڵتۆیەکی هەلا هەلاو کون تێدا... لەگەڵ چەند نیشانەیەک بەسەر هەردوو شانییەوە. خەیاڵێکی زۆر ناخۆش بەمێشکیدا گوزەری کرد.

«ئەوە چییە...؟» بەدەنگێکی غەریبەوە ئەمەی پرسی و «ڤێرا»ش بەسەرسامییەوە سەیری دەکرد.

«پاڵتۆیە...!»

«دەیبینم. بەڵام چۆن گەیشتە ئێرە...؟ پێویست ناکا وەڵامم بدەیتەوە... خۆم حاڵی بووم... تەواو».

«ئەلیۆشا...!»

«جێری»یش لە دەنگ و شێوەی قسەکردنیان ترسا و سڵەمییەوە یەکێکیان پەست و تووڕە و دەمارگرژ، ئەوی دیکەیان پەریشانی ئەوەیە تێ بگا. جێری لە ڕاکەراکە و خۆ خولاندنەوە کەوت، هات و لە نێوان هەردووکیان وەستا، تاوێ سەیری ئەلکیسی دەکرد و تاوێکیش ڤێرا هەروەک بڵێی بپرسێ:

«ئەوە ئێوە چیتانە ماڵ خەراپینە؟ بۆ بەشەڕ دێن لە کاتێکا کە دەبێ شاد و ئاسوودە بن...؟»

پاشان ئەلکیسی توانی تۆزێ دان بەخۆیدا بگرێ. زەرد و ڕەنگ پەڕیو ڕووی لە ژنەکەی وەرگێڕا، دەستی دایەوە ئەو هەگبەیەی کە پێنج دەقیقە لەمەوبەر لەسەر زەوییەکە فڕێی دا بەو خەیاڵەی کە جارێکی دیکە ئیشی پێی نەبێتەوە.

«ئەلکیسی... ئەوە چ خێرتە...؟»

«نامەوێ بەزۆر بێمە ژوورەوە».

ئەلکیسی دەیویست بڕوات، بەڵام «جێری» لەبەردەمیدا وەستا و ڕێی لێ گرت، چاوی بڕیبووە چاوی ساحێبەکەی، لێی نەدەگەڕا هەنگاو بنێ.

«ئەلکیسی... تۆ پێویستە گوێم لێ بگریت».

«من پێویستم بەوە نییە گوێ لە هیچ بگرم... خۆم لە هەموو شتێک گەیشتم».

«نەخێر... دەبێ گوێ بگریت».

سەرەتا لەوێ دانیشت ، ڕووی گرژی لە «ڤێرا» وەرگێڕا، ئامادە بوو لە هەرکاتێ بێ ماڵەکە بەجێ بێڵێ، بەڵام هێدی هێدی هێور بۆوە و گرژی و مۆنییەکە بەری دا، بەدڵ گوێی لێ گرت، دەیویست وشە بەوشە لە قسەکانی ژنەکەی حاڵی بێ. ئێستا چاوی لە ڤێرا نەدەترووکاند. دیسانەوە بۆوە بەکوڕە کۆنەکەی جاران... ئەلکیسی بەدڵ و دەروون... ئەلکیسی بەسۆز و میهرەبان کە هەمیشە دڵی لەگەڵ ناڵە و هاواری کەسانی دیکەدا لە خورپە و ڕاچەنیندا بوو... لە هەموو شتێکیش دەگەیشت. ڤێرا چیرۆکەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە تا گەیشتە ئەو شوێنەی کە چۆن کابرای ئیفلیج و پەککەوتەکەی هێنایەوە ماڵێ و چۆن چاودێری کرد... ئەوسا ئەلکیسی بەپەرۆشەوە لێی پرسی:

«باشە تۆ وات هەست کرد کە ئەو زەلامە منم ئەوت لە جێی من دانا...؟»

«هەڵبەتە وام کرد»

«باشە تا ئەبەد خزمەتت دەکرد».

«هەڵبەت» بەسادەیی وەڵامی دایەوە.

ئەلکیسی لەسەر کورسییەکەی قەڵەمبازێکی دا.

«ڤێرا... تۆ نازانی چ ئیشێکی گەورەت کردووە...

سوپاس، سوپاس بۆ تۆ... بەناوی ئەو و بەناوی هەموومانەوە سوپاست دەکەین...!»

بەپەلە قسەی دەکرد. ئەم وشانەی دووبارە دەکردەوە و دەستەکانی ماچ دەکرد.

«ئەلکیسی... بەقوربان ئەوە چیتە...؟ هێمن بەرەوە».

«من تاوانبارام... نەک تۆ». ئەلکیسی ئەمەی وت و دیسانەوە دەستی ژنەکەی ماچ کردەوە، دەستە وردیلەکانی... ئەو دەستانەی ئەرک و پێکەوەنانی ژیان گرژی کردبوون.

ئەلکیسی سەری هەڵبڕی و سەیرێکی کرد.



«بەڵام ئێستا...؟» پرسیارەکەی تەواو نەکرد، بەڵام ڤێرا تێی گەیشت... زانی دەیەوێ چی بڵێ... لەوە دەچوو چاوەڕێی ئەم پرسیارە بێ.

«با لەگەڵ ئێمە بژی...»

«بەو ئومێدە بووم کە ئەم قسەیە بکەی». ئەلکیسی ئەمەی وت و هەناسەیەکی حەوانەوەی هەڵکێشا.

«با بچینە لای و سەرێکی لێ بدەین».

کابرای نەخۆش لەنێو پێخەفەکەی ڕاکشابوو... ڕوو بەڕووی دیوارەکە. ڤێرا بەسەریدا نووشتایەوە و سەری بردە پەنا گوێی... لەسەرخۆ پێی وت: «ئەلیۆشا... مێردەکەم گەڕایەوە...! بەڵام نەکەی پێی سەغڵەت بیت.... خۆشەویستەکەم....»

پاشان ڕاما و هەستی بەغەفڵەتی خۆی کرد... قسەکەی هەڵگێڕایەوە.

«بە ڕاستی نابێ خۆت سەغڵەت بکەی... هاوڕێ شیرینەکەم. لێرە دەمێنیتەوە و لەگەڵمانا دەژیت. لێ ناگەڕێین جگە لە خۆمان کەس خزمەتت بکا... تێ دەگەی؟»

ئەلکیسی-یش هاتە تەک نەخۆشەکە. ویستی بەسەر دوودڵی و ڕاڕاییدا زاڵ بێ... بەڵام نەیتوانی و بەسەر ڕوویەوە دیار بوو. لەوە دەچوو کابرای پەککەوتە لە هەموو شتێک گەیشتبێ. بەحاڵ خۆی بۆجووڵاند، بە ئاستەمیش سەری وەرسووڕاند.

«دەقیقەیەک توو خوا...!» ئەلکیسی بەهاوارێکەوە ئەمەی وت: «تۆ وتت نامەیەکی منتان لای ئەم دۆزییەوە...؟ کوا با بیبینم....»

«وایە... ئەوەتا خۆیەتی...» ئەلکیسی لەژێر لێوەوە ئەمەی وت و چاویشی بەنامەکەدا دەخشاند. «دەقاو دەق... خۆیەتی».

«ئەلکیسی چێردنسێڤ... هاوڕێکەم. من و ئەو، ئەوسا، بەیەکەوە بووین.، زوو زوو نامەمان دەگۆڕییەوە... بەو نیازەی کە ئەگەر یەکێکمان کوژرا- ئەوەی دیکەمان بتوانێ کەسوکاری هاوڕێکەی ئاگادارکاتەوە. بەڵام من بەختی خۆم نەپێکرام. ئاە... چ هاوڕێییەکی مەزن بوو».

لەبەردەمی کابرای بریندار کەوتە سەرچۆک و بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد:

«ئەلیۆشا... ئەلکیسی چێردنسێڤ گوێت لەدەنگمە؟ من ئەلکیسی-م... ئەلکیسی باتورن... من و تۆ بەیەکەوە بووین... بیرتە...؟»

کابرای نەخۆش بەحاڵ سەری بۆ لەقاند... نیشانەی ئەوەی کە حاڵی بوو.

«چاکە...! بیرتە من و تۆ بڕیارمان دا کە دوای جەنگ یەکدی ببینینەوە...؟ ئەوەتا

بەیەک گەیشتینەوە. ئێستا تۆ لە ماڵەکەی مندای. دەتوانین بەیەکەوە بژین ... تێم دەگەی...؟»

بەڵام کابرای نەخۆش جووڵەی بۆ نەکرد... مەحاڵیش بوو بزانن ئاخۆ گوێی لەو قسانە بووە یان نا. ڤێرا و ئەلکیسی بۆ چەند دەقیقەیەک لەتەک نەخۆشەکەدا مانەوە و پاشان هەردووکیان هەڵسان و لە دەوری مێزەکە دانیشتن. دیسانەوە ئەلکیسی هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ ڤێرا گێڕایەوە کە چۆن ئەم و ئەلکیسی چێرنسێڤ-ی هاوڕێی دووچاری ئەو مەینەتییە بوون: گوایە هەردووکیان کەوتوونەتە پشت سەربازەکانی ئەڵمانیا بەر لەوەی سوپای ئەمان بتوانێ هێرشەکەی خۆی ڕێک خاتەوە، پاشان چۆن کەوتوونەتە نێو کەمینی تیپە ئێشکگرەکانی دوژمن و دوای تەقە و بەرگریکردنێکی کەم خایەن یەکترییان لێ ون بووە. ئەلکیسی ئاگای لە خۆی نامێنێ و بەدیل دەگیرێ... تەنها دوای تێکشکانی ئەڵمانییەکان ئازاد دەکرێ. هەڵبەتە بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەبەری ڕۆژئاوادا بووە... بۆیە نەیتوانیوە هیچ هەواڵ و دەنگوباسێکی خۆی بەکەس بگەیەنێ. بەدرێژایی ماوەی گێڕانەوەی چیرۆکەکە «جێری» بەرامبەر «ئەلکیسی» دانیشتبوو بێ ئەوەی چاوی لێ بترووکێنێ. ڤێرا پڕ بەهەردوو چاوی لە مێردەکەی ڕادەما و هەروەک بڵێی بڕوا بەچاوانی خۆی نەکات کە ئەمە مێردەکەیەتی و گەڕاوەتەوە.

## ٨

«ڤێرا» تۆزێ ئاوی گەرم کرد، ئەلکیسی خۆی شۆری و ڕیشی تاشی. پاشان بەپەلە قاوەڵتی بەیانی ئامادە کرد و بەیەکەوە دانیشتن و کەوتنە چا خواردنەوە. بەڕادەیەک تامەزرۆی یەکدی بوون کە کابرای پەککەوتەیان بیر چووبۆوە. پاشان گوێیان لە دەنگە دەنگێک بوو. جێری بوو لمووزی لە دەم و چاوی کابرا نزیک خستبۆوە و مرخەمرخی بوو... هەردوو لەپی پێشەوەشی خستبووە پێخەفەکەی.

ڤێرا هاواری کرد: «ئەوە خەریکی چیت جێری...؟»

ئەمەی وت و ڕاستەوخۆ ڕووەو لای نەخۆشەکە ملی نا... هەروەکو هەموو جارێک. ئەلکیسی-یش لەسەر مێزەکە هەستا.

جێری قەڵەمبازێکی دا و لەسەر پێخەفەکە هاتە خوارێ. لەو ساتەدا نەخۆشەکە لە شوێنی خۆی جووڵا وەک بیەوێ هەستێتەوە و لەسەر پێخەفەکە دابنیشێ. لێوە زەرد و ڕەنگ پەڕیوەکانی لەرزین... قرخەیەکی کپ و خنکاوی بۆ کرد.



ڤێرا بەپەلە وتی: «دەیەوێ لەسەر پێخەفەکە دابنیشێ».

بەهەردووکیان نەخۆشەکەیان بەرز کردەوە و بالیفێکیان خستە بەرپشتی. هێشتا لێوەکانی دەلەرزین.

ئەلکیسی بەچرپەوە وتی: «مەبەستیەتی قسەیەک بکا».

ڤێرا-ش بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد: ئەلیۆشا... قسە بکە... ئێمە گوێمان بۆ گرتووی».

نەخۆشەکە سەرێکی لەقاند.

ڤێرا بەخۆشییەوە چریکاندی: «گوێی لێمانە...!»

«کوا ... بێ دەنگ...» ئەلکیسی قسەکەی بەڤێرا بڕی، نەخۆشەکە زۆر لەسەرخۆ... بەڵام ڕوون و ئاشکرا تێ هەڵچۆوە: «سوپاس... سوپاس بۆ ئێوە... بە دایکم... بەدایکم بڵێن». هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا- «کە ئێوە لێ نەگەڕان بمرم...» ویستی زیاتر قسە بکا، بەڵام لەوە دەچوو ماندوو بووبێ، دەمی داخست و چیتر دەنگی لێوە نەهات.

کتوپڕ لە تەوقی سەرییەوە تا کەڵەمووستی پێی گرژبوو... ئەو گرژ بوونە ڕوخساری شێواند و ناشیرینی کرد. دەمی کرایەوە وەک ئەوەی بیەوێ هەوایەکی زۆرتر هەڵمژێ. پاشان سەری بەسەر سینەیدا شۆڕ بۆوە، بەدرێژایی پێخەفەکەش قاچی لێ ڕاکێشا.

«هەموو شتێک تەواو». ئەلکیسی بەخەمەوە ئەمەی وت: «تەواو... چیتر ئازار ناچێژێ. ماڵئاوا. ئەی هاوڕێ سەربازەکەم».

ڤێراش بەهێمنی فرمێسکی دەباراند.

جێری-یش هات و لە نزیکیانەوە وەستا... تووکی بەروپشتی ملی بژ بۆوە. سەری بەرز کردەوە و پڕ بەخانووەکە سەدای لوورەیەکی درێژ و غەمهێن بەرز بۆوە.

***

# پرته پرتکەر

## چیرۆکنووسی هیندی: ڤی. ئار. نارلا

ئیمرۆ وەڕس و بێ باک دەتبینم... سەیرە، نازانم تۆ بۆ وات لێ هاتووە؟ خۆ نەمدی دەست بۆ خواردنەکە ببەیت، لای تۆ وایە ژەمی ئیمرۆ ئێوارەم هەر بەتەنها بۆ خۆمە؟ خۆ کەسێکیش بیەوێ خۆی لە برسانا بکوژێ هەر وەکو تۆ دەکا...

خۆ دەتوانی پێم بڵێی حەز لە چی دەکەی تا بتوانم ئامادەی بکەم، دە جارێکیش لە جاران خۆت برۆ بازاڕ و شت بکڕە، قاوە لەسەر قاوە فڕ دەکەیت و ژەمی شێوانت فەرامۆش دەکەی... ئەوە تۆ ئازاری پێ ناخۆیت؟ خۆ ئەو ڕۆژە باپیرمت بینی- پێم بڵێ... تۆ لەو باوەڕەدای تەمەنی هەشتا ساڵ بێ؟!

ئەوەتا... بەردەوام خۆت لەژێر ئەو هەموو ڕۆژنامەیەدا ناشتووە، خۆ هەرگیز کاتی ئەوەت نەماوە لەگەڵما دابنیشی و دوو ڕاز و گلەیی بگۆڕینەوە، دەی توخوا... دەبا کەمێ ئەم شتانە بەلاوە بنێین ، بەم ڕۆژگارە ئەوەندە چاوەڕێت دەکەم تا هەردوو پاژنەم سڕ دەبن، چاوەڕێی جەنابتم تا دەگەڕێیتەوە، کەچی تۆش هەمیشە درەنگ دێیتەوە، سەرم سوڕماوە و لەخۆم دەپرسم چی وات لێ دەکا تا سەعات دە نەیەیتەوە، بێگومانم لەوەی کە لەم ماڵە چوویتە دەرێ بۆ تاکە جارێکیش منت بەخەیاڵدا نایە، ئەو کچە بەستەزمانەشت پەرۆشی هاتنەوەت بوو حەزی دەکرد زوو بێیتەوە، تاوێک پێش ئێستا چوو بنوێ، بەڵێنی هەندێک حەڵوات پێ دابوو؟ مناڵە ساواکەشمان زۆر گەرم داهاتووە، ئەوە خۆ من هەر چەنە لێدەدەم و کەچی تۆش نقە ناکەی، هەر دەڵێی نە(با )ت دیوە و نە باران...

کابرا ... خوێندنەوەی بەردەوام چاوت کز دەکا ، دەرەوەش مانگەشەوە و شنەبایەکی فێنک و ختوکەدار هەڵی کردووە، دە وەرە با لە دەرێ دابنیشین، گەلێ خۆش و دڵگیرە، هەتا مناڵەکەش شاگەشکە بوو بەوەی مانگی لە چواردەی بینی، داوای لێ کردم شیعرێک بنووسم، بەڵام ئاخ ... من و شیعریان نەوتووە، بوەستە... دەقیقەیەکم پێ ناچێ... هەر ئێستا دێمەوە، شیرەکەم خستۆتە سەر زۆپاکە... حەز لە کوپە شیرێک ناکەی؟ ئۆف ... خوایە... گیان... دیسانەوە چۆوە گژ کتێبەکانی ، خۆ تۆ کاتێکی زۆرت بەدەستەوەیە، ناتوانیت تەنها دەقیقەیەک بۆ من تەرخان بکەیت... یان لەگەڵما بدوێی، تۆ بەوە تاوانبارم دەکەیت کە من سەرت لێ دەشێوێنم، کەچی جەنابت بەدرێژایی ئەو



ڕۆژگارە لەگەڵ هاوڕێکانتا لە قاقا و پێکەنیندان... سەیرم پێ دێ... هیچم نەوتووە و کەچی تۆ لەگەڵما شەڕانی و بەدخوویت، چاوەڕێم تا لە دایەرە دێیتەوە خشپەیەک لە دەرەوە بێ من ڕووەو دەرگای حەوشەکە غار دەدەم، هەتا مناڵەکانیشت کە بەم حاڵەوە دەمبینن پێم ڕادەبوێرن...

* تێناگەم تۆ بۆ وا سەغڵەت دەبیت... کە من دەتدوێنم بۆ سەغڵەت دەبیت، چاک دەزانم کە من ئافرەتێکی نەخوێندەوارم، جا بۆیە هیچ مەسەلەیەک شک نابەی لەگەڵما باسی بکەی، بێ بەختی خۆمە کە دایک و باوکم نەیان هێشت بخوێنم و لەم دونیایە تێبگەم، تۆش بەمن دەڵێی کات بەسەر نەچووە... کەچی زۆر زوو لێم بێزار دەبیت و یەکسەر هەڵدەچیت کاتێ هەڵەیەک...... من گێل و وێڵم ها... تۆ وام پێ دەڵێی، بەڵێ ڕاست دەکەی، کەواتە هەر لە بەر ئەوەیە کە من لای تۆ هیچ بایەخێکم نییە، هەرچی بقەومێ بەتریقەیەک ڕاوی دەنێی، هەموو شتێک لای تۆ ئاساییە... سەیرکە چۆن بتوانم فێری شتێک بم کە دایکی دوو مناڵ بم...

جگە لەو هەموو ئەرک و ئیشەی ناوماڵیش، خۆ پاش نیوەڕۆیەک نەمتوانیوە سەرخەوێک بشکێنم، ئەم مناڵانە بەچوار دەورمدا لە غارەغار و قاووقیژ و شەڕ ناکەون، خۆ شەوانیش خۆت ئاگات لێیە کە ئەم مناڵەی تۆ ناهێڵێ چاوم بچێتە خەو، دەزانم... دەزانم هەرچی بیڵێم لای جەنابت سەرئێشەیە، تۆ بەتەنها ئاگات لە ڕۆژنامە و کتێبەکانی خۆتە، بەڵام لای من ماڵ و مناڵەکانم هەموو شتێکن، تەنها ساڵی یەکەمی شووکردنم ئاگات لێم بوو، زۆر باش لەیادمە، دوایی وای لێ هات قێز و بێز لە من بکەیتەوە بەڵام نا... مەسەلەکە لەوەدایە من خۆم تۆم خۆش دەوێ... تۆ هەموو کەسێکی منیت، چەندە خۆشحاڵم کە گوێم لە قسەیەکی پڕسۆزی تۆ دەبێ، ئەو ڕۆژەی دوو ڕاز و گلەیی بگۆڕینەوە لە خۆشیانا باڵ دەگرم... کەچی من سەرم سوڕماوە، زۆر سەیرە... تۆ بۆ ئەوەندە وەڕس و بێزار دەبیت کە لەگەڵتا دادەنیشم.

پێی ناوێ ئێرە جێ بێڵیت و لە من ڕابکەی، حەز ناکەم لێرە و لەوێ بسووڕێیتەوە تا هەردوو قاچت دێنە ئێش، چاکە... خۆ تۆ دەتزانی من ئافرەتێکی نەخوێندەوارم، کلۆڵم، سەربەستیش بووی لەوەی منت نەوێ، خۆ بۆت دەکرا لەگەڵ ئەو کچەی لە دانیشگا هاوڕێت بوو ژیانێکی تەڕ و خۆشتر بەسەر بەریت، بەردەوامیش بەئینگلیزی قسە لەگەڵ یەکدی بکەن، ئیتر بەسە و لە وزەما نەما... ئەم هەڕەشە و گوڕەشەیە ببڕێتەوە، تا ئێرە و بەس، نازانم ئەو ئافرەتە چی بوو خۆی گەیاندە ئێرە، لەوانەیە بەیادی کۆنە پەیوەندییەکی نێوان خۆتان هاتبێ، بەهەرحاڵ... من ئەو زۆروەڕی و

چەنەچەنەم لە چییە... بەڵام تۆ وات لە من کرد وەک کارەکەرێک بچمە بەردەمی و لەسەر پێ بوەستم و دانەنیشم... بەمنت وت: «کچێکی چاکە و لە دانیشگا بەیەکەوە بووین، ئێستاش وەک پشکێنەری قوتابخانە هاتۆتە ئێرە و... کۆمەڵێ شتی تر......»

ئەم ئافرەتە بەرەڵڵایە، زۆریش بەرەڵڵایە، عفریتێکی ڕەشە، هەر کەسێک دەستی ئەو ئافرەتە بکەوێ هەقی خۆیەتی بەقوڕەسوور خۆی پاک بکاتەوە، دەشێ لای تۆ، بەخۆ و بەدەم و چاوی بۆیاغ کراوی، شتێکی جوان بێ، ئاگام لێتە... کە چاک و چۆنیت لەگەڵ دەکا کوڵێ دەگەشێیتەوە، شاگەشکە دەبیت، پیاو هەقە دابڕزێ و شەرم لە خۆی بکاتەوە کە بەدەم نوکتەی وا بێ مانا و قوڕ لەگەڵ ئافرەتێکی بێگانەدا پێدەکەنێ، کتێب و گۆڤار گۆڕینەوە، کێ بەکێیە، کێ ئاگای لێیەتی؟ ڕەنگە نامەش بگۆڕنەوە، زۆر چاکە... جا تۆ بۆ دوودڵی؟ هەر ئێستا دەتوانی بیهێنیت و لە ماڵەکەدا بیحەوێنیتەوە...!

بۆ پێ لە زەوی دەکوتی؟ دەتوانیت تێم هەڵدەی، هەر بەشەق بمکەیتە دەرەوە، ئەوسا ئازاد و سەربەست دەبیت، تۆ دەڵێی، تۆ دەڵێی: ئەو ئافرەتە ژیانێکی پڕ لە مەینەتی بەسەر دەبا. ئای لە سۆز و بەزەیی تۆ...! دەشێ پیرێکی گونجاوبن و ماڵێکی ڕێکوپێک بەیەکەوە نێن، پێم ناڵێی چی ڕێی لێ گرتوون ببن بەژن و مێرد؟

زۆر لەمێژە دەیگرمە دڵ، ئیتر تەواو... بەسە، تۆ بۆ خزمەتی ناو ماڵ منت دەوێ... چونکە نەخوێندەوارم، بەڵام نامەوێ چی تر کەس بەسووک و کەم عەقڵم بزانێ ، نەهاتوومەتە ئێرەش بۆ پارچە نانێک... لە ماڵی باوکیشم کولانەیەک هەر هەبووە تیایدا بسرەوم، ڕۆژێ تێنەپەڕیوە من چاو بەفرمێسک نەبم، سێ مانگە ئەوە پیشەمە... لەوەتەی ئەو سۆزانییە هاتۆتە ئێرە، نەخێر، ناتوانم بۆ من ناکرێ ... بەڵام ئەی منداڵەکانم... نازانم چی لەوان بکەم؟

بەڵێ... بەڵێ... دەزانم ڕۆژێک خۆت لەم دۆزەخە ڕزگار دەکەی، لەم دۆزەخەی تۆ ناوت ناوە: سەرفراز دەبیت، بەڵێ ئاگام لێیە... حەز لە کۆش و باوەشی گەرمی ئەو ژنە دەکەی... ئەو قەحپە بێ مروەتە...!

ئەیەڕۆ... خۆ ئەو پیاوە لێی دا و ڕۆیشت... منی جێ هێشت، ڕەنگە هەر ئێستا بچێتە کن ئەو ئافرەتە، ئای لە خۆم بێ بەختێ، ئەو ماوە دوورودرێژە لەگەڵ ئەو بەسەردەبا، ئەگینا بۆ هەموو ڕۆژێک درەنگ دەگەڕێتەوە، لەکن ئەو ژنە بێ شەرمەیە، ئەم پیاوەی من هەقە تەریق بێتەوە... ئاخر بڵێ بۆ بەشەقاوی ڕۆژهەڵاتدا دەڕۆی: خۆ ماڵی ئەو ژنە وەک پێیان وتم: کەوتۆتە کۆتایی شەقامی ڕۆژئاوا... ئەها... دەیەوێ فێڵم



لێ بکا پێچاوپێچ دوو سێ شەقامی تر دەبڕێ و بەڕێگەیەکی دیکەدا پێچ دەکاتەوە، دەبێ ئێستا گەیشتبێتە ئەوێ، بەڵام، نەخێر... کوا بزانم... ئەگەر درۆ نەکەم و بیرم بێتەوە: پەیامبەرەکەیان پێی وتم: بەئیشێک ڕۆیشتۆتەوە و دوو هەفتەی دیکە نایەتەوە، ئۆف خوایەکە، زۆرم ئازار دا، گاڵتەم پێکرد... بەخۆڕایی تانە و تەشەرم تێ گرت، ئەوەی نەدەویست ، بەم شەوی تۆف و بارانە وەدەرم نا، نا خوایەکە... خەریکە نم نم دەبارێ، لەوانەیە باران تەڕی کا، لەوانەیە سەرمای بێ و تووشی هەڵامەت بێ، ئێستا چی بکەم... من چی بکەم...؟

پار بوو... ئا... کە نەیتوانی گوێ لە تیر و توانجەکانم بگرێ، لە ماڵ دەرپەڕی... کە بۆ بەیانی دواتر گەڕایەوە ماڵێ... هەموو لەشی کەوتبووە سەر ئاو و ئاگر، تووشی گرانەتایەکی کوشندە ببوو...!

ئۆف، ئەوە خۆ دەلەرزم... دیسانەوە بەزمەکەم نایەوە، ئای لە خۆم چارەڕەش و بێ بەختێ... ئای لە خۆمێ، سەر بەگۆبەندێ...!

..........................................................

ڤی. ئار. نارلا: (ڤینگارتیسوارا ڕائۆ نارلا.) ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگ و دیارە، توانی ڕۆژنامەگەری –Telugu– تا ئاستێکی جیهانی سەرخات، لەپاڵ ئەوەشدا... نووسەرێکی گەورەی شانۆشە و ئەندامی پەرلەمانە و سەرنووسەری «ئاندهارا جیوتی»یە. کە ئەویشیان ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە.

لە کتێبی:

Modern Telugu Short Stories, V. PATANJALI, A. MURALLDHAR
AN Anthology
Jaico Publishing House, 125 Mahatma Gandhi Road
Bombay- 1

# کوشتنی فیلێک[1]

## جۆرج ئۆروێل

له (مۆلماین)[2]دا که دەکەوێتە (بورما)[3]ی باشوور خەڵکێکی زۆر قینی لێم بوو- یەکەم جاریش بوو لە هەموو ژیانما ئەوەندە گەورە و پایەداربم... بەڕادەیەک ببمە مایەی ڕق و کینەی خەڵکی و کەیفیان بەچارەم نەیەت. ئا لەو شارەدا ئەفسەرێکی بچووک و کەم دەستەڵاتی پۆلیس بووم، خەڵکی ئەو ناوچەیە وەک دوژمنی باوک کوشتە سەیری ئاوروپاییەکانیان دەکرد...بێ ئامانجانە ددانیان لێ دەکرۆشتین. کەس نەیدەوێرا ئاژاوە بنێتەوە، بەڵام ئەگەر ئافرەتێکی ئەوروپیی بەتەنیا بچووبایە بازاڕ: ڕەنگە ئەوسا یەکێک لەوان(-ئاوی بیتڵ-ی)[4] ناو دەمی خۆی تف دەکردەوە سەر کراسی ئەو ئافرەتە. من وەک ئەفسەرێک ببوومە مایەی تیر و توانجی هەموویان، لەهەر کات و شوێنێکدا- بیان زانیبا دوورن لە مەترسی - تەواو سەغڵەتیان دەکردم. ئەگەر لەگۆڕەپانی فتبۆڵێندا یاریم بکردایە یەکێ لە (بورما)ییبە شەیتان و سووکەڵەکان پێی دەخستە بەر پێم و پاشقولی لێ دەگرتم تا بەربیمەوە، ناوبژیکەری گەمەکەش کە- بورمایی- بوو خۆی غەشیم دەکرد و سەیری لایەکی دیکەی دەکرد، خەڵکەکەش بەدەنگێکی بەرز و زۆر بەناشیرینییەوە قاقا پێدەکەنین. نە جارێک و نەدوو... ئەم بەزمە زۆر جار دووبارە دەبۆوە. دوا بەدوای ئەوە وای لێ هاتبوو مێشکم بتەقێ... بەتایبەتی کە دەم و چاوی زەردباوی ئەو گەنجە گاڵتەجاڕانەم دەبینی، یان کە دەیان زانی دەستم نایان گاتێ بەهات و هاوار و هۆی هاوە گاڵتەیان پێ دەکردم... ئەم جۆرە ڕابواردنە تەواو سەغڵەتی کردبووم. قەشە -بووذی-یە گەنجەکان لە هەمووان خەراپتربوون، بەهەزارانیان لەو شارەدا دەژیان و لەوە دەچوو هەموو بێ کار و ئیش بن؛ تەنها ئەوە نەبێ لەسەر سووچی جادەکان بوەستن و گاڵتە بەئەوروپییەکان بکەن.

هەموو ئەم شتانە سەرسام و بێزاری کردبووم. چونکە هەر ئەوسا گەیشتبوومە ئەو ڕاستییەی کە ئیمپریالیزم شتێکی یەکجار پیس و گڵاوە و چاکترین چارەسەر ئەوەیە زۆر زوو واز لەو کارە بێنم و خۆم ڕزگار بکەم. هەڵبەتە من لەژێرەوە لەگەڵ خەڵکانی - بورما- بووم و دژی -بریتانیا-ییبە چەوسێنەرەکان بووم.

ئەوەندە قینم لەو پیشەیەی خۆم دەبۆوە... بەڕادەیەک کە هەرگیز بۆم وەسف ناکرێ. ئەم جۆرە کار و پیشەیەش وات لێ دەکا لە نزیکەوە پۆخڵەوات و پیسیی



ئیمپراتۆرییەتی بریتانی- بەچاوی خۆت ببینیت. دیمەنی بەندییە مات و مەلوولەکان کە خزابوونە نێو قەفەزی پیس و بۆگەن کردووی بەندیخانەکان، دەم وچاوی پڕ ترس و خەمی ئەو تاوانبارانەی بۆ ماوەیەکی درێژ بەندکرابوون، هەروەها لا ڕان و سمتی شین و مۆر هەڵگەڕاوی ژێر شوولک و حەیزەرانی جەڵدەکراوەکان... ئەمانە هەمووی وایان لێ کردم تا ئەوپەڕی هەست بەتاوان و گوناه بکەم. بەڵام ئەوسا ئەوەندە ئاگام لە دونیا نەبوو... ئەوەندە وریا و زرنگ نەبووم، ئەوسا هەر گەنج و نەفام بووم، دەبووایە بەبێدەنگی بیر لە خەم و گرفتەکانم بکەمەوە... ئەو بێدەنگییەی ڕۆژهەڵات بەسەر هەموو ئینگلیزێکدا سەپاندبووی. تا ئەو ڕادەیە نەفام بووم کە نەمدەزانی - ئیمپراتۆرییەتی بریتانیا- خەریکە لەناو بچێ، لەوەش نەفامتر بووم... وام دەزانی ئیمپراتۆرییەتی بریتانی گەلێ مەزنترە لەو ئیمپراتۆرییەتە تازە و ساوایانەی لە دوای خۆیەوە دێن و دروست دەبن. من هەر ئەوەندەم دەزانی کە کەوتوومەتە نێوان بەردی دوو بەرداشەوە: لەلایەکەوە ڕقم لەو ئیمپراتۆرییەتە بوو کە خۆم خزمەتگوزاری بووم، لەلایەکی دیکەوە لەو دڕندە بچکۆڵ و شەڕانییانە پەست بووم کە وایان لێ کردبووم چیتر نەتوانم لەسەر ئەو کار و پیشەیەم بەردەوام بم. لەو ماوەیەدا بەشێکی زۆری بیر و هۆشم لای فەرمانڕەوایی- بریتانیا- بوو... لای ئەو ستەم و بێ دادییەی کە لەوە دەچوو کۆتایی نەیەت و بنبڕ نەکرێ. ئەو ستەمەی، وەچە بەدوای وەچەدا، ببووە مێردەزمە و دەستی نابووە بینە قاقای ئەو خەڵکە بێ دەستەڵات و داماو ژێردەستەیە، لەلایەکی دیکەوە وای بۆ دەچووم کەوا ئەوپەڕی خۆشی دونیا ئەوە بێت قەمەیەک لە ورگی قەشەیەکی- بووذی- ڕابکەم.

ئەم جۆرە بیر و بۆچوونانەش ئەنجامێکی سروشتی ئاسایی سیستمی ئیمپریالیزمن، بۆ ڕاستی ئەم قسەیە: دەتوانین لە هەر فەرمانبەرێکی ئینگلیزی- هیندی بپرسیت... بەمەرجێک لە دەرەوەی ئەو شوێنە بێت کە تیایدا فەرمانبەرە.

ڕۆژێکیان کارەساتێک ڕووی دا... ئەو کارەساتە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەربینایی منی ڕۆشن کردەوە و خستمییە سەر ڕێگەیەکی ڕاست، خۆی لەخۆیدا ... ڕووداوێکی سادە و هاکەزایی بوو، بەڵام وای کرد زۆر ئاشکرا و ڕوونتر شارەزای سروشتی ڕاستەقینەی ئیمپریالیزم بم... کە پێشتر وا بە جوانی شارەزای نەببووم- وای لێ کردم ئاگاداری نیاز و بۆچوونەکانی ئەو سیستمە چەوسێنەر و خوێن مژە بم.

بەیانییەکیان زوو... لەوبەری شارەوە یارمەتیدەری پشکێنەر لە(سەرا)وە بەتەلەفۆن ئاگاداری کردمەوە و وتی: «فیلێک بەبازاڕەکەدا بەڕەڵڵا بووە و دونیای وێران کردووە». داوای لێ کردم فریا کەوم و چارەیەک بدۆزمەوە،سەرەتا نەمدەزانی چی

بکەم... بەڵام دوایی سواری ماینێک بووم تا بەچاوی خۆم ببینم چی ڕووی داوە... ڕووەو شوێنی ڕووداوەکە ملم نا، تفەنگە کۆنەکەی خۆم برد کە بابەتەکەی-ونجستەرێکی(44) بوو ... زۆریش لەوە بچووکتر و بێ کەڵکتر بوو کە فیلێکی پێ بکوژرێ، وەلێ لە دڵی خۆمدا وتم: بەتەنها زرمەی تەقینەوەکەی بەسە بۆ ئەوەی فیلەکە بترسێ و بڕەوێتەوە. چەندەها کەس لە بورماییەکان سەر ڕێگەیان لێ گرتم و چیرۆکی بەزم و هەرای فیلەکەیان بۆ گێڕامەوە. هەڵبەتە فیلەکەش کێوی نەبوو، یەکێ بوو لەو فیلە ماڵی کراوانەی (کەوی) کە لەپڕ شێت و هار و بەلەسە دەبن، جا لەبەر ئەوە بەسترابۆوە، بەڵام ئەوە بوو شەوی پێشووتر هەرچی پەتک و قەوچ و قەراسە هەبوون، پساندبووی... خۆی لەو بەندیخانەیە ئازاد کردبوو. لەم حاڵەتەشدا تەنها خاوەنەکەی دەیتوانی بەسەریدا زاڵ بێ و هێوری کاتەوە، کەچی ئەمیش بەدوای فیلەکەیدا دەگەڕا و بۆ ئەم مەبەستەش بەرەو لایەکی تری ڕێی لێ هەڵە ببوو... لەو ساتەی بانگی منیان کرد کابرای خاوەن فیل لەم گەڕان و سووڕانەدا ماوەی دوانزە سەعاتەڕێ لە فیلەکە دوور کەوتبۆوە، بۆ بەیانییەکەی، فیلی کەلەکەوێت، کتوپڕ لە شار وەدەرکەوتەوە، خەڵکانی- بورما- هەموو بێ چەک بوون... بۆیە هیچیان بۆ نەدەکرا و بەرامبەر بەو کارەساتە دەستەوەستان بوون.

هەر ئەوسا کوختی لە حەیزەران دروستکراوی، کابرایەکی تێکوپێک دا، مانگایەکیشی کوشت، خۆی کرد بەناو چەندەها دوکانی میوەجات و هەرچی بکەوتبایە بەر لمووز هەڵی دەلووشی، هەروەها بێتەوە... لە ڕێگا ڕووبەروو لەگەڵ لۆری- زبڵ-ی شارەوانی تووشی یەکدی دەبن، کابرای شۆفێر خۆی هەڵدەدا و تا پێی تێدایە ڕادەکا... فیلەکەش ناکاتە نامەردی لۆرییەکە وەردەگێڕێ و لەچەند لایەکەوە زەرەری پێ دەگەیەنێ.

یاریدەدەری پشکێنەری-بورما- و چەند پۆلیسێکی هیندی لەو گەڕەکە چاوەڕێی منیان دەکرد کە فیلەکەیان تێدا دیبوو. گەڕەکەکەش تا بڵێی پەڕپووت و بێ نموود بوو، چەندەها کوختی پەڕپووتی لە حەیزەران دروستکراو لێرە و لەوێ بەبان لێژایی گردێکەوە پەرت و بڵاو ببوونەوە. سەری کوختەکانیش بە گەڵا و لقی دارخورماکان گیرابوون... بیرمە یەکێ بوو لەو بەیانییانەی پیاو دڵی تێدا دەگوشرا و ئاسمانیش بەهەور و هێڵ بوو ... تازە سەرەتای وەرزی باران بارین بوو. کەوتینە سۆراغ و پرسین... لەو خەڵکەمان دەپرسی ئاخۆ فیلەکە بۆ کام لا ملی ناوە، وەکو هەموو جارێک ، هیچمان دەست نەکەوت کەڵکی لێ ببینین. هەمیشە لە -ڕۆژهەڵات- مەسەلەکە وا دەکەوێتەوە: لە دوورەوە چیرۆکەکە زۆر ئاشکرا و ڕوونە، بەڵام تا پتر لە شوێنی کارەساتەکە نزیکتر



بیتەوە ئەوەندە پتر چیرۆکەکە تێکەڵ و پێکەڵ و پڕنهێنی دەبێ . هەندێ لەو خەڵکە دەیان وت: فیلەکە ئا لێرەوە ڕۆیشت... هەندێکی دیکە دەیان وت: نەخێر... لێرەوە نا... لەو لاوە ڕۆیشت... هەندێکی دیکە وتیان: ئێمە گوێمان لە شتی وانەبووە... فیلی چی؟ ئەوەندەی نەما بوو بگەمە ئەو قەناعەتەی کە هەرچییەکی دەڵێن، درۆیە، لەو کاتەدا لە نزیکەوە گوێمان لە هات و هاوارێک بوو، هاوارێکی بەرز و پڕ ترس. بەدەم هاوارەوە دەی وت: «منالینە دوور بکەونەوە - هەر ئێستا بڕۆن و لێرە نەمێننەوە!» پیرەژنێک ، بەخۆ و بەدارێکەوە، لە تەنیشت یەکێ لەکوختەکانەوە بەدیارکەوت، کۆمەڵێ منالی دابووە پێش خۆی و چەندەها ئافرەتیش بەدوایەوە کەوتبوونە قاو و قیژ و ملچەی زبانیان دەگەیشتە بەرگوێ، دیار بوو شتێکی وا قەومابوو کە ناکرێ منالان بیبینن. بەچوار دەوری کوختەکەدا گەڕام و لاشەی بێ گیانی کابرایەکم دی لەناو قوڕ و لیتاوەکە کەوتبوو. حەماڵێکی هیندی ڕووت و ڕەش پێستێکی -دراڤیدی- بوو، لەوە دەچوو تۆزێ لەمەوبەر گیانی دەرچووبێ. خەڵکەکە وتیان: فیلەکە زۆر کتوپڕ لە قوژبنێکی کوختەکەوە پەلاماری دابوو، بەلمووز بەرزی کردبۆوە و پاشان پێی خستبووە سەر پشتی و لەگەڵ زەوییەکە تەختی کردبوو... بگرە پانی کردبۆوە.

ئەو کاتەش وەرزی باران بوو، زەوییەکەش تەواو نەرم ببۆوە، دەم و چاوی کابرا، یەک پێ، بەزەوییەکەدا ڕۆچووبوو، بەدرێژایی دوو یاردەش کردبووی بەچاڵێکی گەورۆنە، کەوتبووە سەر سک و هەردوو باسکیشی، وەک خاچ، لێک ترازابوون و سەریشی، زۆر بەرکەوە، بەلایەکدا سووڕا بوو... دەم و چاویشی نقوومی قوڕ و چڵپاو بوو، چاوەکانی زەق ، ددانەکانیشی بەئازارێکی زۆرەوە دەرپەڕیبوون... ئازارێک کە کەس بەرگەی ناگرێ.

«بەم بۆنەیەوە... تکاتان لێ دەکەم پێم مەڵێن: ڕووی مردووەکان هەمیشە نقومی ئارام و هێمنییە، زۆربەی ئەو لاشانەی من دیومن زۆر شەیتانانە هاتوونەتە بەرچاوم» . کاتێ پێی ئەو دڕندە زەبەللاحە دەکەوێتە سەر پشتی کابرای هیندی. پێستەکەی وا دادەماڵرێ هەروەک بڵێی کەروێشک بێ و کەسێک زۆر بەئاسانی پێستەکەی لێ داماڵیبێ. هەر کە کابرای مردووم دی پۆلیسێکم نارده ماڵی برادەرێکی نزیک تا تفەنگێکی فیل کوشتنم بۆ بهێنێ ، ماینەکەشم ناردەوە تەویلەکەی ، لەوە ترسام بۆنی فیلەکە بکا و بتۆقێ و بەرم بداتەوە.

دوای چەند چرکەیەک پۆلیسەکە بەخۆ و بەتفەنگ و پێنج گوللەوە گەڕایەوە، هەر لەو ساتەدا چەند-بورما-ییەک هاتن و وتیان فیلەکە وا لە دامێنی گردەکە و لەنێو مەرەزەی برنجەکانە، مەرەزەکەش تەنها سەد یاردەیەک لێمانەوە دوور بوو. هەر کە هەنگاوم نا

سەرتاپای خەڵکی گەڕەک لە کوختەکانەوە هاتنە دەرێ و کەوتنە دوام ، کە تفەنگەکەیان دی کەوتنە هات و هاوار و تەواوێک هەڵچوو بوون بەوەی من بەرەو لای فیلەکە دەچم و تەقەی لێ دەکەم. سەرەتا ، کە فیلەکە کوختەکانی تێکوپێک دا، ئەوەندە بەلایانەوە گرنگ نەبوو... بەڵام ئێستا مەسەلەکە بەتەواوی گۆڕا و فیلەکە خەریکە بکوژرێ. ئەوەش بۆ ئەوان دەبێتە مایەی خۆشی و گاڵتە و بەزم. هەروەها بۆ ئینگلیزەکانیش هەر هەمان تامی لێ دەبینن، وێڕای ئەوەش... ئەو خەڵکە پێویستی بەگۆشتی فیلەکە هەبوو. ئەم هەموو بەزمە، بەشێوەیەکی نادیار، سەغڵەت ونائارامی کردم. من نیازم نەبوو فیلەکە گوللە باران بکەم- من تەنها بۆ ئەوە ناردم تفەنگەکەم بۆ بێ تا بتوانم بەرگری لە خۆم بکەم ئەگەر پێویست بوو- لەوە ناخۆشتر نییە تۆ بەڕێوە بیت و خەڵکێکی زۆرت بەدواوە بێ . بەشانی گردەکەدا غل بوومەوە و وام هەست دەکرد زۆر گێل و دەبەنگ بم، تفەنگەکەم خستبووە سەر شان و یەک ئۆردییە خەڵکیش لەدوامەوە یەکدییان دەشێلا و هەتا دەهات زیادیش دەبوون.

لە خوارەوەش... لەو پێ دەشتەدا، لە دووری کوختەکانەوە: ڕێگەیەکی قیرتاوکراو دەهاتە بەردەمت،پاشان بەپانتایی هەزار یاردە مەرەزەی قوڕاوی برنجت دەدی، بارانی یەکەم تێر ئاوی کردبوو، لێرە و لەوێش گیا و گوڵی بیژۆک بڵاو ببۆوە. فیلەکە، لە دووری هەشت یاردە لە ڕێگاکەوە، قیت وەستا بوو، لاتەنیشتی چەپی لە ئێمە کردبوو، تۆزقاڵێک بەنزیک بوونەوەی قەڵەباڵغییەکە خۆی سەغڵەت نەکرد. پڕ بەقەپی گیای هەڵدەکێشا و دەیکوتا بەئەژنۆی خۆی تا پاک بێتەوە... پاشان چڵێسانە هەڵی دەلووشی.

لەسەر ڕێگاکە وەستام. هەر کە فیلەکەم دی لەوە دڵنیا بووم کە نابێ تەقەی لێ بکەم. شتێکی ترسناکە تەقە لە فیلێک بکەی کە بەکەڵکی کارو ئیشی خەڵکی بێ، وەکو ئەوە وایە ئامێرێکی گەورە و زۆر بەبایەخ تێک بشکێنیت – هەڵبەتە تا بۆمان بکرێ نابێ گوناهی وا بکەین. لەو دوورەوە کە وا بەهێمنی و لەسەرخۆ گیای دەخوارد... هەستت دەکرد لە مانگایەک ترسناکتر نییە. ئەوسا و بگرە ئێستاش وای بۆ دەچم کە هەڵچوون و بەلەسەبوونەکەی تا دەهات کەمتر دەبۆوە و نەدەما؛ لەم حاڵەتەدا بێ ئەوەی زەرەر بەکەس بگەیەنێ لەو ناوە دەلەوەڕا تا خاوەنەکەی دەهات و دەیگرتەوە. وێڕای ئەوەش... من بەهیچ شێوەیەک بەتەما نەبووم بیکوژم. بڕیارم دا بۆ ماوەیەکی کەم چاودێری بکەم و دڵنیابم لەوەی کە جارێکی تر خۆی شێت ناکا و بەلەسە نابێ... پاشان بچمەوە کاولەکەی خۆمان.

بەڵام لەم ساتەدا ئاوڕێکم لەو حەشاماتە دایەوە کە کەوتبوونە دوام. خەڵکێکی



یەکجار زۆر... بەلایەنی کەم دووهەزار کەس دەبوون، لەهەر چرکەیەکیشدا ژمارەیان زیادی دەکرد... تا چاویش بڕ دەکا بەهەردوو بەری ڕێگاکەدا ڕێچکەیان بەستبوو. سەیرێکی دەریای هەزارەها دەم و چاوی زەردم کرد کە لەسەر ئەو جلە ڕەنگاوڕەنگانەی مەلەی دەکرد... ڕەنگی زۆر زەق -ئەم دەم و چاوانەی خۆشییان لێ دەباری... خۆشی ئەم بەزم و گاڵتەجاڕییە و دڵنیا بوون لەوەی کە دوای قەیرێکی تر فیلەکە گوللەباران دەکرێ.

سەیریان دەکردم وەک ئەوەی سەیری سیحربازێک بکەن کە خەریکی فڕوفێڵی یەکێ لە سیحرەکانی بێ. منیان خۆش نەدەویست، بەڵام بەخۆ و بەو تفەنگە سیحراوییەوە ئەوەی دەهێنا چاوم لێ نەترووکێنن. کەچی وێڕای ئەو هەموو بەزم و ڕەزمەش کتوپڕ هەستم بەوە کرد کە دەبێ تەقە لە فیلەکە بکەم و بیکوژم. خەڵکەکەش چاوەڕێی هەمان شتی دەکرد و دەبووایە منیش نائومێدیان نەکەم. لە یەک ساتدا دوو هەزار ختوورە و ئارەزوو لەناوەوە پاڵی پێوە دەنام بچمە پێشەوە... بەڕادەیەک نەمدەتوانی پاشگەز ببمەوە. ئا لەم ساتەدا، کە وەستا بووم و تفەنگەکە لەنێوان دەستما بوو، بۆ یەکەم جار لە ژیانما، هەستم بەبۆشی و بەتاڵی و بێ خێری و هیچی دەسەڵاتدارییەتی پیاوی سپی پێست کرد لە ڕۆژهەڵاتدا. ئەوەتا لەوێ وەستا بووم، من... پیاوێکی سپی پێست و تفەنگەکەی ، لەبەردەم خەڵکێکی زۆری شارەکە کە هەمووی بێ چەک و دەست بەتاڵ وەستا بوون- بەم شێوەیە لە پاڵەوانی سەرەکی شانۆگەرییەک دەچووم، بەڵام لە ڕاستیدا من تەنها یارییەکی منالانە، بووکە شووشەیەکی هیچ و عەنتیکە بووم و بەویستی ئەو هەزارەها دەم و چاوە زەردەی دوامەوە دەچوومە پێش و دەهاتمە دواوە. ئا لەم ساتەدا گەیشتمە ئەو قەناعەتەی بڵێم: کە پیاوی سپی پێست دەبێ بە زۆردار و خاوەن دەسەڵات... بەم شێوەیە سەربەستی خۆی لەناو دەبا و دەیسڕێتەوە، دەبێ بەبووکە سەماکەرەیەکی هیچ و بێ مانا، بەخۆیەوە دەنازێ ، دەبێ بەوێنەیەکی تەڵخ و ناشیرینی گەورەکەی ، ئەو گەورەیەی وەک ئیمپریالیستێک خۆی سەپاندووە. چونکە یەکێ لە مەرجەکانی دەسەڵاتدارییەتی ئەوەیە کە بە بەردەوامی بتوانێ کار لە دانیشتوانی شار و وڵاتە داگیرکراوەکان بکا، بۆیە دەبێ لە هەموو نەگبەتی و کارەساتێکا بەپێی بۆچوون و ڕوانینی ئەو هاووڵاتیانە ڕەفتار بکا و نابێ نائومێدیان بکا، دەبێ دێوجامە (رووپۆش) لەسەر نێ، دەمو چاویشی پڕ بەو دێوجامەیە قاڵب دەگرێ. دەبووایە ئەو فیلە بکوژم. هەر لەو ساتەوە کە ناردم تفەنگەکەم بۆ بێ... ئەم بڕیارەم دا. چونکە سپی پێستی دەستەڵاتدار -ساحێب- دەبێ وەک دەستەڵاتدارێک ڕەفتار بکا، دەبێ ڕاڕا و دوودڵ نەبێ... بزانێ چی گەرەکە و لەسەر چی بڕیار دەدا. منێک کەئەو هەموو ڕێگە

دوورەم بڕیبێ، بەخۆم و بەتفەنگەوە، دوو هەزار کەسیش بەدوامەوە، بەو بێ هێزییەوە قاچەکانم بەدوای خۆمەوە ڕاکێشابێ، کەچی ئێستاش هەروا بوەستم و جووڵە نەکەم- نەخێر، ئەوەیان هەرگیز ناشێ، ئاخر ئەوسا ئەو هەموو خەڵکە پێم پێدەکەنن، هەموو ژیانی منیش ... بگرە هەمـــوو ژیانی پیـــاوی ســـپی پێـــست لە ڕۆژهەڵاتدا: هەوڵ و کێشەیەکی بەردەوام بووە تا نەبێتە مایەی مەزاق و پێکەنین و گاڵتەپێکردن.

من نەمدەویست تەقە لە فیلەکە بکەم، لێی ورد بوومەوە... قامکە گیای بەئەژنۆیدا دەکوتا ، تەنها ئاگای لە دونیای خۆی بوو، چووبووە ژیری و سەرقاڵیی پێوە دیار بوو، سەرقاڵیی فیلەکانیش لە هی پیرەژنەکان دەچێ. هەستم کرد کوشتنی ئەو فیلە تاوانێکی گەورەیە... ئەگەرچی لەو تەمەنەدا هەستم نەدەکرد کوشتنی ئاژەڵێک بێزەوەری بێ، بەڵام قەتیش تەقەم لە فیل نەکردبوو... نەشمدەویست تەقەی لێ بکەم... هەرگیز (بەهەرحاڵ... هەمیشە کوشتنی گیانلەبەرێکی وا زەبەللاح و گەورە شتێکی خەراپە و بگرە نەنگییە») . وێڕای ئەوەش ... خۆ دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێ کە فیل خاوەنی خۆی هەیە خۆ نرخی فیلی زیندووش لە سەد پاوەند کەمتر نییە، بەڵام کە مرد... تەنها نرخی کەڵبەکانی خۆی دەکا... واتا نزیکەی پێنج پاوەند... دەبوو بەپەلە بەخۆ کەوم و دەستەو کەری بکەم. ئاوڕێکم لە هەندێکیان دایەوە... لەو -بورما-ییانەی پێشی من گەیشتبوونە ئەو شوێنە... لەوە دەچوو شارەزا و پسپۆڕ بن، لێم پرسین ئاخۆ فیلەکە تا ئەو حەلە چی دەکرد. هەموویان هەمان قسەیان دووبارە دەکردەوە: ئەگەر نەی وروژێنیت هەقی بەسەرتەوە نییە، بەڵام لەوانەیە پەلامارت بدا گەر زۆر لێی نزیک بیتەوە.

زۆر بەجوانی لام ئاشکرا بوو کە دەبێ چی بکەم. دەبوو بچمە پێشەوە و لە فیلەکە نزیک ببمەوە، تۆ بڵێ : بیست و پێنج یاردەیەک... تا بزانم چۆن ڕەفتار دەکا و چی بەسەر دێ، ئەگەر هێرشی بۆ هێنام... دەیکوژم خۆ ئەگەریش جووڵەی نەکرد و گوێی پێ نەدام... ئەوە وا سەلامەتترە منیش وازی لێ بێنم تا خاوەنەکەی دێ و دەیباتەوە. بەڵام دڵنیاش بووم لەوەی کە ئەوەندە عاقڵ نیم. خۆم ئەوەندە شارەزای تفەنگ و نیشانە شکاندن نەبووم، زەوییەکەش قوڕ و لیتاوێکی نەرمۆک بوو... بەڕادەیەک لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا مرۆڤ تیایدا نقومدەبوو. خۆ ئەگەر بەیەکەم گوللە نەم پێکا و بەتاو هێرشی بۆ هێنام... هەڵبەتە ئەوساش هەر بەقەد بۆقێکی ژێر پێپچکەی- ڕۆڵە-یەک هەل و بواری ڕزگار بوونم دەبێ. هەتا لەو ساتەشدا، بەشێوەیەکی تایبەتی، بیرم لە ڕزگاربوونی ڕۆحی خۆم نەدەکردەوە بەڵکو بیر و خەیاڵم لای ئەو حەشاماتە بوو، ئەو ڕەنگ زەردانەی تێکڕا سەرنجیان دەدام و لێم ورد دەبوونەوە، چونکە لەو ساتەدا و



بەبوونی ئەو هەموو خەڵکەی سەیریان دەکردم: وا بەئاسانی نەدەترسام ... وەک ئەوەی گەر هەر خۆم بەتەنیا بوومایە. پیاوی سپی پێستیش نابێ لەبەرچاوی خەڵکانی شار و وڵاتی دیکەدا بترسێ، ئا بەم شێوەیە و بگرە بەگشتی کابرایەکی نەترسە. تاکە بیرۆکەیەک لە مێشکمدا ئەوە بوو: گەر بێت و نەتوانم فیلەکە بپێکم... ئەوسا ئەو دوو هەزار کەسە ڕاوەدووم دەنێن و دەمگرن و لەبەر پێیان دەکەوم و دەمپلیشێننەوە... پاشان وەک کابرای هیندی سەر گردەکە دەبم بەلاشەیەکی ددان گڕ و بەرپچداچوو، خۆ ئەگەریش شتی وا ڕووی دا ... لەوانەیە هەندێکیان قاقا پێبکەنن... کە شتی وا هەرگیز ناشێ و نەبووە... تەنها یەک ڕێگەی دیکەم لەبەر دەمدا بوو. تفەنگەکەم پڕ کرد لە گوللە و لەسەر ڕێگاکە ڕاکشام تا چاکتر خۆم بخێوێنمە نیشانەکە و جوان بیپێکم.

سەرتاپای ئەو حەشاماتە کپ و بێ دەنگ بوون... تەنها گوێم لە چرپە و هەناسەی شادومانی قووڵ و نەرم و لەسەرخۆی ئەو خەڵکە بوو... ئەو دەنگە نزمانە لە هەزارەها قورگەوە دەردەهاتن ... دەت وت دەنگی ئەو خەڵکەیە کە لە کاتی لادانی پەردەی سەر شانۆیەک دێتە بەر گوێت. وێڕای ئەو هەموو هەرایەش ... ئەو خەڵک و خوایە بەزم و گاڵتە و ڕابواردنەکەی بۆ ڕەخساندبوو. تفەنگەکە: تفەنگێکی ئەڵەمانی نازدار بوو... دەرزیلەی نیشانە - پێکانی نەیدەهێشت گوللەی بەخەسار بچێ. نەمدەزانی لە کاتی تەقەکردن لە فیلێک دەبێ هێڵێکی خەیاڵی بکەی بەنیشانە، هێڵێک لەم کونە گوێچکەیەوە بڕوا و لەوی دیکەیان بچێتە دەر... کەواتە بەم شێوەیە کە فیلەکە تەنیشتی لە من کردبوو ... دەبووایە ڕاستەوخۆ کونی گوێی ئاگر دەم، لە ڕاستیدا... نیشانەم گرتە ئەو شوێنەی چەند گرێیەک- ئینجێک- دەکەوێتە بەرگوێی ... چونکە وام هەست دەکرد مێشک تۆزێ لە پێشەوەتر بێ.

کە پەنجەم لەسەر پەلاپیتکەکە داگرت: نە گوێم لە زرمەی تەقینەوەکە بوو، نە هەڵگەڕانەوەی تفەنگەکە- گەر گوللە شوێنی خۆی بگرێت... مرۆڤ هەست بەم جۆرە شتانە ناکات- بەڵام گوێم لە هەرا و زەنای شەیتانانەی حەشاماتەکە بوو. لەو ساتەدا لە میانەی چاو تروکانێکا، کورتتر لەو ماوەیەی گوللەیەک نیشانە بپێکێ، گۆڕانێکی سەیر و ترسناک بەسەر فیلەکەدا هات نە جووڵایەوە و نەکەوتە خوارەوە... کەچی هەموو دەمارێک، هەموو موویەک لە لەشیا گۆڕا و لەرزی... کتوپڕ کورژ بۆوە، لە ناکاو هەستت بەوە دەکرد کە زۆر پیر بووبێ... هەروەک بڵێی گیزەی ترسناکی گوللەکە، بێ ئەوەی بیخاتە سەر زەوی ، ئیفلیجی کردبێ. لە کۆتاییدا... دەتوانم بڵێم قەیرێکی پێ چوو- تۆ بڵێ پێنج چرکە- فیلی زەبەللاح بەربۆوە و کەوتە سەر ئەژنۆکانی. لیکاوێک لە دەمییەوە ڕژا. لەوە دەچوو زۆر ژیابێ و یەکجاری پەکی کەوتبێ و پیر بووبێ . ئەگەر

یەکێک سەیری بکردایە ... وای هەست دەکرد تەمەنی هەزار ساڵە. دووبارە نیشانەم لە هەمان خاڵ گرت و تفەنگەکەم ئاگردا... بەگوللەی دووەم لە پەلوپۆ نەکەوت... بەڵکو بەبێ هێزییەوە هەستایەوە و لەسەر هەر چوار پەل وەستا... قاچەکانی دەلەرزین و سەریشی شۆڕ ببۆوە.

سێیەم گوللەشم پێوە نا. ئەمەیان بەتەواوی لە پەلوپۆی خست. دەتتوانی هەست بەو ئازارە بکەی کە هەموو گیانی هێنابووە سەر لەرزین... ئەو گوللەیە بەتەواوی هێزی لەبەر بڕی و چوار پەلی شکاند . بەڵام لەکاتی کەوتنا، بۆ ساتەوەختێ، لەوە دەچوو هەوڵی ئەوە بدا ڕاست بێتەوە... چونکە لەو کاتەی هەردوو قاچی پشتەوەی لە ژێریدا شکانەوە: دەت وت کەرتە شاخە و هەڵت داوە و بەگرانی دێتە خوارێ... لمووزیشی وەک درەختێک ڕووەو ئاسمان بەرز ببۆوە... بۆ یەکەم جار و دواجار بۆڕاندی و کەوتە سەر زەوی، کە کەوتە سەر تەنیشت سکی بەدەرکەوت... لەگەڵ بەربوونەوەی زرمەی لێ هەڵسا و کردی بە بوومەلەرزەیەک... ئەو بوومەلەرزەیە ئەو شوێنەشی گرتەوە کە منی لێ ڕاکشابووم.

هەستامەوە. (بورما)ییەکان بەناو قوڕ و لیتاوەکەدا پێشم کەوتن، ئاشکرا بوو کە فیلەکە جارێکی دیکە ڕاست نابێتەوە بەڵام هێشتا نەمردبوو. بەئیقاعەوە هەناسەی دەدا ... بەدەم هەناسەوە لرخە لرخی بوو، دەت وت گردە... بەئازارێکەوە لاتەنیشتی بەرزونزم دەبۆوە، زاری کرابۆوە... دەمتوانی ناو دەمی و بگرە گۆشەکانی قورگیشی ببینم کە سوور دەچۆوە... سوورێکی کاڵ.

زۆر چاوەڕێم کرد تا بمرێ... کەچی هەروەک خۆی بەهەمان ئیقاعەوە هەناسەی دەدا و هێواش نەببۆوە... بۆ دواجار دوو گوللەی دیکەم پێوە نا... نیشانەشم لەو شوێنە گرت کە بەخەیاڵی خۆم وای بۆ چووم دڵی بێ... ئیتر گوللەم پێ نەما. خوێنێکی خەست وەک مەخمەری سوور چۆڕاوگەی بەست... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمرد، کە ئەو دوو گوللەشی بەرکەوت مووییەک لە لەشی نەلەرزی ... بەئازارەوە و بێ وەستان هەناسەی دەدا . زۆر لەسەرخۆ و بەژانێکی کوشندەوە وەنەوزی دەدا... لە دونیایەکی دوور و سەربەخۆ، دوور لە جیهانی من ، بەڕادەیەک گوللەیەکی دیکەش نەیدەتوانی لەوە خەراپتری پێ بکا. وام هەست کرد کە دەبێ کۆتایی بەم نرکە و ناڵینە ترسناکە بێنم. بەلامانەوە ترسناک بوو گیانلەبەرێکی وا گەورە و زەبەللاح ببینین لەوێ کەوتووە... کە نەتوانای هەیە بجوولێ، نەدەشتوانێ بمرێ، لە هەمان کاتیشدا نەتوانین کۆتایی بەژیانی بێنین.

دووبارە یەکێکم نارد تا تفەنگە قوتەکەم بۆ بێنێ، دڵی و قورگیم گوللە باران کرد، هیچ کاری لێ نەکرد ... هەر وەک بڵێیی نە بای دیوە و نە باران. بەهەمان ئازار و



ئیقاعی جارانەوە هەناسەی دەدا ... ئیقاعێک وەک چرکە چرکی سەعات.

لە کۆتاییدا نەمتوانی چی تر بوەستم و گەڕامەوە. پاشان بیستمەوە نیو سەعاتی خایاندووە تا مردووە، بەر لەوەی ئەوێ بەجێ بێڵم -بورما- ییەکان بەخۆ و بەزەمبیلە و چەقۆی دەستیانەوە دەورەیان لە فیلەکە دا... پاشان پێیان وتم کە تا پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ئیزەرمە گۆشتێکیان پێوە نەهێشت و تا سەر ئێسقان ڕووتیان کردەوە.

هەڵبەتە پاش ئەو هەرایە، سەبارەت بەکوشتنی فیلەکە، بوو بەمشتومڕ و دەمەتەقێیەکی بێ کۆتایی. خاوەنەکەی ئەوەندە پەست و تووڕە ببوو ئاگری دەکردەوە، بەڵام وەک هیندییەک نەیدەتوانی هیچم لێ بکا. وێڕای ئەوەش... بەپێی یاسا من بێ گوناه بووم و هەقی ئەوەشم هەبوو فیلەکە بکوژم، چونکە فیلی هار و بەلەسە وەک سەگی هار کوشتنی حەڵاڵە و دەبێ بشکوژرێ... بەتایبەتی گەر خاوەنەکەی نەتوانێ بەرزەفتی بکا.

ئەوروپییەکانیش سەبارەت بەم مەسەلەیە بیر و بۆچوونی جیاجیایان هەبوو. پیرەکان لەو باوەڕەدا بوون کە من لەسەر هەقم، گەنجەکانیش دەیان وت: ئەوپەڕی شوورەییە لەسەر کوشتنی حەماڵێکی هیندی(coolie) فیلێک گوللە باران بکرێ و بکوژرێ ... چونکە، لای ئەوان، فیلێک گەلێ چاکتر و بەنرختره لە حەماڵێک. پاشانیش من دڵم بەوە خۆش بوو کە فیلەکە کابرای هیندی کوشتبوو... چونکە تەنها لەم ڕوانگەیەوە هەستم دەکرد بێ گوناهم و ... لەسەر هەقیشم ... ئەمەشیان بووە بیانوویەکی دروست و بەجێ بۆ ئەوەی دەست نەپارێزم و تەقە لە فیلەکە بکەم. بەڵام زۆر جاریش لەگەڵ خۆمدا لێکم دەدایەوە و دەمپرسی: تۆ بڵێیی یەکێک لەوان هەستی بەوە کردبێ کە من تەنها لەبەر ئەوە فیلەکەم کوشت تا لە بەرچاوی ئەو خەڵکە گێل و نەفام دەرنەچم و نەبمە مایەی پێکەنین و لاقرتێ...!

ساڵی ١٩٣٦

١ «کوشتنی فیلێک» یەکێکە لەو نووسینە نازدارانەی -جۆرج ئۆروێل-ی ڕۆماننووس، بەڵام لەهەندێ کتێبدا وەک چیرۆک حیسابی بۆ کراوە و لە هەندێ کتێبی دیکەشدا وەک یاداشتێکی ڕاستەقینەی ژیانی-ئۆروێل- تۆمار کراوە، لە هەردوو حاڵەتدا... ئەم نووسینە نرخ و بایەخی گەورەی لەوەدایە کە -ئۆروێل- بەتەواوی چاوی لەو ڕاستییە بکاتەوە کە ئیمپریالیزم تەنها وشەیەک نییە، بەڵکو ئەهریمەنێکی ڕەشە و بێ ئەوەی ئاگات لە خۆت بێ دەتخاتە پاڵ بەرەی چەوسێنەران، هەڵبەتە نووسەر لەتاو هەژاری و وەرنەگیرانی لە دانیشگا هەمان ڕێڕەوی باوکی هەڵبژارد و پەیوەندی بەهێزی پۆلیسی ئینگلیزییەوە کرد و لە وڵاتی -بورما- بوو بەئەفسەری سەرپەرشتیاری کاروباری ئیمپراتۆرییەتی- بریتانیا- و لەوێ

بەچاوی خۆی زۆر ستەم و زۆرداریی دی... بۆیە نەیتوانی بەردەوام بێ و ڕقی لە ئیمپریالیزم هەڵگرت و لە ساڵی (١٩٢٨)دا وازی لەم پیشەیە هێنا، هەر ئەوەشیان بوو بە هەوێنی یەکەم ڕۆمانی کە لە ژێر ناوی - ڕۆژانی بورما- دا بڵاو بۆوە... ئەوەتا هەر خۆی لە وتاری- بۆ دەنووسم(٥)- دا دەڵێ- «یەکەم جار بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە- بورما-دا خەریکی کارێکی زۆر نابەجێ بووم کە سەر بەراپەڕاندنی کاروباری (پۆلیسی ئیمپراتۆرییەتی هیند)ی بوو. هەر ئەوسا زۆرم تاڵاوی کەساسی و هەژاری بینی و هەستم بەنوشوستی و هەرەس و ڕووخان و کەوتن کرد. ئەوەیان وای لێ کردم چاکتر شارەزای سروشتی ئیمپریالیزم بم». هەموو جارێکیش ئەمەی دووپات دەکردەوە: بۆ ئەوەی قینت لە ئیمپریالیزم بێتەوە: دەبێ بەشێک بیت لەو سیستمەی کە ڕای گرتووە».

لە کۆتاییدا با ئەوەمان لەبیر نەچێ کە (کوشتنی فیلێک) ڕاپۆرتێکی ئاسایی نییە، پێش هەموو شتێ کارێکی ئەدەبی ناسکە و -ئۆروێل- لە ژیانی ڕاستەقینە و پڕ ئەشکەنجەی خۆی دەدوێ... هەر ئەم ڕووداوە سەیرو ساکارە وای لە (ئۆروێل) کرد هەست بکا بۆتە مرۆڤێکی ئامێر ئاسا، بۆتە مەقاشی دەستی ئیمپریالیزم ... ئەوە بوو بۆ دواجار لەو سیستمە گەندەڵە هەڵگەڕایەوە و تاج و ئەستێرەکانی سەر شان و یەخەی خۆی داماڵی.!

٢ مۆلماین: شارێکە کەوتۆتە خوارووی - بورما- و سەر دەریای -ئاندمان-.

٣ بورما- وڵاتێکە کەوتۆتە خوارووی (چین)، سنووریشی : لە ڕۆژهەڵاتەوە وڵاتی (سیام)ە و لە ڕۆژئاواوە (ئاسام) و - (بەنگلادش)ە.

٤ بیتڵ: گەڵای جۆرە ڕووەکێکە خەڵکانی (بورما) وەک بنێشت دەیجوون.

* بۆ ژیانی- جۆرج ئۆروێل-یش بڕوانە گۆڤاری (کاروان) ژمارە (٣٤) کە لەگەڵ نووسینێکی ئەم نووسەرە لەژێر ناوی- بۆ دەنووسم-دا بڵاوم کردۆتەوە.

.....................................

لە کتێبی

A Collection of Essays, by George Orwell
Author of Nineteen-Eighty-Four
Harbrace Paperbound Library
Inc. new-York, Copyright (1946)



# هاپێنی

## ئالن پاتن

دەنێو ئەو شەش سەد کوڕەی کە لە «خانەی نەوجەوانان»دا بوون، نزیکەی سەد لەوان تەمەنیان لە دە تا چواردە ساڵان بوو، بەشەکەی من، ناو ناوە، وای دەردەبڕی کە بەنیازە دووریان بخاتەوە و پەیمانگایەکی تایبەتییان بۆ دابمەزرێنن، پتر لە قوتابخانەیەکی پیشەیی بچێ نەک مۆڵگەیەک بۆ ئەو مێرد منداڵانەی ناویان بەخەراپ ڕۆیشتووە، ئەو مێرد منداڵانەی گەرەکە فێری ڕەوشت و ئەدەب بکرێنەوە، ئەمەیان هەنگاوێکی دروست بوو، چونکە بەهەق تاوان و گوناهەکانیان هیچ و بێ مانا بوون... شتێکی ئەوتۆ نەبوو... هەر بۆ خۆیان هێدی هێدی چاک دەبوونەوە. ئەگەر قوتابخانەیەکی وا دامەزرایە... ئەوە من حەزم دەکرد خۆم بەڕێوەبەری بوومایە، چونکە ئەوەیانم بە کارێکی ئاسان دەزانی، ئەو کوڕانەی تەمەنیان کەمە و هێشتا منداڵکارن بەفرچک مەیلداری سۆز و خۆشەویستین، هەر کەسێک سۆزیان پێ ببەخشێ؛ دەکرێ بەئاسانی ڕامیان بکات.

هەندێکیان، ئەگەر لێیان نزیک دەبوومەوە، وەختی نمایش یان لە ڕێ ڕۆیشتندا، چ لە قوتابخانە یان لە گۆڕەپانی یاری و لە گەرمەی گەمەی تۆپی پێدا... هەستم دەکرد بەدیقەتەوە لێم ورد دەبنەوە، نەک ڕاستەوخۆ، بەڵام بەدزییەوە و لاوونیو، هەندێ جار لە قافدا دەمگرتن، یان وام پیشان دەدا کە منیش ئاگام لەوانە و دەیانبینم، بەوە دڵیان ئاوی دەخواردەوە و ئیدی چی تر لە من ڕانەدەمان، بەڵام من دەمزانی بەم شێوەیەش دەسەڵاتی من هەر زاڵە و توندتر.

پەیوەندی نهێنی من لەگەڵ ئەو کوڕانەدا مایەی خۆشحاڵییەکی بەردەوامی من بوو، هەتا گەر کوڕی خۆم بوونایە بێ شک لەوە پترم پێ نەبوو پێیان ببەخشم. زۆر جار بەنێو ڕیزەکانی ڕێ ڕۆینی خامۆش و زۆر ڕێکی کوڕەکاندا دەڕۆیشتم و لەتەک یەکێکیاندا دەوەستام، ئەویش ڕێک و ڕاست خۆی مۆن و گرژ دەکرد، گوایە هەموو خەیاڵی لای ڕێ ڕۆینەکەیە، حاڵەتێک کە تێکەڵ بێ لە وریایی منداڵانە و بێ باکی پیاوانە و گوێ نەدان بەنزیک بوونەوەی من. هەندێ جار گوێی ئەو کەسەم بادەدا، ئەویش خەندەیەکی شوکرانەبژێری دەخستە سەر لێوانی، یاوەکو پتر تەوێڵی گرژ دەکرد گوایە زۆر ئاگای لەخۆیەتی. وا مەزەندە دەکەم ئاسایی بوو ئەو جۆرە ڕەفتار و دەربڕینانە، گەرچی ڕووکەشیانەش بن، بەهیچ حیسابیان بۆ بکرێ، بەڵام مانا و مەغزایەکی پڕ ڕەمز و

هێمابەخشیش بوون، ئەو کوڕانەی هەراشتر بوون، وەختێ ئەتوارێکی وایان دەدی، حەزیان دەکرد ئەوانیش تێوە ئاڵێن، ئەوەیان مایەی ئاسوودەگی بوو، وەختێک لە ماڵی کوڕێژگەکاندا کێشە و گرفت و هەراو هوریایەک دەقەوما و سەرو دڵی دەگرتن، یان وەختێ کوڕەکان و سەرپەرشتیارەکان بەیەکدی نامۆ و دڕدۆنگ دەبوون، ئەو حەلە کوڕەکان کۆڵێ کەیفساز دەبوون کە بەو جووڵەو ئاماژەو ئەتوارە سروشتی و سادانە من و ئەوان یەکدیمان دڵنیا دەکردەوە کە شتێکی ئەوتۆ نەقەوماوە و دونیا هێشتا وەکو خۆیەتی.

نیوەڕۆی شەممان کە هێشتا لەسەر ئیش بووم قەمەرەکەی خۆم دەبردە «خانەی نەوجەوانان» ، لەو کوڕانە ورد دەبوومەوە کە سەربەست بوون لەوەی بچنە دەرەوە، لەگەڵ مندا ژمارەیەکی زۆر لەو کوڕانەی کە لێیان قەدەغە کرابوون بچنە دەرێ لەو دیمەنە ڕادەمان و یەک بەوی دیکەی دەوت:

«لە میانەی چەند هەفتەیەکی دیکەدا منیش ڕێم پێ دەدرێ...»

لەنێو ئەو سەیرکەرانەشدا کۆمەڵێ کوڕی تەمەن خوارتر هەبوون کە من بەنۆرە لە ماشێنەکەی خۆمدا هەڵم دەگرتن، دەمبردنە جادەی- پۆچفسترووم- کە جمەی دەهات لە ماشێن و مەردوم، دەچووینە دووڕیانی «باراگوانات» ، لەو سەر بەجادەی «ڤان ویکسرز»دا دەگەڕاینەوە ماڵەکانیان. بەدەم ڕێوە قسەمان لەسەر خێزانەکانیان دەکرد، دایک و باوکیان، قسە لەسەر خوشک و براکانیان، خۆم وا پیشان دەدا کە سەبارەت بە (دێربان، پۆرت ئیلیزابێث، پۆچفسترووم، کلۆکۆلان) هیچ نازانم... لەوانم دەپرسی ئاخۆ ئەو شوێنانە لە «جۆهانزبێرگ» گەورەترن.

یەکێک لە کوڕە بچکۆلەکان «هاپێنی» ناو بوو، تەمەن دوانزە ساڵ، خەڵکی «بلۆمفۆنتاین» بوو... لەوێوە هاتبوو... لە هەمووانیش زۆربلێ تر. دایکی لە ماڵی پیاوێکی سپی پێست کارەکەر بوو، دوو برا و دوو خوشکی هەبوون. براکانی- ڕیچارد- و -دیکی- یان ناوبوو، خوشکەکانیشی «ئانا» و «مینا» .

لێم پرسی: «ریچارد – و – دیکی؟»

«بەڵێ گەورەم»

پێم وت: «لە زمانی ئینگلیزیدا ڕیچارد و دیکی هەر هەمان ناوە»

کە گەڕاینەوە «خانەی نەوجەوانان» ناردم هەموو بەڵگەنامەو کاغەزەکانی «هاپێنی»م بۆ بێنن چونکە تا ئەو حەلە بەهاکەزایی لەوێ کەوتبوون، هاپێنی منالێکی



بەرەڵڵاو بێ دەرەتان... بێ خزم و کەس، ئەو ماڵ و ئەم ماڵی زۆر کردبوو، بەڵام منالێکی بەدکردار و شەڕانی وا بوو کە زۆر زەحمەت بوو ماڵی بکرێ، دوا جاریش فێری وردە دزی بازاڕیش ببوو.

پاشان ناردم ئەو داوایەم بۆ بێنن کە بەخەتی خۆی نووسیبووی، تابلێیی خەتێکی خۆش و جوان... وا ڕاستترە بڵێین ئەوانی دیکە بۆیان نووسیبوو تا ئەو حەلەی خۆی فێری نووسین دەبێ: بۆ خاتوو- بێتی مارمان- لە (٤٨)- جادەی ڤلاک- بلۆمفۆنتاین. بەڵام خاتوو «مارمان» قەت وەڵامی ئەو نامەیەی نەدابۆوە، وەختێک لێیان دەپرسی: بۆچی وەڵامی نییە؟ دەیگوت: ڕەنگە خانم نەخۆش بێ، من یەکسەر بۆی دانیشتم و نامەیەکم بۆ بەرپرسی خۆشگوزەرانی خەڵکی لە -بلۆمفۆنتاین- نووسی... داوام لێ کرد کە لە مەسەلەی «هاپێنی» بکۆڵێتەوە.

لە دەرفەتێکی دیکەدا کە هاپێنی-م سواری ماشێنەکە کرد سەبارەت بەخێزانەکەیان پرسیارم لێ کردەوە، هەمان چیرۆکی بۆ گێڕامەوە، سەبارەت بەدایکی، ڕیچارد و دیکی، ئانا -و- مینا، بەڵام پیتی (دال)ی لە وشەی- دیکی-دا وا سووک وت کە پتر وەک- تیکی- بێتە بەرگوێ.

پێم وت: «وامزانی دەڵێیی دیکی»

پێیی وتم: «من وتم تیکی»

بەنیگایەکی پەنهانی لێک حاڵی بوون تێم ڕاما، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە ئەم وێڵ گەردەی- بلۆمفۆنتاین- منالێکی وا زیرەکە کە لە بونیاتی خەیاڵی خۆی چیرۆکێکی داڕشت، تەنها یەک پیتی لێ گۆڕی تا لە هەموو گومان و پرسیارێک خۆی و چیرۆکەکەی بەدوور بگرێ. ئەوسا منیش لەوە حاڵی بووم کە ئەو زۆری پێ شەرم بووە بێ خێزان و ماڵ و حاڵ بێ، بۆیە ئەم چیرۆکەی وا داڕشت، تا کەس بەوە نەزانێ ئەم نە دایکی هەیە و نە باوک، حەزی نەکرد کەس بەوە بزانێ کە ئەم بێ کەسە و هیچ زەلامێکی وا نزیکی نییە گوێ بەوە بدات گەر ئەم بژی یان بمرێ. ئەوەیان هەستێکی قووڵی دامێ، وای کرد لە بەرگی خۆم بێمە دەرێ و سۆزێکی باوکانە بەو ببەخشم و تێ بگەیەنم کەوا، دەوڵەت، لەسەری کردووم بەوەی ئەرکی باوکانەی خۆم جێ بەجێ بکەم. بەڵام خۆ نەدەکرا من بەو زمانە ئەو هەستە دەرببڕم.

پاش ماوەیەک وەڵامی نامەکەم لە «بەرپرسی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بلۆمفۆنتاین»ەوە پێ گەیشت، تیایدا نووسرابوو کە خاتوو «بێتی مارمان» لە شەقامی (٤٨)ی ڤلاک دەژی و دایکی چوار منداڵیشە: ڕیچارد-و- دیکی، ئانا-و مینا، بەڵام

«هاپێنی» کوڕی ئەو ماڵە نییە، ئەم وەک منداڵێکی بەرەڵڵای سەر جادان ئەم کوڕەی ناسیوە. ئەم خانمە هیچ نامەیەکی «هاپێنی» وەڵام نەداوەتەوە چونکە هەموو نامەکانی بەوشەی «دایکە» دەست پێ کردووە، ئەم خانمەش نەخۆی بەدایکی ئەو دەزانێ و نە دەیەوێ ڕۆڵەیەکی ئاواهیش ببینێ، تا بڵێی ژنێکی سەر ڕاست و بەڕێزیش بوو، یەکێک بوو لە ئەندامە دڵسۆزەکانی کڵێسا، هیچ مەبەستیشی نییە بەدەستی خۆی ماڵی خۆی تێک بدا و خووی منداڵەکانی بشێوێنێ بەوەی وێڵ گەردێکی وا بکا بەکوڕی خۆی.

بەڵام لە نەزەر من «هاپێنی» هەرچییەک بێ و هەر چییەک بووبێ، منداڵێکی بەرەڵڵاو سەر بەگۆبەند نەبووە، دڵگەرمانە حەزی بەوە بوو لە خێزانێکدا بژی، تۆماری ڕەوشتی لە «خانەی نەوجەوانان» پاک و بێ غەوش بوو، حەزی بەوە دەکرد خەڵکی دڵخۆش بکا و گوێڕایەڵی فەرمایشتەکان بێ، ئەم شتانە وای لە من کرد کە بەئەرکێکی پیرۆزی خۆمی بزانم و لای لێ بکەمەوە. هەر لەبەر ئەوەش سەبارەت بەدایکی پرسیارم لێ کرد.

نەیدەتوانی باس و خواسێکی زۆر لەمەڕ دایکی بکات، پان زۆر هەڵی داو بەشان و باڵیدا هەڵبڵێ، ئەوە نەبێ کە ئافرەتێکی دڵناسک و بەسۆز بووە، دڵ و دەست ودەم پاک، ساغ و سەر ڕاست، توندو تۆڵ، ماڵێکی خاوێنوباوێنی هەبووە، هەموو منداڵەکانی خۆی وەک یەک خۆش ویستووە. زۆر ئاشکرا بوو کە ئەو منداڵە بێ کەس و بێ ماڵە مەیلی زۆری دابووە ئەو ژنە وەک ئەو مەیلەی کە دابووی بە من، چۆنی من بینیوە، هەرواش ئەو ژنەی بینیوە. بەڵام بەو نهێنییەی نەزانیوە چ سیحرێک بکا و دەرگای دڵی ئەو ئافرەتە بدا تا بیکاتەوە و بیباتە ژوورەوە تا لەو تەنیاییە قورتاری بکات.

من لێم پرسی: «کە تۆ دایکێکی وات هەبوو بۆچی دزیت کرد؟»

نەیتوانی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بەهەموو زەین و جورئەتی خۆیەوە نەیدەتوانی وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە بدۆزێتەوە، چونکە دەیزانی گەر ئەم کوڕی دایکێکی وا بووایە چ پێویستی نەدەکرد، هەرگیز، دزی بکات.

لێم دووپات کردەوە: «ناوی براکەت دیکی-یە و نەک تیکی»

ئەوسا زانی من بەسەر فێڵەکەی کەوتووم. کوڕێکی دیکە بووایە، لەوانەیە بیوتبایە: «من پێم وتی کە ناوی دیکی-یە»

بەڵام ئەو لەوە زیرەکتر بوو هەڵەی وابکات. دەیزانی گەر من دڵنیا بوومایە لەوەی



کوڕە ناوی دیکی-یە، ئەوە ئەوسا دەبوو لە هەموو شتەکانی دیکەش دڵنیابم، خۆم سەیرم لێ هات کە بەم قسەیەم چۆن هەموو ئەتواری گۆڕا، ئەو بڕوا بەخۆبوونەی کە لە جورئەتەوە نزیک بوو یەکسەر نەما، بەستەزمان و تەنیا باڵ لەبەر دەممدا مایەوە، نەک تەنها وەک درۆزنێک، بەڵکو وەک منداڵێکی بێ کەس... بێ حاڵ و ماڵ کە بەدرۆ دایک و برا و خوشکی بۆ خۆی دروست کردبێ... کەسانێک کە ئەسڵەن نین. بەم ڕەفتارەم توانیم لە شکۆمەندی و فیز و هەوای بدەم و هەڵیتەکێنم، توانیم لە مانای بوون و ئادەمیانەی بدەم.

یەکسەر دوای ئەوە نەخۆش کەوت، دکتۆر وتی دووچاری نەخۆشی سینگ بووە، دەرحاڵ نامەیەکم بۆ خاتوو «مارمان» نووسی و هەموو چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە کە چۆن ئەو کوڕە بچکۆلەیە ئەمی دۆزیوەتەوە و بڕیاری داوە کە ئەم کەسێکە حەز دەکا ئەو بکا بەدایکی خۆی، بەڵام ئەم وا وەڵامی دامەوە کە ئامادە نییە خێرێکی وا بکات، لەبەر یەک هۆ: هاپێنی سەر بە «مۆسۆتۆ»یە و ژنە لە قوڵە ڕەشەکانە، هۆیەکی دیکەش ئەوەیە: ئەم قەت منداڵی وا هاروهاجی نەبووە، ئێستا کە چۆن چۆنی منداڵێکی ئاواهی هەڵبگرێتەوە؟!

ئەم وەرەمە دەردێکی سەیرە، هەندێ جار کتوپڕ دێ و هیلاکت دەکا، پاشان بێ خشپە دەڕوات، هاپێنی وازی لە خەڵک و دونیا هێنا و کشایەوە، خۆی لە هەموو کەسانی بەرپرس و دایکانێک بەدوور گرت، دکتۆر هیوایەکی کەمی بەچاکبوونەوەی هاپێنی هەبوو، وەختێ زۆر نائومێد بووم پارەم بۆ خاتوو- مارمان- نارد کە بێت و سەردانمان بکات.

«مارمان» ژنێکی ژنانە و خاتوون و بەڕێز و پەرۆش دەهاتە بەرچاو، کە زانی دەردەکەی کاریگەرە و مەترسی لێ دەکرێ، بێ سێ و دوو، بێ خۆتێکدان و هەرا نانەوە هاپێنی هەڵگرتەوە و کردی بەمنداڵی خۆی، هەر هەموو خانەی نەوجەوانان بەوە قایل بوون کە ئەم ئافرەتە بەدایکی هاپێنی بزانن، بەدرێژایی ئەو ڕۆژگارە لەگەڵیا دادەنیشت، سەبارەت بەریچارد و دیکی قسە و باسی دەکرد، سەبارەت بە ئانا و مینا، باسی ئەوەی کە چەندە پەرۆش و چاوەڕێن هاپێنی بگەڕێتەوە ماڵ، سۆزێکی زۆری پێ بەخشی، بێ ئەوەی لە نەخۆشییەکەی بترسێ لێی نزیک دەبۆوە، هاپێنی برسی ئەوە بوو کەسێک خۆ بەخاوەنی بزانێ، خاتوو مارمان-یش لەوەدا بەخیلی نەدەکرد، باسی ئەوەی بۆ دەکرد کە ئەگەر گەڕایەوە هەمووان لە ماڵەوە چی بۆ دەکەن، پاشان چۆن چۆنی دەچێتە قوتابخانە، بۆ شەوی بەزم و ڕەزمەکەی گەمەی فۆکس چی دەکرن. هاپێنی-یش

له بەرامبەردا ئەو ژنەی کرد بەخولیای خۆی، کە سەردانیم کرد بینیم لەوەدا شوکرانە بژێرمە، بەڵام من تازە لە دونیای ئەودا نەمابووم، من لەوەدا خۆم بەتاوانبار دەزانی کە من بەتەنها حیسابم بۆ بوونی ئەو کردووە، بێ ئەوەی حیساب بۆ ئەو حەز و ئارەزووە کوشندەیەی ئەو بکەم بۆ تێکەڵ بوون، خۆزگەم دەخواست کە دەبوو من زووتر کارێکی لەو بابەتەم بکردایە... بەشێوەیەکی عاقڵانەتر... لەوەش زیاتر...

کە مرد هەر لە باخچەکەی نەوجەوانان ناشتمان، خاتوو مارمان پێی وتم:

«ئەگەر خاچەکەتان بۆ هەڵبەست بەکوڕی منی حیساب بکەن و ناوم بنووسن»

پاشان وتی: «من شەرمەزارم کە زووتر نەمگرتە خۆم». وتم: «مەسەلە نەخۆشییەکەی بوو... هی ئەوە بوو بگوێزرێتەوە».

زۆر بەدڵنیاییەوە سەری لەقاند و وتی:

«نەخێر... وا نەدەبوو... ئەگەر لە ماڵەوە بووایە... مەسەلەکە بەتەواوی دەگۆڕا و جیاواز دەبوو...»

پاش ئەو سەردانە سەیرەی ئێمەی بەجێ هێشت و گەڕایەوە «بلۆمفۆنتاین»، من مامەوە، بۆ ئەو کارەی دەوڵەت پێی سپاردبووم... بەڵام دەبوو دڵگەرمانەتر بەو ئەرکە هەڵسم، ئەمەیان بڕیارێک بوو کە دەبوو بێ قسەی زۆر لەسەری سوور بم.

* لە پەراوێزی ئەم چیرۆکە ئەم چەند دێڕە نووسرابوو:

«ئەم چیرۆکە بەشێوەیەکی سادە نووسراوەتەوە، لێرەدا- ئالن- نایەوێ بمانشڵەژێنێ یان سیحرمان لێ بکات، زمانەکەی ئاشکرا و ڕوونە، زمانێکی وایە کە نووسەر تەواو بەسەریدا زاڵە، چیرۆکەکە بێ گرێ و گواڵ خۆی پێشکەش دەکا.

* ئالن پاتن: لە ساڵی (١٩٤٨)دا و لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ڕۆمانی «بگری ئەی وڵاتە خۆشەویستەکەم» ناوبانگی دەرکرد، بەڵام خزمەت و کاری خێرخوازی بۆ ئەفریقیای باشوور زۆر لەوە زووتر دەستی پێ کردبوو، ئالن لە (١٩٠٣) دا هەر لەوێ لە دایک بوو، گەرچی ئەوێ پڕ مەترسی بوو، بەڵام ئەم هەر حەزی کرد ئەو مەڵبەندە بەزێدی خۆی بزانێ و ئیشی بۆ بکات، لەوساوە بێ پسانەوە بەردەوامە.

* سەرچاوە:

Modern Short Stories, Edited by Jim Hunter

London- Boston

لاپەڕە: ٤٨-٥٥ - دوا چاپ ١٩٩٠



# جەنگ

## چیرۆکنووسی ئیتاڵی: لویگی پراندیللۆ

دەبووایە ئەو هەموو خەڵکەی کە بەشەمەندەفەری شەو گەیشتنە «ڕۆما»... دەبووایە تا بەرەبەیان لە وێستگە تەنگەبەرو چکۆلەکەی «فابریانۆ» بمێننەوە تاوەکو لەوێوە سواری ئەو شەمەندەفەرە کۆنینە و گران ڕەوتە بن کە لەگەڵ هێڵی سەرەکی «سولمۆنا» لێکی دەدایەوە.

کە گزنگی دا... ئافرەتێک خۆی کرد بەنێو فارگۆنێکی پلە دوو-دا... فارگۆنێکی پیس و غەرقی دووکەڵ کە بەدرێژایی ئەو ڕێگەیە پێنج نەفەر شەویان تیا بردبووە سەر. ئافرەتێکی زرپە و قەڵەو بەدەم پرتە و بۆڵە و ناڵینەوە سەرکەوت ... ناڵینێکی جەرگبڕ... وەک هەر بارگەیەکی بێ شێوە و پەرش و بڵاو ژنەیان سەرخست.

هەر دوا بەدوای ژنەکە - مێردەی بێزار بەدەم ئاخ و ئۆفەوە سەرکەوت... وردیلە و باریک و لاواز... ڕەنگ و ڕوو زەرد... مردوو ئاسا، چاو کونە سووژن...

بەڵام پڕ بریسکە... لەوە دەچوو شەرمن و دوودڵ و ڕاڕا بێ.

کە جێگەی خۆی کردەوە بەئەدەبەوە سوپاسی نەفەرەکانی کرد کە یارمەتی ژنەکەیان دا و جێگەیان بۆ کردەوە، پاشان ئاوڕێکی لە ژنەکەی دایەوە و ویستی یەخەی پاڵتۆکەی بۆ داداتەوە... بەشەرمەوە لێی پرسی: «ئێستا چۆنیت... باشیت... گیانی من...؟»

ژنە، لە بری وەڵامدانەوە، دیسانەوە یەخەی پاڵتۆکەی وا بەرز کردەوە کە بەتەواوی ڕووی داپۆشی.

کابراش زەردەیەکی غەمگینانە نیشتە سەر لێوی و ئاخێکی هەڵکێشا: «دونیایەکی هیچە...!»

مێردە دەیخواست بەزەلامەکان ڕاگەیەنێ کە ژنە بەستەزمانەکەی جێی سۆز و بەزەییە چونکێ بەرێوەیە کوڕە تاقانەکەی ڕاپێچن بۆ بەرەی جەنگ، گەنجێکی تەمەن بیست ساڵی کە هەموو ژیانی خۆیان بۆ سووتاند، کە لە «ڕۆما»ش بوو بەقوتابی دانیشگا هەردووکیان ماڵ و حاڵی خۆیان لە «سولمۆنا» بەجێ هێشت تا لە «ڕۆما» لە تەکیا بن تا ئەو حەلەی خوێندنەکەی تەواو دەکا، پاشان لێی گەڕان ئازایانە بچێتە ڕیزی سوپاوە، بەهەرحاڵ، گوتیان تا شەش مانگ بەلایەنی کەم دوورە لە بەرەی جەنگ

و ترسی کوشتار، کەچی ئێستا... ئەوەتا کتوپڕ برووسکەیەکیان پێ گەیشتووە کە بچنە کنی و ماڵئاوایی لێ بکەن... چونکێ تەنها سێ ڕۆژی لەبەردەم ماوە.

ژنە لەژێر پاڵتۆ دەڵبەکەیدا خۆی گرمۆڵە کرد... پتر وێک هاتەوە و چەند جارێک وەک گیانلەبەرێکی کێوی مرخاندی، دڵنیا لەوەی کە ئەم حەکایەتە تۆزقاڵێک سۆز و بەزەیی نەفەرەکان نابزوێنێ... حەکایەتی کارەساتێک کە لەوە دەچێ، هەموو تیا بەشدار بن. یەکێک لەوان کە تا ئەو حەلە بەدڵ گوێی گرتبوو... وتی: «تۆ هەقە شوکری خوا بکەی کە کوڕەکەت لە سەرەتای شەڕەکەوە نەبراوە. کوڕی من لە ڕۆژی یەکەمەوە وا لەوێ، دوو جاریش بەبرینداری بۆم گەڕاوەتەوە... کەچی هەردوو جارەکە ناردیانەوە بەرەی جەنگ».

یەکێکی تر لەو لاوە هەڵی دایە: «ئەی من بۆ ناڵێن...؟ دوو کوڕی خۆم و سێ خوشکەزا و برازام وا لەوێن».

مێردە غیرەتی دایە بەرخۆی و پێی وتن: «ڕاستە... بەڵام ئەوەی ئێمە تاقانەیە... تاقانە...!»

«جا جیاوازی چییە...؟ تۆ بەم نازە زۆرەوە خووی کوڕەکەت شڕ دەکەی، خۆ تۆ نەت دەتوانی ئەم کوڕەت لەوانی تر خۆشتر بوێ گەر منالّی دیکەت هەبووایە، خۆشەویستی باوان نان نییە تا لەت لەت بکرێ و هەموو لەتەکانیش بەقەد یەک بن و دابەشی سەر منالّەکانتی بکەی، هەر باوکێک کە خۆشەویستی بەمنالّەکانی دەبەخشێ جیاوازی ناکات... جا چ یەکێکی هەبێ و چ دە .... ئەگەر من ئێستا بۆ هەردوو کوڕەکەم دەتلێمەوە ئازارەکەم نابێ بەدوو بەش... نیوەی بۆ یەکەم و نیوەکەی بۆ دووەم... نەخێر. بەڵکو من دووجار بەهەمان شێوە بەو ئازارەوە دەتلێمەوە».

مێردە شڵەژا و هەناسەیەکی هەڵکێشا: «ڕاستە... ئەوەیان ڕاستە... بەڵام گریمان، خوا نەخواستە... خوا ئەوە لەگەڵ تۆدا نەکا و بەدووری بگێڕێ، گریمان باوکێک دوو کوڕی هەیە و یەکێکیانی لە بەرەی جەنگدا دەکوژرێ، خوا نەکات، بەڵام خۆ هیچ نەبێ یەکێکی بۆ دەمێنێ تا ببێ بە سەلوای ڕۆحی... کەچی من....»

«وایە....» کابرای تر تووڕە و دڵگیرانە درێژەی پێ دا: «وایە... یەکێکیان دەبێ بە سەلوا و تەسەللای ڕۆحی، بەڵام خۆ دەبێ باوکە بۆ ئەوەی تریان بژی و لە دونیادا بمێنێ، کەچی لە حاڵەتی ئەو باوکەی کە کوڕە تاقانەکەی دەکوژرێ... باوکەش دەتوانێ بێ باکانە خۆی بکوژێ و لەو ئازار و مەینەتییە ڕزگاری بێ. کامەیان بەلاتەوە



قورسترە...؟ هەست ناکەی حاڵەتەکەی من ناخۆشتر بێ...؟»

نەفەرێکی دیکە لەولاوە قسەکەی پێ بڕین، زەلامێکی قەڵەو، سوورفل... بەدوو چاوی زەق و دەرپۆقیو و خوێن تێزاو کە سپێنەشی ڕەنگڕێژ کردبوو... هەڵی دایە: «قسەی قۆڕ....!»

هەناسە بڕکێی پێ کەوتبوو، لە چاوانییەوە تین و هێزێک بەدی دەکرا... تین و تاوی ڕۆحێکی زیندوو کە کەس نەتوانێ دەستی بەسەردا بگرێ... تین و تاوێک کە لەوە دەچوو ئەو لەشەی لەوە لاوازتر بێ کە بەرگەی بگرێ.

«قسەی هیچ» دیسانەوە دووبارەی کردەوە و دەستیشی خستە سەر دەمی بەو نیازەی جێی هەردوو ددانە کەلەکانی بشارێتەوە: «قسەی هیچە... بۆ ئێمە منالّ بۆ خۆمان بەخێو دەکەین...؟»

ئەوانی تر هەر هەموو بەسەرسامی و قەهرێکەوە سەیریان کرد، ئەو کابرایەی کە لە ڕۆژی یەکەمەوە کوڕەکەی کەوتبووە نێو دۆزەخی شەڕ... هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: «تۆ ڕاست دەکەی... ئەوانە فەرزەندی ئێمە نین... ئەوانە ڕۆڵەی نیشتمانن...»

کابرای قەڵەو تێ هەڵچۆوە: «قسەی بەلاش... هەمووی تڕوهاتە... تۆ لات وایە کە ئێمە منالّمان دەبێ بیر لە نیشتمان دەکەینەوە...؟ منالّەکانمان لە دایک بوون چونکێ... چاکە.... چونکێ دەبووایە لە دایک بن و کاتێکیش هاتنە نێو ئەم دونیایەوە ژیانی ئێمەشیان لەگەڵ خۆیاندا برد، ئەوەیان حەقیقەتە. ئێمە بۆ ئەوانین... بەڵام ئەوان بۆ ئێمە نین. کاتێ دەگەنە تەمەنی بیست ساڵی کتومت لە خۆمان دەچن کە لەو تەمەنەدا بووین. ئێمەش دایک و باوکمان هەبوون، بەڵام جگە لە داک و باب سەدەها شتی تریش ژیانی پڕ کردبووین... خۆشی و نەزم، کچ و کاڵ، جگەرە، خەون و خەیاڵ، قەرەوێتی تازە... تا دەگاتە نیشتمان، هەڵبەتە، لەو تەمەنەدا کە بانگی دەکردین، کاتێ ئێمەش لە تەمەنی بیست ساڵان بووین، بەپیر ئەو بانگ و هاوارەی نیشتمانەوە دەچووین... هەتا گەر دایک و باوکیشمان حەزیان نەکردایە... هەر دەچووین ئەوەتا ئێستاش، بەم تەمەنەوە، خۆشەویستی خاک لە دڵمانا گڕێکە و ناکوژێتەوە، بەڵام چ دەکەی کە خۆشەویستی منالّەکانمان لە لا کوشندەترە. کێ لە ئێمە پاشەکشێی لێ دەکا گەر بۆی بکرێ جێی کوڕەکەی بگرێتەوە؟»

فارگۆنەکە کپ و خامۆش... زەلام نقەی نەدەکرد... هەر هەموو سەری ڕەزامەندیان دەلەقاند.

«کەواتە بۆ....» کابرای قەڵەو تێ هەڵچۆوە:

«بۆ ڕێزی هەست ونەستی منداڵەکانمان نەگرین کە ئێستا وان لە تەمەنی بیست ساڵی...؟ زۆر ئاساییە لەم تەمەنەدا لە من و تۆ پتر خاکی خۆیان خۆش بوێ، هەڵبەتە من مەبەستم کوڕانی جوامێرە، دەکرێ ئەم خاکەیان لە ئێمە پتر خۆش بوێ...؟ ئایا ئەوەیان ئاسایی نییە کە دەبێ ئاگایان لە ئێمەش بێ وەک کۆمەڵێ ڕۆڵەی پیر و خەڕۆی نیشتمان کە ناتوانن وەک جاران بجوولێن و هەستنە سەرپێیان... بۆیە ئەوەتان لە ماڵێ کەوتوون. گەر خاک هەبێ، گەر خاک زەروورەت بێ. زەروورەتێکی سروشتی، وەک نان، ئەو نانەی کە هەر یەکێ لە ئێمە دەبێ بیخوا تاوەکو لە برسانا نەمرێ... خۆ دەبێ لەم حاڵەتەدا کەسێک هەبێ و بەرگری لەم خاکە و لەو نانە بکا. بۆیە کوڕەکانمان ڕووەو ئەو مەیدانە ملیان نا، ئەوان کە ئێستا بیست ساڵانن، گریان و داد و فیغانیان لە ئێمە ناوێ... چونکێ گەر بمرن... دڵگەرمانە... شادانە... ئازایانە دەمرن، هەڵبەتە من مەبەستم کوڕانی مەرد و جوامێرە. ئێستاش... گەر یەکێ لەوان بەو عومرە جوانەوە خۆشبەختانە بمرێ... بێ ئەوەی شتە ناشیرینەکانی ئەم ژیانە ببینێ: بێزاری و مەینەتی، سووکایەتی، دڵساردی، خەونی درۆ، شەکەتی پیربوون... دەبێ لەوە زیاتر چییان بۆ بخوازین...؟ هەقە کەس نەگری، هەقە هەموو پێبکەنین... وەک ئێستای من... بەلایەنی کەم شوکری خوا بکەن- وەک من- چونکێ کوڕەکەم، بەرلەوەی بمرێ، نامەیەکی بۆ ناردووم و تیایدا دەڵێ کە ئەم جوامێرانە و بەوپەڕی دڵنیاییەوە خۆی کردە قۆچی قوربانی... بەپیرۆزترین برواوە وەک خۆی کە حەزی دەکرد. هەر لەبەر ئەوەشە وا دەمبینن کە جلی ڕەشم لەبەر نەکردووە».

دامێنی پاڵتۆ سووکەڵەکەی بەرز کردەوە تا پیشانیان بدا، لێوە شینە داگەڕاوەکەی دەلەرزی و جێی دوو ددانە کەلەکەی وەدەرکەوتن... چاوانی پڕ لە فرمێسکی نەدەتروکاند، پاشان بەقریوەیەکی زیقن کۆتایی بەقسەکانی هێنا... قریوەیەک کە پتر لە هەنسکی... قولپێکی تاساوی گریان بچێ.

«ئە ئاوا... ئە ئاوا...» هەر هەموو بۆیان سەندەوە. ئافرەتەکەش کە لەو قوژبنە و لەژێر پاڵتۆکەیدا خۆی گرمۆڵە کردبوو... بێ جووڵە گوێی دەگرت - ئەوە بۆ سێ مانگ دەچێ هەوڵ دەدا قسەکانی مێردی یا دڵدانەوەی هاوڕێکانی تەسەللای ڕۆحی خۆی بدات و بەڵکو ئەوە خوایە خەمی بڕەوێتەوە بەهەر شتێک بێ... قسەیەک ... ڕایەک کە وای لێ بکا وەک دایکێک زاتی ئەوە بکا ڕازی بێ کوڕەکەی، نەک بۆ باوەشی مەرگ، ڕەوانە بکرێ... بەڵکو بۆ هەر شوێنێک کە جێی مەترسی بێ...!



بگرە تەنها یەک وشەی نەبیست لەو سەدەها قسەیەی کە وتران، وشەیەک کە سوکنای پێ ببەخشێ، ئەوان دڵنەوایی ئەم دەکەن کە ئارام بگرێ و بەو چارەنووسە ڕازی بێ ،، وەلێ ئەفسووس... ئەوان بۆیە وا دەکەن... چونکێ قەت هەست بەئازار و دەردی ئەم ناکەن... قەت وەکو ئەمیش ناتلێنەوە.

وەلێ ئێستا قسەکانی ئەم کابرایە سەرسامیان کرد... بەڵکو تا ڕادەیەک ڕاما و سڕ بوو، کتوپڕ دەرکی بەوە کرد کە نەک خەڵکی هەڵەن یا لەم ناگەن، بەڵکو ئەم نەیتوانیوە بەرز بێتەوە و بگاتە ئاستی ئەوان... ئاستی هەست و نەستی ئەو دایک و باوکانەی ڕازین بەو چارەنووسە، بێ گریان و لاڵانەوە، نەک هەر تەنها بەماڵئاوایی و لێک دابڕان... بەڵکو ڕازین بەمەرگیشیان .

ژنە سەری بەرز کردەوە و خۆی لار کردەوە تا لەو قوژبنەی خۆیەوە چاکتر گوێی لە قسەکانی بێ، بەپێی ئەو هەموو باس و خواسانەی کابرای قەڵەو ئاراستەی نەفەرەکانی دەکرد... چۆنیەتی کوژرانی کوڕەکەی، کوژرانی وەک پاڵەوانێک، لە پێناو خاک و نیشتماندا... خۆشبەختانە... بێ سڵکردنەوە و دوودڵی... لەوە دەچوو یەکەم جاری بێ ئاشنای خەڵکێکی وا بووبێ...دونیایەک کە ئەم ژنە تیایدا غەریبە... بگرە بەخەونیش نەیدیوە... ژنە خۆشحاڵ بوو بەوەی کە لە هەموو لایەکەوە ئافەرینی لێ دەکەن... ستایشی ئەو باوکە ئازایەی وا بەهێمنی و خۆگرانە لە مەرگی کوڕەکەی دەدوێ.

پاشان کتوپڕ یا هەروەک بڵێی یەک وشەی لەو هەموو قسە و باسانە نەژنەوتبێ، وەک لە خەوێک ڕابووبێ... ڕووی کردە پیرەمێردەکە و بەڕوویدا هەڵشاخا: «ئەوە بەڕاستیتە... بەڕاستی تۆ کوڕێکت کوژراوە...؟»

زەلامەکانی نێو فارگۆنەکە تێکڕا چاویان لە ئافرەتەکە بڕی، پیرەمێردەکەش ئاوڕێکی لێ دایەوە... پڕ بە هەردوو چاو سەرنجی دا... دووچاوی زەق و دەرپۆقیو، پڕ ترس و سام، بەدوو چاوی خۆڵەمێشی فرمێسک تیا قەتیس ماو دەبریسکانەوە دیقەتی دا... تیژ نیگای لەو سیما و ڕوخسارە بڕیبوو، بۆ ساتە وەختێک ویستی وەڵامێکی بداتەوە ... کەچی زمانی گۆی نەکرد ... قورگی گیرا. پیرەمێرد قەیرێ تێی ڕاما... هەر تێی ڕاما... هەروەک بڵێی ئا لەم ساتەوەختەدا- بەم پرسیارە هیچ و نابەجێیە- کتوپڕ وەئاگا هاتبێ و بۆ دواجار دەرکی بەو حەقیقەتە کردبێ کە بەڕاستی کوڕەکەی نەما و مرد- ڕۆیشت و جارێکی تر نایەتەوە... ڕۆیی تا ئەبەد... تا ئەبەد...!

دەم و چاوی بەیەک دادا، گرژ و مۆن، ترسناک ... سیمای ناشیرین و دزێو دەینواند،

ڕەنگێکی هێنا و ڕەنگێکی برد، پاشان بەپەلە دەستەسڕەکەی لەبەر باخەڵی دەرهێنا و... لە ناکاو دایە پڕمەی گریان... ئەو خەڵکەش هەر هەموو سەرسام... زاریان داپچڕی... ئەمیش دەگریا ... چۆن گریانێک...؟ دڵ بتەقێنێ... نەیدەتوانی هەنسکەکانی ڕابگرێ... گریا... گریان... بێ پرینگانەوە...یەکبینە....بێ وەستان...!

سەرچاوە:
Reading Modern Short Stories, Scott, Foresman and Company
257-260



# قومارچییەکی دەستبڵاو

شاعیری فەرەنسی بۆدلێر

* دوێنێ، لەنێو قەڵەباڵغی سەرجادەکە کە هەردوو بەری دارو درەختە، «خەڵقەندە»یەکی سەیرو عەجایب لەبەردەمدا قوت بۆوە، کەسێک کە من عومرێ بوو عەودالّی ناسینی بووم و دەرحاڵیش ناسیمەوە بێ ئەوەی ڕۆژێک لەمەوبەر دیبێتم... هەرگیز. بێگومان ئەمیش هەمان هەست و ڕێزی دەرهەق بەمن نواند، چونکێ کە تێپەڕی بەمەغزاوە چاوێکی لێ داگرتم کە وای کرد ڕووگیری ئەو غەمزەیە بم. هەر زوو قەرە بەقەرە کەوتمە دوای تا لە ژێرزەمینێکدا و لە ماڵێکی وا خۆش و بەهەیت و هووت خۆم دیتەوە کە ڕەنگە لە هەموو پاریسدا بە بەراورد ماڵێکی وا هەر نەبێت. سەیر لەوەدا بوو گەیشتبوومە ئەو شوێنە عەجایبە بێ ئەوەی هیچ دەروازە و ڕاڕەوێکم دیبێ، کە وەژوور کەوتم زەلامێکی زۆر ڕێک پۆش و بەهەیبەتم بینی کە لەوە دەچوو سەرداری ئەو ماڵ و حاڵە بێ... هەرچەندە کەللەیی و تووڕە و تڕۆ دەینواند کەوای لێ دەکردی دەرحاڵ چی ترسی کوشندە و بێزەوەری ژیان هەیە لەبیر خۆتی بەریتەوە. کەسێ دەیتوانی هەناسەی خۆشییەکی بەخەم تێکەڵ هەڵمژێ دەق لە خۆشی ئەو کەسانە دەچوو کە لە «ئۆدیسا»کەی «هۆمیرۆس»دا لۆتس- یان دەخوارد و خاو دەبوونەوە ئەوکاتەی لە پاپۆڕەکانیاندا دادەبەزین لەنێو دوورگەیەکی سیحراویدا بڵاو دەبوونەوە... دوورگەیەک کە بەحاڵ ڕۆناهی نیوەڕۆیەکی ئەبەدی ڕۆشنی دەکردەوە، ئەو کاتەی گوێیان لە پڕ وشەی پڕ لە نەغمەی خۆشڕەوی تاڤگەکان بوو، کاتێکیش بەخۆ هاتنەوە لە ناخەوە ئارەزوویان نەدەکرد بگەڕێنەوە ماڵەکانیان ... بۆ باوەشی ژن و منداڵەکانیان ... نە ئەمە و جارێکی دیکەش قەت نەخوازن سواری شەپۆڵە سەرشێتەکان ببنەوە.

ئا لەنێو ئەو مۆڵگەیەدا چەندین دەم و چاوی سەیری ژن و پیاوانم بینی... ڕوخساریان کوشندە جوان... ئەو ڕوخسارانەی وام هەست دەکرد لە زۆر شوێن و زەمانی دیکەدا دیومن گەرچی نایەنەوە یادم، ئەو زاتانە سۆزی برایەتیان لە لا جوولاندم پتر لەوەی کە بترسم... ترسێک کە بەتەبیعەت بینینی خەڵکی بیانی و نەناس لە دڵتا دەیخولقێنێ. گەر هەوڵێک بدەم بۆ شیکردنەوەی ئەو ڕازە غەریبانەی وا لە چاوانیان... دەبێ ئەوە بڵێم کە من هەرگیز چاوانی ئاواهیم نەدیوە... چاوانێک کە بەگڕی هێزێک بتروسکێنەوە... هێزێک زاڵتر لە وەحشەتی وەڕسی و بێزاری کە هەمیشە ئارەزوو بکا

تا ئەبەد و نەمرانە بژین.

هەرکە بەیەکەوە دانیشتین، من و خانەخوێکەم، بووین بەدوو برادەری کۆن و گیانی بەگیانی ، تێرمان خوارد... خواردمانەوە... لە هەموو جۆرە شەرابێکی سەیرو سەمەرە، لام سەیر بوو کە دوای چەندین سەعاتیش هێشتا من لەو وریاتر بووم... ئەو مەستتر بوو. وێڕای ئەوەش ...بۆ چەندین جار لەتاو ئەو خۆشییەی خواهانەی قومارەکەمان دەستمان لە خواردنەوە هەڵگرت و تێ هەڵدەچووینەوە، یاریمان کرد تا بزانین کاممان لە سێ دەست قوماربازانە دوو دەست دەبیاتەوە، دەبێ دان بەوەشدا بنێم کە من زۆر پاڵەوانانە خۆم تەسلیمی ڕێکەوت کرد و بێ باکانە ڕۆحی خۆم دۆڕاند ... ڕۆح: ئەو شتەی کە دەرکی پێ ناکرێ، زۆر جار بێ کەڵکە... هەندێ جاریش ئەوەندە بێزەوەرە کە دۆڕانی لەوە کەمتر سەغڵەتم دەکا گەر پسوولەی داوەتێک بێ و لێم بزربێ... ڕوخسەتی زیارەتێک کاتێ حەز لە پیاسەیەک دەکەم.

ماوەیەکی زۆر دوو قۆڵی جگەرەمان کێشا... بۆن و بەرامەی دەیخستینە سەر باڵی خەیاڵ و سۆزێکی کوشندە بۆ بینینی گەلێ وڵاتی غەریب و کەیف و سەفای جۆربەجۆر دایدەگرتین. سەرمەستی ئەو هەموو زەوقە و دۆستانە تریقامەوە و پێکەکەم هەڵبڕی کە لێوان لێو لێی دەڕژا... زاتی ئەوەم کرد پێی بڵێم- «هەڵی دە... نۆش... نۆش... لە ڕۆحی نەمرت ئەی تەگە» . لەوەش نەدەچوو بەو جورئەتەم قەڵس بووبێ. وێڕای هەمووشی... سەبارەت بە دونیا قسەمان زۆر کرد... کەی دروست بووە... چ ڕۆژێک لە ئایندەدا ژێرەو ژوور دەبێ... لە فیکری گەورەی ئەم سەدەیە دەدواین... مەبەستم کەماڵ و پێشکەوتنی سەردەمە. بەگشتی سەبارەت بەهەموو چەشنەکانی شێتی و سیحر و عیشق و گیرۆدە بوون قسەمان کرد. دەرهەق ئەم باسە خاوەن شکۆ بۆ تاوێ خۆی لە گوورە نەبرد... بێ پرینگانەوە کەوتبووە سەر بەزم و قۆشمەی خۆی... لە نوکتەوتنندا کەس نەیدەبەزاند... وەلێ سوعبەت و قۆشمەکانی ئەوەندە بەنەزاکەت و هێمنانە بوون کە من لە فەرهەنگ و زبانی هیچ ڕەوانبێژێکی دونیادا نەمدیون. لە بێ هوودەیی فەلسەفە جۆر بەجۆرەکان دوا، کە تا ئەو حەلە مێشکی مرۆڤیان داگیرکردبوو... تا ئەو ئاستەی کەرەمی کرد و بەچەند بیروباوەڕێکی بنچینەیی ئاشنای کردم ... بیروباوەڕێک کە من هیچ قازانجێکم لێ نەدەبینین و بەهیچ کلۆجێک هی ئەوەش نەبوو بەو خولق و ئیمانەوە بەشداری هیچ کەسێک بکەم. هیچ گلەییشی لە بەختی خۆی نەکرد کە ناوی وا زڕاوە و لە دونیادا ڕیسوا بووە، دڵنیاشی کردم کە خۆی بەقەد دونیایەک حەز دەکا ئەو سیحر و ئەفسانەیە تێک بشکێنێ و بەتاڵ بێتەوە. خۆی لە بەردەمی مندا دانی پیانا کە ئەم خۆی جارێک



لە ژیانیدا لەو سیحر و هێزەی خۆیشی ترساوە... لەو کاتەی کە قەشەیەک عاقڵتر لە هاوڕێیانی خۆی لەسەر مینبەرەکەیەوە هاواری کردبوو: «برا ئازیزەکانم قەت بیرتان نەچێ... ئەگەر کەسانێک خۆیان بەوەوە بادەن کە دونیا ڕووی لەبەرەو پێش چوونە... سەردەمی بووژانەوەیە ... ئەوە وەکو ئەوە وایە ئەهریمەن زیرەکانە فێڵت لێ بکا و وای بنوێنێ کە ڕۆحی شەڕی شەیتانی هەر لە ئارادا نەبووە...!»

یادەوەری ئەم ڕەوانبێژە بەناوبانگە زۆر ئاسایی ڕووەو دونیای ئاکادیمیات بەکێشی کردین، دەلیلە غەریبەکەشم دڵنیای کردم کە لە زۆر حاڵەتدا پێی شوورەیی نییە کە ببێ بە ئیلهامبەخش بۆ قەڵەم بەدەستێک، عاشقە پەیڤێک... یان ویژدانی ڕابەرەکان. پێشی وتم کە ئەم بێ فەرق و جودایی لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئەکادیمیا ئامادە بوو... هەتا گەر بەشێوەیەکی نادیار و نەناسیش چووبێ.

ئەو سۆز و میهرە زۆرەی پتر هانی دام لە هەواڵ و باسوخواسی یەزدانم پرسی... لێم پرسی ئاخۆ لەم دواییییەدا دیوبەتی یان نا... بەزبانێک بێ باکانە... بەڵام غەرقی نەغمەیەکی غەمناک وەڵامی دامەوە:

«کە یەکدیمان بینی تەوقەمان لەگەڵ یەکدی کرد... بەڵام وەک دوو پیرە خانەدان کە ئەخلاقی خۆڕسکانەیان قەت ناتوانێ بەتەواوی ڕق و کینەی کۆنیان لە لا بکوژێ» .

جێی گومانە سەرداری هەموو دونیا وەختێکی وا زۆری بەهیچ خەڵقەندەیەکی سەرزەمین بەخشیبێ...ئەوەن گوێی لێ گرتبێ... لەوە ترسام بەرامبەر بەو سۆزەی ئەو من خۆ ئێسک گران کەم. دوا جار کە بەیانی بەلەرزە لەرز گزنگی دا و چوارچێوەی پەنجەرەکان ڕۆشن بوونەوە، ئا ئەو زاتە عەزیمە کە چەندین شاعیر شیعریان بۆ وتووە، چەندین فەیلەسووف بێ ڕیاکاری خزمەتیان کردووە و ناویان بەرز ڕاگرتووە... پێی وتم: «من گەرەکمە جوان یادم کەیتەوە، دەشمەوێ ئەوە بسەلمێنم... منێک کە خەراپە و شەڕی زۆرم دەخەنە پاڵ، من هەندێ جار ئەوەندە (شەیتانێکی چەپەڵ) نیم وەک ئێوە بەزبانی خۆتان دەیڵێن. لە بەرابەر دۆڕانی ئەو ڕۆحەت کە زەحمەتە بێتەوە دۆخی خۆی من پاداشتێکم هەیە بۆ تۆ گەر بەختت یار بێ وەک گرەوێک بیبەیتەوە... مەبەستمە بڵێم گەر بۆت بلوێ لە ئازاری خۆت کەم کەیتەوە و بسرەویت و بۆ لەمەودواش تا ژیانت ماوە بکرێ بەسەر ئەو هەستە سەیرو سەمەرەی وەڕسی و فیگاریدا زاڵ بیت کە سەرچاوەی هەموو دەرد و درمێکتە... هەموو گەشە و پێشکەوتنێکی پڕ لە نەهامەتی... تۆ هەرگیز بۆت نییە ئارەزوویەک... حەزێک لە دڵتا جێگیر بکەی گەر من بۆ وەدیهێنانی دەستت نەگرم. بۆ ئایندەش هاوتوخمەکانی خۆت حوکم دەکەی، کۆمەڵە

کەسێک دەور و خولت دەدەن... دەتپەرستن... مامە حەمەییت بۆ دەکەن... دەبیتە خاوەنی زێڕ و زیو، مرواری... گەوهەر... کۆشک و باڵەخانەی سەیرو سەمەرە... ئەم شتانە خۆیان بەدواتا دەگەڕێن، دەستە و دامێنت دەبن قبوولیان کەیت بێ ئەوەی تۆزقاڵێ خۆتیان بۆ عەودالّ و ماندوو کەی، ڕۆژانێک دێ بەکەیفی خۆت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی سەفەر دەکەی، لە هەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی دی بەهەواوهەوەسی خۆت... بەقەد ئەوەی کە خەیاڵت دەیخوازێ و فەرمانت پێ دەکا... غەرقی خۆشیی دەبیت... جۆرەها چەشنی خۆشی و کەیف و سەفا بێ ئەوەی خۆتی بۆ سەغڵەت کەی... لەنێو خاک و مەملەکەتی زۆر دڵگیردا کە هەمیشە هەوای خۆشە و ژنانی بۆنی عەتر و گوڵاویان گرتووە... بەڵێ ... لەوەش زۆر و زۆرتر».

حەزم نەکرد لەبەر چاوی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لەوێیە خۆم سووک و چرووک کەم ئەگینا لە دڵەوە حەزم دەکرد لەبەر پێی ئەو قوماربازە دەست بڵاوە بکەوم تاوەکو سوپاسی بکەم بۆ ئەو هەموو سەخاوەتەی کە بۆم حسێب نەدەکرا. وەلێ دوای ئەوەی بەجێم هێشت هێدی هێدی ژەنگی بێ بڕواییەکی کوشندە و نائومێدانە دڵی گرتم. نەمدەوێرا قەناعەت بەو بەخت و نێوچەوانەی خۆم بکەم کە تا بڵێی سەیر و دەگمەن دەهاتە بەرچاوم. کە چوومە پێخەفەوە وەک خوویەکی ملهوڕانەی کۆنی خۆم کەوتمە نزا و نیوە خەواڵوو دەپاڕامەوە: «ئۆو خودای من ... سەروەرم... خودایە... وا بکە ئەو شەیتانە لەسەر پەیمانی خۆی سوور و مکوڕ بێ».

سەرچاوە:

Story and Structure, Edited by Laurence Perrine

لاپەڕە 326-328



# گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە

ولیەم سارۆیان

## ١- خەوتن

لەنێو ئەم جیهانە پان و پۆڕ و فراوانەدا وەئاگایە... یەک تەختە ڕاکشاوە و وەئاگایە، پێدەکەنێ، گاڵتە دەکا، ڕادەبوێرێ. بەتەوسەوە ، کۆتایی هەموو شتێک، کۆتایی ڕۆما هەروەها بابل-یش، دوو ڕیز ددانی بەرێچداچوو، یادگارێک، گەرمییەکی بەتین... وەک گەرمی گڕکانێک، شەقامەکانی پاریس، پێدەشتەکانی -جێرشۆ- کە هەمیشە وەک تراویلکە شەپۆڵ دەدەن و دەکشێن و دەبێ بەگەلەرییەکی چەندەها ڕەنگی ئاوی تێکەڵ، دەریا و ماسییە چاودارەکان، سیمفۆنیەیەک، مێزێک لە قوژبنێکی بورجی (ئیڤل)، مۆسیقای جاز لە هۆڵی ئۆپێرا، کاتژمێرێک زرنگەی دێ... بۆ سەمای مەرگ لێ دەدا، گفتوگۆ لەگەڵ درەختێک، ڕووباری نیل، سواری (کادیلاک) بوون بەرەو (کانساس)، هەراو زەنای دۆستۆیڤسکی ... لەگەڵ خۆری تاریک.

ئەم زەوییە، ڕووی کەسێک کە ژیا، شێوەیەکی بێ سەنگ و کێش، بەسەر بەفردا دەگری، مۆسیقایەکی سپی، گوڵێکی گەورە دوو بەقەد گەردوون، هەوری ڕەش، پڵنگێکی نێو قەفەز کە تیژ دەڕوانێ، بۆشایی ئاسمانێک کە مەرگ نازانێ، مستەر ئیلیۆت قۆڵی لێ هەڵکردووە و نان پێوە دەدا، (فلۆبێر) و(گی. دی. مۆپاسان)، سەروا و کێشی بێ وشەی مەبەست و مانایەکی کۆن و دێرین، فنلەندا، ماتماتیکێکی پوخت و پاککراو... هەروەک تەڕە پیاز کە ببرێ بۆ نێو دەم و ددان، ئۆرشەلیم، ڕێگەیەک ڕووەو شتە دژوارەکان.

گۆرانی مرۆڤ: لە ناخەوە، چرپەی جوان لە کەسێکەوە دیار نەبێ، بەڵام لە ژێر تەمی پڕ نهێنییەوە بناسرێ، باوو بۆرانی سەر کێڵگەی گەنمەشامی . یاری شەترەنج، شاژن هێور دەکاتەوە، پادشا، کارل فرانز، -تیتانیک-ی ڕەش، چارلی چاپلن دەگری و دەناڵێنێ، ستالین، هیتلەر، بەملیۆنەها جوولەکە، بەیانی دووشەممەیە، کەسێک نییە لەسەر شەقامەکان سەیر بکا.

ئۆە... ئەی چرکەی خێرا و کتوپڕی ژین: کۆتایی هات... ئەمێستا... دیسانەوە زەوی.

## ٢- وەئاگا هاتن

ئەوێکی (زیندوو) جلەکانی لەبەر کرد و ڕیشی تاشی، لە ئاوێنەکەدا سەیرێکی خۆی کرد . وتی: ئای کە ناشیرینم... کوانێ قەرەوێتەکەم؟ (تەنها یەک دانەی هەیە)، قاوە و ئاسمانێکی خۆڵەمێشی، تەمی سەر ئۆقیانووسی-پاسفیک- وڕە وڕی ئۆتمبێلێک شەقامەکە دەبڕێ، خەڵکی بەرەو شار دەچن، دیسانەوە زەمەن، ڕۆژ، پەخشان و شیعر، بەسووکی بەپێپلیکەکانا هاتە خوارێ و گەیشتە سەر شەقامەکە، دەڕۆیشت و کتوپڕ بیرێکی بەمێشکدا هات (-تەنها لە خەودا هەست دەکەین زیندووین. تەنها لەوێدا... لەنێو باوەشی مەرگی پڕ لە زیندەگانیدا ڕووبەڕووی خۆمان و ئەم گەردوونە فراوانە دەبینەوە... ڕووبەڕووی خوا و پیاوە چاکەکان... پێغەمبەران... ناوی باوک و باپیران... گەوهەری ساتە بەسەرچووەکان، لەوێدا سەدەکان بەیەک دەگەن و لەیەک ساتدا دەتوێنەوە... مرۆڤ و شتە هەرە مەزنەکان زۆر بچووک دەبنەوە، پچرکەیەکی نەمریی بەرجەستە).

تا بلێیی چوست و چالاکانە ڕێی دەکرد، بەئاشکرا گوێت لە تەپە تەپی پاژنەی دەبوو... بە هەردوو چاو هەستی بەرووکەشی ڕاستەقینەی شەقام و باڵەخانە و کۆشکەکان دەکرد، ڕووکەشی ڕاستییەکی هیچ. بێ ئومێدانە گۆرانییەکی چڕی (گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانە باڵدارەکە، شل و نەرم، بەئاسماندا دەفڕێ) پاشان بەهەموو دڵییەوە دایە قاقای پێکەنین، بەیانییەکی خۆش و دڵگیر و سارد و خامۆش و خۆڵەمێشیی بوو، بەیانییەکی پڕ لە هێز و گوڕێکی شاراوە.

پاشان وتی-«ئاە... ئێدگار گێست... چەندە تامەزرۆی مۆسیقاکەتم!...».

لە کۆڵانێکی تەنگەبەردا پارچە ئاسنێکی هەڵگرتەوە... سەیرێکی کرد... دیار بوو کە پێنسێکە و بەروارەکەی دەگەڕێتەوە ساڵی (١٩٢٣). خستییە ناو لەپی و لێی ورد بۆوە. ئەو ساڵەی هاتەوە و یادێکی-لینکۆلن-ی کردەوە... لەسەرلاوە دەم وچاوی لەسەر پێنسەکە چاپ کرابوو. تەنها پێنسێک هیچی پێ نەدەهات... بیری کردەوە:

ئۆتمبێلێکی پێ دەکرم. دوا مۆدێل و جوانترین جل لەبەر دەکەم، دەچمە ئەو ئوتێلانەی ڕابواردنی تیایە، دەخۆم و دەخۆمەوە، پاشان دەگەڕێمەوە نێو جیهانی پڕ لە هێمنی خۆم. پاشان دەچمە سەر قەپانێک و ئەو پێنسە بەر دەدەمەوە ناو کونەکە و خۆم دەکێشم.

شتێکی چاکە مرۆڤ هەژار بێ، کۆمۆنیستەکانیش- بەڵام زۆر ترسناکە برسیت بێ.



ئای کە چلێس بوون... ئای کە حەزیان لەخواردن بوو! ورگە بەتاڵ و داقوپاوەکان! بیری هاتەوە کە زۆر پێویستی بەخواردن هەیە. هەموو ژەمێکی: هەر تەنها نان و قاوە و جگەرە بووە، کەچی ئێستا نانیش شک نابا. ڕاستی... قاوەی بێ نان بەکەڵکی شێوان نایە.

لە باخچەکەشدا هیچ جۆرە گیاوگۆڵێک شک نابا کە وەک -سپێناغ- لێ بنرێ و ببێ بەژەمە خواردنێک.

گەر پیاو خۆی لە خوا نەکا... دەتوانێ بلێ : لە برسانا نیوە مردوو ببوو، وێڕای ئەوەش ... هەزارەها کتێب مابوون کە دەبوو بیانخوێنێتەوە بەرلەوەی بمرێ. گەنجە ئیتاڵییەکەی هاتەوە یاد... ئەو گەنجەی لە نەخۆشخانەی -بروکلن- دیبووی.

نووسەرێکی بچووک و نەخۆش، ناوی -مۆلیکا- بوو... بەبێ ئومێدییەوە دەی وت: چەند حەز دەکەم جارێکی تر، بەر لەوەی بمرم، کالیفۆرنیا ببینم. پڕ بە دڵ بیری لەوە دەکردەوە و دەی وت دەبێ، بەلایەنی کەم، جارێکی تر -هاملێت- بخوێنمەوە... یان لەوانەیە- هاکلبێری فن-ی مارک توین.

مەرگ بەتەواوی وای لێ کرد وەئاگا بێ. وەئاگاهاتنیش لە خورپەیەکی کتوپڕ دەچێ. بیری لەوە کردەوە: گەنجەکە زۆر کەساسانە دەمرێ. هەر خەریکە لە برسانا بمرێ.

پەخشان و ئاو دوو شتی مەزنن... بۆشایی نائۆرگانی پڕ دەکەنەوە... بەڵام گونجاو نین... ئەگەر لەبری پارە کارێک هەبێ بیکا: ئامادەیە، هەر کارێکی هیچ... لەوانە تیجارەت... ئەگەر لێی گەڕێن لەسەر کورسی و مێزێک دابنیشێ و بەدرێژایی ڕۆژ خەریکی ژمارە بێ... کۆیان کاتەوە و دابەشیان بکا و لێکیان دەربێنێ و لێکیان بدا... ئەوسا لەوانەیە لە برسانا نەمرێ. ئەوسا نان و تفاق و پێخۆر دەکڕێ، چەندەها جۆر، جۆرەها خواردنی بەتامی نەرویجی و ئیتالی و فەڕەنسی، چەندەها جۆری گۆشت... گۆشتی مانگا و مەڕ و... ماسی، پەنیر، ترێ، هەنجیر، هەرمێ، سێو، کاڵەک و شووتی، دوای ئەوەی تێر دەبێ... ئەم شتانە دەپەرستێ. ئەوسا هێشووە ترێیەکی سوور دەخاتە سەر قاپێک و لە تەنیشتیا دوو هەنجیری ڕەشیش دادەنێ، هەرمێیەکی زەرد و گەورەش، سێوێکی سەوزیش، ئەوسا کاڵەکێک لەت دەکا و تێرتێر بۆنی دەکا. ئەوسا چەند سەموونێکی گەورە و چاک برژاوی لێ دەکڕێ... بەمەرجێ لە ئاردی فەرەنسی بێ، هەموو جۆرە سەوزەیەک، گۆشت... بگرە ژیانیش.

لەسەر گردێکەوە سەیری دیمەنی شارەکەی کرد بەشکۆمەندییەوە ڕووی لە ڕۆژهەڵات

کردبوو، بورجی بەرز و بڵند... کە جمەیان دەهات لە کەسانی وەک ئەو، کتوپڕ خۆی لە دەرەوەی ئەم شارە بینی. هەروەک بڵێی لەوە دڵنیابێ جارێکی تر ڕێگەی نادەن بچێتەوە ناویان ... لەوە دڵنیا بێ کە بەهەڵە و لە شوێنێکی هەڵە سەرکێشی بەژیانی خۆی دەکا...بگرە لە سەردەمێکی نالەبار و لەگەڵ نەوەیەکی هەڵە و نالەباردا. ئەمێستا گەنجێکی تەمەن بیست و دووساڵەیە، شاریش بەردەوام ڕەتی دەکاتەوە. ئەم جۆرە بیر و بۆچوونە خەمی ناداتێ. لە دڵی خۆیدا وتی: هەر بەم زووانە دەبێ عەریزەیەک بنووسم و تیایدا داوا بکەم کە ڕێگەم بدەن بژیم، ڕازی بوو لەسەر ئەوەی بمرێ، بێ ئەوەی سکی بەخۆی یان بەمرۆڤ بسووتێ، هیچ نەبێ. بەلایەنی کەم، شەوێکی تریش دەخەوێ. خۆ ئەو کرێی شەوێکی دیکەشی داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ڕۆژێک ڕۆژێکی دیکەی بەدواوەیە.

پاشان دەچێتە ئەو شوێنەی بێ دەرەتان و بێ ماڵەکان ڕووی تێ دەکەن ... لەوانەیە سەرێک لە مەڵبەندی «کۆمەڵەی ڕزگارکەران» بدا - گۆرانی و باڵۆرە بۆ خوا و مەسیح دەچڕێ (ڕقیان لە ڕۆحی منە) لەوانەیە ئەوسا ڕۆحی ئازاد بێ، بخەوێ، بنوێ. دەشیزانی شتی وا ڕوو نادا... ژیانە تایبەتییەکەی تەنها پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە. نایەوێ ئەم ڕاستییە پێشێل بکا، ئاخۆ دەبێ چ جۆرە گۆڕانێک باشتربێ. لە مێشکیا بوو بەژاوەژاو، بەئاسماندا و لەسەر جۆلانەیەکی هەواییدا، شتێکی خۆشە... هەروەها جێی مەزاقیشە.

جۆلانەیەک ڕووەو بارەگای خوا، یان ڕووەو هیچ، جۆلانەیەک ڕووەو ئەبەدییەت بفڕێ... خۆزگەی دەخواست هێزێکی ئەوتۆ هەبێ بتوانێ وەک مەل سووک و سانا بۆ خۆی بفڕێ.

وتی: ئێستا خاوەنی - سێنت-ێکم، پارەکەش ئەمریکییە، بۆ ئێوارە پۆلیشی دەکەم تا بریقە هەڵدێنێ و وەک خۆر دەدرەوشێتەوە... پاشان لە وشەکان ورد دەبمەوە و دەیخوێنمەوە.

ئەمێستا لەنێو جەرگەی شار پیاسە دەکا، بەنێو خەڵکانی زیندوودا. یەک دوو شوێن هەبوو ڕووی تێ بکا. لەسەر جامخانەی کۆگاکان خۆی بینییەوە... تەواوێک دڵگیر بوو... وای بۆ نەدەچوو کە ئەوەندە بێ هێز و لەرو لاوازبێ... لەڕێی بەهەموو شوێنێکی لەشییەوە دیار بوو... سەروملی، شانەکانی، قۆڵ و باسکی، قاچ وقولی، ئەژنۆکانی.



وتی: ئەمەیان کەڵکی نییە. بەهەموو توانای خۆیەوە هەوڵی دا جومگە لێک ترازاوەکانی کۆبکاتەوە تا توندوتۆڵ بوەستێ.

بەبەردەمی یەک چێشتخانەدا تێپەڕی، بێ ئەوەی سەیری ناوەوە بکا، لەدواییدا گەیشتە بەردەمی باڵەخانەیەک و چووە ژوورەوە، خۆی کوتایە ناو ئەسانسێرەکە و تا گەیشتە نهۆمی حەوتەم، ڕووەو هۆڵێک ملی نا، دەرگایەکی کردەوە و چووە ژووری - نەهێشتنی بێ کاری- جگە لەو، بیست و چوار گەنجی دیکەی لێ بوو، لە قوژبنێکا هەڵترووشکا و چاوەڕێی دەکرد نۆرەی بێ و بانگی بکەن. لە کۆتاییدا بەمەرامی خۆی گەیشت و پیرەژنێکی لاواز و بێ سەرو گوێ، پیرەژنێکی شوونەکردەی تەمەن پەنجا ساڵە لێی پرسی:

«پێم بڵێ... تۆ چ ئیشێک دەزانیت؟»

بەسەرسامییەوە وتی:

«من نووسەرم!»

پیرەکچەکە لێی پڕسی: «کەواتە تۆ خۆش نووسیت؟ مەبەستت ئەوەیە؟»

«بەڵێ... من مەبەستم ئەوەیە بڵێم: دەتوانم بنووسم...»

بەتووڕەییەوە وتی:

«چ جۆرە نووسینێک؟»

بەهاکەزایی وەڵامی دایەوە- «پەخشان»

بێ دەنگییەک و پاشان لێی پرسی:

«تۆ دەتوانیت ئامێری چاپ بەکار بێنیت؟»

«هەڵبەت؟»

پیرەژنەکە وتی: «ناوونیشانی خۆت بنووسە... گەر پێویستی کرد ئاگادارت دەکەینەوە. ئیمڕۆ بەیانی هیچ کارێک شک نابەین... هەرگیز.»

لەئۆفسێکی دیکەش هەمان شت ڕووی دا... تەنها ئەوە نەبێ، لەبری پیرەژنێک کوڕێکی گەنج و لووت بەرز کە هەر لە بەراز دەچوو... هەندێ پرسیاری لێ کرد، لەوێوە چووە بەشی -عەمبارەکان- لەوێش هەر بەهەمان هەواو فیزەوە پێشوازییان لێ کرد، تۆزێ، تەریق بۆوە... لە کۆتاییدا هیچی دەست نەکەوت. خۆی دڵسارد نەکرد و گوێی

پێ نەدا، لە دڵی خۆیدا وتی ئەم بێ عەقڵییە گوناهی من نییە، ئەم گەنجێکی زیندووە و پێویستی بەپارە هەیە تا بتوانێ بژی، بێ کار و پیشەش پارە دەست ناکەوێ... ئەوەتا کاریش دەست ناکەوێ.

ئەمەیان گرفتێکی ڕۆحییە و دواجار دەیەوێ چارەی بۆ بدۆزێتەوە... ئەمێستا دڵی بەوە خۆشە کە مەسەلەکە کۆتایی پێ هاتووە.

لە هەموو ڕوویێکەوە هەستی بەژیانی خۆی کرد. جگە لە چەند ساتێک بەولاوە... تابلۆیی ژیانێکی بێ کەڵک و تام و بێهوودەی بەسەر دەبرد. بەڵام ئێستا... بۆ دواجار بڕیاری دا کە ورد و بەدیقەت بێ.

بەچەندەها کۆگا و چێشتخانەدا گوزەری کرد... ڕووەو -کۆمەڵەی گەنجانی مەسیحی- ملی نا... لەوێ قەڵەم و کاغەزێکی پەیدا کرد و تیایدا داوای ئەوەی کرد کارێکی بۆ بدۆزنەوە، یەک سەعاتی ڕەبەق شتی نووسی... کتوپڕ لە تاو برسێتی و هەوای پیسی ئەو شوێنە خەریک بوو ببوورێتەوە، وا توند تەکانی دەدا.... هەر دەت وت مەلە دەکا، بەپەلە ئەوێی بەجێ هێشت. لە پارکی مەڵبەندی شارەوانیدا کە دەکەوێتە بەرامبەر -پەرتووکخانەی گشتی- یەک لیترە ئاوی خواردەوە... هەستی کرد هاتەوە سەرخۆی. لە ناوەڕاستی شەقامە کۆنکریتییەکە پیرەمێردێکی بینی کە چەندەها کۆتر و نەورەس و مەلی تر بەسەر سەرییەوە هەڵدەفڕین. بەچەنگ نانە وردەی لەسەر پارچە کاغەزێک هەڵدەگرتەوە و زۆر کیبارانە بۆ مەل و فڕندەکان هەڵی دەدان.

وای بەخەیاڵدا هات داوای پارچە نانێک لەو پیرەمێردە بکا. بەڵام زوو لێی پەشیمان بۆوە، چووە ناو پەرتووکخانە و بۆ ماوەی سەعاتێک -پرۆست-ی خوێندەوە، پاشان ... دیسانەوە وای هەست کرد کەوتۆتە ژێر خەیاڵی خۆی... دوور ڕۆیشتووە... بەپەلە چووە دەرەوە، دەمی بەفوارەی ناو پارکەکەوە نا و ئاوێکی زۆری خواردەوە... ملی نا... دەبووایە ڕێگەیەکی دوور ببڕێ تا دەگاتەوە ژوورەکەی خۆی.

لە دڵی خۆیدا وتی: با بچمەوە و تێر بنووم... چی تر هەیە بیکەم ... زانی زۆر هیلاکە و پێویست بەوەش ناکا بەدرۆ بڵێ: چاکم ، لەگەڵ ئەوەشدا بەمێشک وریا و زیندوو بوو... هەر وەک مێشکی پارچەیەکی سەربەخۆ بێ و بوونێکی تایبەتی خۆی هەبێ، یان سوور بێ لەسەر ئەوەی بێ ئەدەبانە گاڵتە بەئازار و ژانی گەورەی جەستەی بکا. سەر لە ئێوارەیەکی زوو گەیشتەوە ژوورەکەی... دەستبەجێ قاوەکەی خستە سەر ئاگر. قوتووەکە شیری تیا نەمابوو، ئەو کەم شەکرەی هەفتەی ڕابردوو کڕیبووی... تەواو



ببوو ، کوپێکی لەو ئاوە ڕەش و گەرمە خواردەوە... لەسەر پێخەفەکەی ڕاکشا و زەردە لە لێوی دەباری.

دە دوانزە کاغەزی نامەی لە مەڵبەندی گەنجانی مەسیحی دزی... بەو ئومێدەی بتوانێ نووسینەکەی پێ تەواو بکا، بەڵام ئێستا ڕقی لە نووسینە. هیچی نەبوو بینووسێ. کەوتە پۆلیش کردنی ئەو پێنسەی بەیانی دۆزییەوە، ئەم کارە هیچە خۆشییەکی زۆری پێ بەخشی، هیچ پارەیەکی ئەمریکی بەقەد پێنس بریقە هەڵناهێنێ. ئاخۆ چەند پێنسی گەرەکە تا پێی بژی؟ هیچی تری ماوە بیفرۆشێ؟ سەیرێکی ژوورە ڕووت و بێ تفاقەکەی کرد نەخێر. خۆ سەعاتەکەشی فرۆشت... هەروەها کتێبەکانیشی. ئەو کتێبە نازدارانە، نۆ دانەی بە هەشتا و پێنج (سێنت) فرۆشت، لە خەفەتی ئەو کتێبانە هەستی کرد نەخۆشە و شەرم دایگرت . باشترین قاتیشی بە دوو دۆلار فرۆشت، ئەوەیان قەیدی ناکا، ئەوەندە گوێی بەجل و بەرگ نەدەدا. بەڵام بۆ کتێبەکان... مەسەلەکە جیاوازە. لە خۆی پەست و زویر بوو... هەستی کرد ڕێزی ئەو نووسەرانەی نەگرت کە کتێبەکانیان نووسیوە.

پێنسە بریقەدارەکەی خستە سەر مێزەکە، وەک پیاوێکی قرچۆک بەخۆشییەوە لێی ورد بۆوە. لە دڵی خۆیدا وتی: چەند بەجوانی زەردە دەیگرێ... سەیرێکی کرد... بەڵام بێ ئەوەی وشەکان بخوێنێتەوە... وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا -یەک سێنت- پێنسەکەی هەڵگێڕایەوە و سەیرێکی ئەودیوی کرد... چاوێکی بەوێنەی -لینکۆڵن- کەوت... ئەم ڕستەیەشی بەرچاو کەوت: «بڕوامان بە خوا هەیە... سەربەستی١٩٢٣» لە دڵی خۆیدا وتی: چەند جوانە...!

تەواو بێ هێز و خەواڵوو بوو هەستی دەکرد نەخۆشە و خوێنی سارد بۆتەوە. بەسەرسامی... لە تەنیشت پێخەفەکەیدا وەستا... جگە لە خەوتن هیچی شک نەدەبرد. دەرحاڵ هەستی کرد بەسەر زەوییە نەرمەکەدا هەنگاوی گەورە دەنێ... ڕووەو سەرەتا کەوتەوە مەلەکردن... ڕووی نقومی نوێنەکە کرد... لە دڵی خۆیدا وتی: دەبێ ئەم پارەیە بدەم بەمناڵێک، ئەو دەتوانێ دەیەها شت بەتەنها پێنسێک بکڕێ.

پاشان بەنەرمی، بەجوانی، بەسووکی، هەر بەسەر جۆلانەکەشەوە بوو، بەتەواوی لەجەستەی خۆی جیابۆوە. بۆ ساتەوەختێک بوو بە زۆر شت: بوو بە باڵندە، ماسی، جرج، مار، مرۆڤ. هەزارەها وێنە بەبەرچاویا دەهاتن و دەچوون... تاریک و بێ کۆتایی... وەک دەریا شەپۆلیان دەدا، شارێک دەسووتا. حەشاماتێکی بێ شومار

کەوتبوونە هات و هاوار. زەوی دەخولایەوە و وەک بازنەیەک دوور دەکەوتەوە...

کە بەخۆی زانی ...... وای کردووە... ڕووە ون بووەکەی بەرەو ئاسمانی بۆش و بەتاڵ هەڵبڕی... هەستی نەکرد زیندووە، ئەمێستا بێ خەون و خەیاڵە، بەڵام بێ غەوش و تەواوە.

---

ولیەم سارۆیان دەڵێ: «من زۆر بەئاسانی و بێ گرێ چیرۆکەکانم دەنووسم... بێ ئەوەی ئازاری خۆم بدەم و بتلێمەوە... چونکە زۆر کەس لەو باوەڕەدایە کە کاری نووسین پێویستی بەو ئازار و تلانەوەیە دەبێ. ئەوپەڕەکەی سێ سەعات بۆ نووسینی کورتە چیرۆکێک تەرخان دەکەم» . کەم کەس باوەڕ بەم قسەیەی سارۆیان دەکا، ئەگەرچی ئەو سەدان چیرۆکیشی نووسیوە... بەڵام لە هەموویاندا هەست بەئازار و خۆخواردنەوە دەکەیت... لەوە دەچێ کاتێکی زۆریشی پێوە کوشتبێ... تامی چیرۆکەکانیشی لەو غوربەتییە دایە کە سارۆیان وەک ئەرمەنێک- لە ئەمەریکادا هەستی پێ دەکرد. خەمێکی تەنک و شیرین بۆتە کاڵای بەری چیرۆکەکانی.

سەرکەوتنی چیرۆکەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ هەوا و میزاجی خۆی. نەک مەسەلەی لێزانین و شارەزابوونی لە هونەری چیرۆکدا ئەم چیرۆکەش کە لێرەدا کردوومانە بەکوردی: لە ساڵی (١٩٣٤)دا پاداشتی باشترین چیرۆکی ئەمەریکی وەرگرت. پاداشتەکەش هەر بەناوی (ئۆهێنری)یەوە ڕێک خرا کە یەکێکە لە چیرۆکنووسە چاکەکانی ئەمریکا. ساڵی (١٩٣٤)بوو بەساڵی دۆزینەوەی بەهرەیەکی بێ هاوتا. ئەو کاتەش سەردەمێکی تاریک و پڕ نوشوستی و هەرەسی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی بوو. بەهەزارەها گەنج بێ ئیش و کار دەسووڕانەوە... (سارۆیان)یش بۆ ئەم چیرۆکە کەڵکی لە هەواڵی ڕۆژنامەیەک بینی کە لەگەنجێک دەدوا لە برسانا و لە سان فرانسیسکۆ مردبوو. لە تەنیشتییەوە و لەسەر مێزێک پێنسێکی بەجێ هێشتبوو. لەسەر ئەو پارەیە نووسرابوو «ئێمە بڕوامان بە خوا هەیە... بەسەربەستی... ١٩٢٣» لەسەر پارچە کاغەزێکیش نووسرابوو- داوای ڕوخسەتێک بۆ ژیان - بەڵام هەندێ کەس ئەم چیرۆکە تێکەڵ و پێکەڵەی بەلاوە سەیرە و حەزی پێ ناکا. بەس حەز دەکەم خوێنەر ئەوە بزانێ کە (سارۆیان) لەم چیرۆکەدا ( تەوژمی هۆشی - تیار الوعی) بەکارهێناوە و کە ئەمەشیان شێوازێکە لەسەر دەستی (جەیمس جۆیس) و (فۆکنەر) و (فرجینیا ولف) بناغەی داکوتا. زۆربەی چیرۆکەکانیشی پەیوەندییان بەژیانی نووسەرەوە هەیە...

ئەگەرچی وەک یاداشتیش نەینووسیوەتەوە... بەڵکو ئەوپەڕی هونەر و جوانی تیا تواندۆتەوە، نووسەر پتر لە ڕێگەی ڕۆژنامە فرۆشتنەوە ئاشنای هونەر و ئەدەب و ژیان بوو... حەوسەڵەی قوتابخانەی نەبوو... لە ڕێگەی کتێبەوە خۆی فێر کرد.

لە نووسینێکی دیکەیدا دەڵێ: «ئەو پیاوەی تۆ لەسەری دەنووسیت و دەیکەی بەپاڵەوان...



مەرج نییە کارێکی گەورە و پاڵەوانانەی کردبێ... ئەمەیان چیرۆکەکەی تۆ مەزن و نایابتر ناکا. واز لە پاڵەوانەکەت بێنە و چی کردووە... با هەر ئەوە بکا... با وەک خۆی دەیەوێ بژی. وازی لێ بێنە با بڕوا. بدوێ، بیر بکاتەوە، بنوێ، خەون ببینێ، وەئاگا بێ، دیسانەوە بڕوا... دیسانەوە بجووڵێ... بژی... هتد».

ئەوەی شایانی باسە (ولیەم سارۆیان) لە ساڵی (١٩٠٨)دا و لە (کالیفۆرنیا) لە دایک بووە... دایک و باوکی لەو ئەرمەنییانەن کە لە «روسیا»وە بەرەو ئەمەریکا کۆچیان کرد... وا بزانم هەمووی چەند ساڵێکە مردووە.

لە کتێبی

Contemporary Short Stories, Representative Selections,
Edited by Maurice Baudin JR.
Volume one, New-York

## له نێوان یازده و دوودا

### چیرۆکنووسی هیندی: پی. سامباسیڤا

کات: یازدەی شەوە

شوێن: گۆڕەپانی ئیستگەی شەمەندەفەری «سێکندەر ئاباد»ە.

ڕووناکی نیۆنەکان بەسەر ئەو ناوەدا دەبارێ. لە دەرەوەش هەموو شتێ تەواو نقومی تاریکییە. ئەو خەڵکەش بەکۆمەڵ هێرشێکی بەتاوی دەهێنا وەک ئەوەی بەربەرەکانێی هێزە مەزنەکانی سروشت بکەن و بیبڕەوێننەوە.

ڕێبوارەکان دەهاتن و دەچوون... کەسیشیان ئاوڕێکی لەو ئافرەتە نەدەدایەوە لەوێ ڕاکشابوو... لەوە دەچوو دەیەوێت دڕ بەتاریکی دەوروبەری خۆی بدا و بیبڕەوێنێتەوە.

ئافرەتەکە کەوتە دواندنی ئەو پیاوەی لە پەنادیواری نزیک دەروازەکەدا لەسەر کەچە جلێک لێی ڕاکشابوو... بەشێنەیی لێی پرسی:

« ئەرێ چۆنیت؟... کاروبارت؟»

کابراش بەنائومێدییەکەوە وەڵامی دایەوە: ئیمڕۆ هیچم چنگ نەکەوت... بڵێی یەک (پای) (١)...»

«ئای کە بێ بەختی...! وەرە ئێرە ... جگەرەیەک داگیرسێنە».

ژنە ئەمەی وت و جگەرەیەکی پێشکەش کرد. هی خۆی ئاگری گرت و ئەویش بەقێزەوە تووڕ هەڵی دا. بانگی چایچییەکەی کرد و داوای پیاڵەیەک چای لێ کرد... هەر بەپەنجە قژە ئاڵۆزکاوەکەی دادەهێنا.

پیاڵەکەی لە لێوی- نارایا- نزیک خستەوە.

«دەی بیخۆرەوە... هەر ئێستا باشتر دەبیت».

لق و پۆپی چرووپری درەختە باڵابەرزەکەش شۆڕ دەبوونەوە و دەکەوتنە جوڵانەکردن وەک ئەوەی لەگەڵ سۆز و بەزەیی ئەو ژنەدا بهەژێن و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕن.

«دەبینم پارەت هەیە» نارایا- ئەمەی وت و قومێکی لە چایەکە دا.

«بەڵێ ... ئیمڕۆ یەک ڕوپییەم دەست کەوت»

«کەلوپەلی ڕێبوارانت هەڵگرت؟»



«نەوەڵڵا... دزیم» نارایا چاوێکی پڕ لە پرسیاری لێ هەڵبڕی.

«پیرەژنێکم دی هاتە ناو ئیستگەکە و کەوتە پارە ژماردن تا تکیتەکەی خۆی ببڕێ. یەک شەق چوومە بەردەمی و داوام لێ کرد کەلوپەلەکەی بۆ هەڵبگرم... جزدانی پارەکەی لێ کەوتە خوارێ... منیش ئەوەندە شەیتانانە ئەوەندە بەخێرایی پارەکەم بۆ کۆکردەوە... بەڕادەیەک هەستی پێ نەکرد ڕوپییەیەکم لە ژێر پێمدا شاردۆتەوە».

نارایا زەردەی هاتێ.

«هەروەها بۆ حەماڵییەکەش چوار عانەی دامێ»

ئافرەتەکە گرێ کوێرەی دەستەسڕێکی کردەوە پارەی چایەکەی دا.

منداڵێکی هەژارو شڕۆڵ هاتە کن ئافرەتەکە و توند ڕایکێشا. ژنەکە کەمێ ئاسوودەیە... لە تەنیشتەوە بەچرای عەرەبانەی «ڕکشۆ»(٢) کە جگەرەیەکی داگیرساند. بەنەرمی و لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەوت.

لە نزیکەوە پیرێکی دەرۆزەکەری بینی کە لەبن دیوارەکەدا خۆی گرمۆڵە کردبوو... گۆچانەکەشی لە تەنیشتەوە فڕێ درابوو.

ژنە سلاوێکی لە پیرەمێرد کرد و لێی پرسی:

«هێی مامەی پیرە... ئیمڕۆ کەس خێری پێ کردی؟»

زەردەخەنەیەکی مردوو لە لێوی باری و وتی:

«من چەندی زووتر بمرم.... ئەوەندە باشترە!»

«جا بۆ بمریت؟ ئەوەتانێ من لەگەڵتام» بانگی منداڵە هەژارەکەی کرد و داوای لێ کرد یەک دوو مۆز بۆ پیرەمێردەکە بهێنێ.

«منیش حەزم لێیەتی!» منداڵەکە وتی.

«مامە... جێگاکەت بۆ دابخەم؟»

پیرەمێرد بەزەردەخەنەیەک دەمی کرایەوە: «ڕایەخ و شتی چی ... بۆ من؟»

«ئۆە... تۆ نازانی ئەم کۆنکریتە چەندە نەرمە».

لەنێو پەڕۆوپاتاڵ وغەرگە و کەچە جلی پیرەمێرد لێفەیەکی کۆنی هێنا و ڕایخست.

بەوپەڕی بەزەیی و خۆشەویستییەوە دەستی بەسەر پیرەمێردەکەدا هێنا و پاشان بەجێی هێشت و ملی نا. گەیشتە قوژبنێکی تر لە ئیستگەکە. دوو پارچە جلی لەناو

خۆڵ و تۆزەکەدا ڕاخست و بەو لەشە سست و ماندووەی لێی ڕاکشا.

ڕووی کردە خاوەنی«تۆنگا» (٣)و ... کابرای –ڕکشۆ–و کۆڵ هەڵگرەکە و ئەو پیاوەی هەمیشە لەوێ فولی سودانی دەفرۆشت... هاواری لە هەموویان کرد کە بێداری نەکەنەوە.

ئەو سەر شۆستە و سەکۆیانەی جێی چاوەڕوانی بوون... ئێستاکێ تەواو چۆڵن... قومارچییەکان لەوێ تەڕدەستن و هەروا خەریکن.

زرم و کوت لەو ناوە نابڕێ... وارە وارِی پاس و ترومبێلان... تەقە تەقی عەرەبانە و پەیتونان... ڤرە ڤڕی شەمەندەفەران.

ژنەش هیلاک و ماندووی خەوە و زوو زووش تەنکێشان دەگۆڕێ. پیاوێک شۆرتێکی خاکی لەبەردایە و بەخۆو بەقژێکی لوول و دەم و چاوێکی گریزاوییەوە لێی نزیک دەبێتەوە.

«هەستە دەی... لەگەڵ تۆمە» پیاوەکە دایدەتەکێنێ. ژنەکەش خۆی سەغڵەت ناکا و ڕووی لێ وەردەگێڕێ. پیاوە شۆرت لەبەرەکەش گرێ کوێرەیەک لە لچکێکی سارییەکەی(٤) ژنە دەکاتەوە و سێ پارچەی– چوار عانەیی–لێ دەردەهێنێ و سووک دەیخاتە گیرفانی... سەرێک هەڵدەبڕێ و دیقەتی ئەو دەوروبەرە دەدا. دیارە کەس نەیدیوە... هەستی بەخۆشی و حەوانەوەیەک کرد. هەر بەغاردان گەڕایەوە لای قوماربازەکان:

«دایگرنەوە... دیسانەوە گرەوی لەسەر دەکەم» زریکەیەکی کتوپڕ... پیرەمێرد ڕاست بۆوە و کەوتە هاوارو قیژەقیژ... قومارچییەکان بەهەڵەداوان و پەرۆشانە بەرەو لای –نارایا– غاریان دا و لێیان پرسی:

«ئەوە چییە ... چیت لێ قەوما؟»

«شتێ پێوەی دام»

هەموو بەیەکەوە سەیرێکی ئەو ناوەیان کرد. دووپشکێکی بۆر بەخێرایی دەخشی. یەکێکیان پێیەکی لێ نا و پلیشاندییەوە، یەکێکی تر بەپارچە قوماشێک پەنجەی بۆ دەبەستەوە... ئەویش هەر دەینالآند و لە ئافرەتەکە نزیک دەبۆوە... کاتێ ژنە گوێی لە ناڵە ناڵی پیرەمێرد بوو... لە خەو ڕاپەڕی و وەئاگا هات.

«من پەشیمانم و ... خەجاڵەتم... من بووم پارەکەی تۆم دزی...»

ئا لەم ساتەدا ژنەکە هەستی کرد ئەو گرێ کوێرەی پارەکەی تیا بوو کراوەتەوە.



نەیدەتوانی سەیری ناو چاوی ئافرەتەکە بکا... دایە پرمەی گریان.

ژنە بەپەرۆشەوە لێی پرسی:

«ئەرێ ئەوە چی بوو...... چیت لێ قەوما؟»

«دووپشکێک .......» نەیتوانی چی تر بڵێ.

ڕووەو باڵەخانە بەرزەکە دەرپەڕی و بەپەلە بەرەو لای دەرمانخانەکەی ئەوبەری جادەکە ملی نا. هاوارێکی لە دەرمان فرۆشەکە کرد کە لەسەر پەنجەی پێ دەخولایەوە.

کابرای عەرەبانچیش خۆی گەیاندە ژنەکە و کەوتە بانگ کردنی دەرمانفرۆش.

ئەویش لە بالکۆنی نهۆمی ژێرەوە وەدەرکەوت... ژنەکەش بەدەم هاوارەوە وتی:

«توخوا دەرمانێکمان بدەرێ... یەکێکمان دووپشک پێوەی داوە»

کابراش بەگاڵتەوە سەیرێکی ئافرەتەکەی کرد.

«دەی توخوا... دڵ لە دڵ مەدە... پارەکەی چەند بێ... دەتدەمێ»

کابرا چۆوە ژوورێ... کەمێ خۆی گرخاند... هاتەوە و پاکەتێک دەرمانی دا بەژنەکە.

ژنەش پارەکەی خستە دەستی و بەپەلە بەو شەقامەدا غل بۆوە... ئاورێکی دایەوە و دەرمان فرۆشەکەی بینی... هەموو لەشی گرژ بوو... برۆیەکانی وێک هاتنەوە... تفێکی ڕوو کرد.

پیرەمێرد هەستی دەکرد ئازارەکەی کەمتر دەبێتەوە... دووبارە کەوتنە تیمارکردنی. خەو تاوی بۆ هێنا و ئەویش لەسەر پێخەفی ئافرەتەکە خەوی لێکەوت... لە تەنیشتەوەش ناڵە هەژارەکە لە پرخەپرخی خەودا بوو.

ژنە بەچاوێکی پڕ لە سۆز و بەزەییەوە لە ناڵەکە ورد دەبۆوە دڵی بۆی ژانی دەکرد و خوێنی لێ دەتکا. کات لە نیوەشەویش تێپەڕیوە... قوماربازەکانیش هەر یەکەی بەلایەکدا بلاوەی لێ کرد. شەونم دەکەوت ... هەواش گەلێ تەڕ و تەزیو ... سارییەکەی ڕاکێشا و بەسەر خۆی دادا.

نیگایەکی دوور وا لەناو چاویدا ... دایە پرمەی گریان تەواو دەم و چاوی خۆی شاردەوە.

فرمێسکەکانیش خەون و خەیاڵی بەرچاوی لێڵ دەکەن.... ئەو کێیە...؟ بۆچی ژیان بەڕووی ئەوەندە سەخت و دژوارە؟ بۆ هەمیشە... ؟ ئاخر تاکەی؟

چ ئازار و مەرگەساتێکە... چ جۆرە یادێکە...؟

برسێتی زۆری بۆ دێنێ و فرمێسک بەچاوانیا دێتە خوارێ.

دیسانەوە هەمان بیرو هەمان یادە... بازاڕی ئاهەنگ و هەرای ئەو ڕۆژە پیرۆزە... ئەو قەڵەباڵغییەی یەکدی دەشێلا... خەزێمە جوانەکەی لووتی... پەراوێز و داوێنی شینی سارییەکەی دایکی ... تا ئێرە و ئیتر بیری نایەتەوە چی ڕووی دا... ڕێگەی لێ ون بوو... لەوێ بۆ وێ خولی دەخواردەوە... دایک و باوکی لێ ون دەبێ... هەر دەڕوا و دەڕوا تا دوور و دوورتر دەکەوێتەوە... پاشان دەکەوێتە دەرۆزەکردن... ڕەنج و ئارەق ڕشتن...

ژیانێکی تاڵ و پیس و بێزەوەر... شانزدە ساڵی دوورو درێژ... ترسناک... دەیزانێ... جوان دێتەوە یادی...

بەڵام ئەو کێیە؟ ئاخر وێڕای ئەو هەموو بەزمەش... ئەو کێیە؟ هەتا کەی لە خەم و پەژارە و برسێتی و نەخۆشیدا بژی؟

ئەگەر بمرێ ...؟ بەڵێ ... چییە ئەگەر ئەو بمرێ ...؟ لە نێو جیهانێکدا کە ڕاستی و دادپەروەری نازانێ.

قورگی وشک بۆتەوە... لە ناوەوەدا و بەرۆح دەیزریکاند.

زەلامێک سلاوێکی لێ کرد... دەنگێکی ئاشنا... ئاوڕی لێ دایەوە... (نارایا) بوو... لێی نزیک بۆوە... زەردەخەنەیەک لە لێوی باری.

«خەوت نایە؟» سەیرێکی چاوانی ئافرەتەکەی کرد کە بەخوێن سوور هەڵگەڕابوون «ئۆە... نا... نابێ وا بکەی.......».

زەردەخەنەیەکی پڕ نهێنی و مردوو لە لێوی ژنەکە باری.

کابرا پارچە نانێکی بۆ ڕاگرت.

«دیارە شتێکت چنگ کەوتووە؟»

بەڵێ ... بەکرێی عارەبانەکە نیو –ڕوپییەی دەست کەوتووە.

«وەرە.... لێم وەربگرە و بیخۆ»

«نەخێر... دەبێ خۆت بیخۆی»

هەردووکیان سەیری یەکدی دەکەن.

یەکێک داوای لێ کرد بەکرێ بیبا.

ژنە قەمپاڵێکی لە نانەکە دا.

توولە سەگێکی ڕەش بەبەردەمیدا هات و کلکی بادەدا. ئافرەتەکەش وەک سلاوی



لێ بکا فیکەیەکی بۆ کرد. توولەکەش خۆی بۆ هەڵدا و کەوتە لستنەوەی لەپی ئافرەتەکە.

«ها... ئەم پارچە نانە دابەش بکەین؟» ژنەکە ئەمەی وت و پارچەیەکی خستە دەمی توولەکە.

توولەکەش قرووسکاندی و شادانە کەوتە حەپەحەپ کردن.

ئەویش توولەکەی لەباوەش کرد و دەستی لە ملی وەرێنا. زەردەخەنەیەک لە لێوی باری... بەدەم خۆیەوە پێکەنی... بەو دونیایەی دەوروبەری خۆی پێکەنی.

سەعاتی بورجەکەش لێی دا و... دوو جار زرنگەی هات.

---

(١) پای: پارەیەکی کۆنی هیندییە.

(٢) ڕکشۆ (یان) جنرکشۆ: پەیتونێکی دوو ویلییە و مرۆڤێک ڕایدەکێشێ و یەکێکیش سوار بووە.

(٣) تۆنگا: پەیتونێکی دوو ویلییە و ئەسپێک ڕایدەکێشێ.

(٤) ساری: کراسێکی هیندییە.

# پیانۆ

ولیەم سارۆیان

– هەر جارێک کە پیانۆیەک دەبینم... چاک گڕ دەگرم. بێن وتی:

– بەڕاستیتە... لەبەرچی؟ ئێما پرسی.

– نازانم... تۆ پێت ئەرک نییە بەرەو ئەو کۆگایە بڕۆین و سەیرێکی ئەو پیانۆ بچووکە بکەین کە لە قوژبنەکەدایە؟

– چی لێ دەزانی؟ ئێما پرسی.

– ئەوەی من دەیزانم گەر تۆ ناوی بنێی پیانۆ لێدان.

– چۆن ... چ دەکەی؟

– هەر ئێستا دەمبینی؟

گەیشتنە کۆگاکە و بەرەو پیانۆ بچووکەکەی قوژبنەکە خشان. ئێما سەیرێکی کرد و زەردەخەنەیەک گرتی، سەیری پێ هات ئاخۆ ڕۆژێک ئەم کوڕەی چاک ناسیوە. ماوەیەک بوو وای هەست دەکرد چاک ناسیویەتی و کەچی ئێستا لە پڕ وا هەست دەکا.... هەر تێی نەگەیشتووە. (بێن) لەسەر پیانۆکە وەستا و سەری بۆ خوارکردەوە. (ئێما) خەیاڵی بۆ ئەوە چوو کە دەشێ جارێکیان ئەم کوڕە گوێی لە ساز و ئاوازی پیانۆیەک بووە و عەشقی ئەم جۆرە خرۆشە لێی داوە... هەر جارێکیش کە بۆردی مۆسیقا و پیانۆیەک ببینێ ئەو مۆسیقایەی بیر دێتەوە... وا هەست دەکا ئەویش دەبێ بیزانێ!

– ئا... بزانم چۆن یاری پێ دەکەی؟ کچەکە پرسی.

بێن سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. وا دیار بوو فرۆشیارەکانی کۆگاکە لەگەڵ حەشاماتەکەدا خەریک بوون.

– نازانم... نازانم یاری پێ بکەم... بێن وتی.

کچەکە بینی دەست و پەنجەکانی هاوڕێیەکەی بەهێمنییەوە لەسەر دوگمە و کلیلە ڕەش و سپییەکانی پیانۆکە دەهاتن و دەچوون، وەکو پیانۆژانێکی بلیمەت، ئەوەی بیری لێ دەکردەوە و ئا لەم ساتەدا لەبەر چاوی ڕووی دا شتێکی نائاسایی بوو. هەستی کرد ئەم کوڕە کەسێکە زۆری ماوە تا لە خۆی دەگا و کەسێکی تریش زۆر لەو پەرۆشترە کە تێی بگا. دەبێ ئەم کەسێک بێ و پوخت لەم پیانۆیە بزانێ!



بێن ئاوازێکی هێمنی لە پیانۆکە بەرز کردەوە. کەس بەلایانا نەهات شتێکیان پێ بفرۆشێ، جا بۆیە هەر وەستابوو... خەریکی ئەوە بوو کە بە پیانۆ لێدان ناوی نەدەبرد.

باشە... کچەکە هەستی پێ کرد ئەمەیان پارچە مۆسیقایەکی مەزن بوو. نیو دەقیقەیەک خەریک بوو. سەیرێکی کچەکەی کرد و وتی: «خۆشە».

– زۆریش پڕ خرۆشە. ئێما وتی.

– مەبەستم لێدانەکە نییە. بێن وتی. مەبەستم پیانۆکەیە... پیانۆکە خۆی ئاوازێکی خۆشی هەیە... بەتایبەتیش بۆ ئەم پیانۆیە کە بچووکە.

دەستە پیاوێک کە خزمەتکاری کۆگاکە بوو لێیان نزیک کەوتەوە و وتی: ئێوە چۆنن هەلاو.

– بێن وەڵامی دایەوە. ئەم پیانۆیە گەنجینەیە.

– ئامێرێکە زۆر لەبەر دڵانە... بەتایبەت لە کۆشکە قەشەنگەکانا. تا ئێستاش زۆرمان لێ فرۆشتوون.

– نرخی چەندە؟ بێن پرسی.

– دوو سەد و چل و نۆ.... پەنجا. بێ گومان بەمەرجیش دەیبەی.

– لەکوێ دروستی دەکەن؟ بێن پرسی.

– لە ڕاستیدا نازانم... وا بزانم لە – فلادلفیا– دروست دەکرێ... کوا بوەستە ئێستا دەیدۆزمەوە.

– نا خۆت سەخڵەت مەکە. بێن وتی: تۆ هیچی لێ دەزانی؟

خزمەتکارەکە وەڵامی دایەوە «نا... نەخێر»

کابرا هەستی پێ کرد بێن حەز دەکا هێشتا کەمێکی تر خۆی تاقی بکاتەوە.

– بەردەوام بە... تۆزێکی تریش خۆت تاقی بکەرەوە.

کابرا وتی:

– بەس من خۆم گوێم بۆ گرتبووی. کابرا وتی:

– ئەمە مۆسیقا لێدان نییە... من یەک نۆتە نازانم بخوێنمەوە.

– بەس من لەززەتم لێ بینی. کابرا وتی:

– هەروەها منیش...

یەکەم ئابوونەی چەندە؟ کچەکە وتی و پرسی.

– ئۆو... چل پەنجا دۆلاریک... دەی بەردەوام بە... حەز دەکەم گوێت بۆ بگرم. کابرا وتی:

– ئەگەر ئەمە ژوورێکی ئاسایی بووایە... دەمتوانی بۆ چەند سەعاتێک لەسەر ئەم پیانۆیە دانیشم. بێن وتی:

– کەمێکی تر یاری پێ بکە... کەس هەقی بەسەرتەوە نییە. کابرا وتی.

کابرایەکە مێزێکی بۆ بێن ڕاکێشا و لەسەری دانیشت دەستی کرد بەوەی کە بەپیانۆ لێدان ناوی نەدەبرد. بۆ پانزە بیست چرکەیەک خۆی سەرشێتی پیانۆیەکە کرد و تا کەوتە سەر ئەوەی ئاوازێکی بۆ خۆی دۆزییەوە و دوو سێ دەقیقە هەر لەسەر ئەم ئاوازە ژەنی.

هەر بەردەوام بوو تا ئاوازەکە هێمنی و ماتییەکی بەخشی و (بێن)یش زیاد و زیاتر لەگەڵ پیانۆکە نەشئەی وەردەگرت. پاشان وەستا و هەستایەوە سەر پێ.

– سوپاس... زۆرم حەز دەکرد بیکرم.

– دەی... گوێی مەدەرێ. کابرا وتی:

کوڕ و کچەکە لە کۆگاکە چوونە دەرەوە. لەسەر شەقامەکە کچەکە پێی وت «بێن من ئەوەم لە تۆ نەدەزانی».

– دەربارەی چی؟

– دەربارەی تۆ!

– من چیمە؟

– ئا بەم شێوەیت. ئێما وتی:

– ئێستا نیوەڕۆیە... من بەشەو زۆر پەرۆشی پیانۆ دەبم... بێن وتی:

هەردووکیان چوونە ناو چێشتخانەیەکی چکۆلانە و لەسەر مێزێک دانیشتن و داوای سەندەویچ و قاوەیان کرد.

– لە کوێ فێری مۆسیقا بووی؟ ئێما پرسی.

– من لە هیچ شوێنێک فێر نەبوویم... لە هەر شوێنێ پیانۆیەک ببینم دەچمە گژی... هەر لە منالیمەوە لەبەر بێ پارەیی ئەم خووەم گرتووە. بێن وتی.

سەیرێکی کچەکەی کرد و زەردەخەنەیەک گرتی وەک ئەو زەردەخەنەیەی کە لەسەر پیانۆکە وەستابوو سەیری بۆردەکەی دەکرد.



ئێما هەستی بەفیزێک کرد.

– هەردەم بێ پارەبوون وا لە مرۆڤ دەکا لە زۆر حەز و ئارەزووەکانی خۆی بێ بەش بێ کە هەمووشیان بەهەقی خۆیشی دەزانێ. بێن وتی:

– منیش هەر وای بۆ دەچم. کچەکە وەڵامی دایەوە.

– بەشێوەیەک شتێکی باشە و دواییش دەبینیت کە خەراپە. بەس بەڕاستی زۆر ناخۆشە.

دووبارە سەیرێکی کچەکەی کردەوە– لەم ساتەدا کچەکەش هەر بەم شێوەیە بەرووی پێکەنییەوە کە بەڕووی پێکەنیبوو.

کچەکە تێگەیشت. ئەمەشیان وەکو پیانۆکەیە. دەتوانێ چەند ساتێک لە تەکیا بەسەر بەرێ. دیسانەوە هەستی بەلەززەت و فیزێک کرد کەوا ئەم گرنگییەی پێ دەدا.

بەیەکەوە چێشتخانەکەیان بەجێ هێشت و دوو ڕیزە ماڵیان بڕی تا گەیشتنەوە ئەو کۆگا مەزنەی بازاڕ کە کچەکە فەرمانبەری ئەوێ بوو.

– زۆر چاکە... خوا حافیز... بەئومێدی دیدار.

– بەئومێدی دیدار...

«بەخێر بێن». ئێما وتی.

کوڕەکە بەشەقامەکەدا سۆڕ بۆوە و کچەکەش چۆوە ناو کۆگاکە. بەشێوەیەک یان شێوەیەکی تر کچەکە هەستی کرد ڕۆژێک دێ و ئەم کوڕە پیانۆیەکی چەنگ بکەوێ... هەروەها هەموو شتێکی تریش.

# دایک

## ئیتالۆ سڤیڤۆ

لە دۆڵێکدا کە هەر چوار دەوری بە گردۆڵکەی سەر بەدار و دەوەن گیرابوو... لەژێر هەتاوی بەهاریشدا زەمین چەندە ڕەنگین بوو.... ئا لەو شوێنەدا دوو خانووی گەورۆنە و پەرپووت، لە تەنیشت یەکدییەوە، قوت ببوونەوە... هەردووکیشیان لە بەرد و گەچ دروست کرابوون... لەوە دەچوو بەدەستی هەمان وەستاش کرابن، لە بەردەمی هەردوو خانووەکەشدا دوو باخچەی بەقەد یەک و بەتەپانێک داخرابوون، وەلێ ئەو دوو خێزانە هەمان بەخت و چارەنووسیان نەبوو.

لەنێو یەکێ لە هەردوو باخچەکەدا سەگێکی نووستوو بەسەر زنجیرەکەی ملیدا کەوتبوو، جووتیاری خاوەن ماڵیش لەژێر سێبەری درەختەکان پاڵی دابۆوە و هەناسەی حەوانەوەی دەدا، لەولاوەش... لە قوژبنێکدا... دوور لە هەموو شتێک کۆمەڵێ جووجەڵە لە بەسەرهات و بێنەوبەردە و ئەزموونی گەورەی خۆیان دەدوان. چەند جووجەڵەیەکی لەوان هەراشتر لە نێو باخچەکەدا چینەیان دەکرد، بەڵام ئەو جووجەڵانەی کە تا ئەو حەلەش قاڵبی هێلکەکانیان بەرنەدابوو، ئەو هێلکانەی تازە ترووکابوون، گەلێ خۆشحاڵ بوون بەوەی هاتوونەتە دونیا و لەم ژیانە ڕادەمێنن.... هێشتا لێشی ڕانەهاتبوون. هێشتا زووە و کەچی بەخەم و خۆشی ئاشنابوون. ئاخر بۆ عومرێکی چەند ڕۆژی گەلێ ناخۆشە... گەر جووجەڵەکان عومرێکی لەوە زۆرتریان هەبووایە دەیان توانی بەرگەی هەموو خۆشی و ناخۆشییەک بگرن، لەوە پتریش فێر دەبوون، لەوەش حاڵی دەبوون کە بەشێک لەو ئەزموونە پڕەی با وو باپیران لەگەڵ یەکەم تکە خوێنی نێو هێلکەکە چۆتە لەشیانەوە. ڕاستی خۆشە... هەر کە لە هێلکە ترووکان و هەتاو لێی دان زانیان دەبێ وت و وریا بن و بەووردی دیقەتی هەموو شتێک بدەن... یەکەم جار بەچاوێک... پاشان بەدووان... تاکو حاڵی بن لەوەی ئاخۆ دەبێ خۆیان بپارێزن یان بەدوای خۆراکدا گیرۆدە بن.

تۆزێ لە گەورەیی ئەم دونیایە دووان، دونیای داخراوی نێو درەخت و تەپانی درکەزی، لە خانووی وا بەرز و بڵند... ئاوا قەبە. ئەوەتا هەموو شتێکیان بەچاوی خۆیان بینی، بەڵام لەوە پتر حەز دەکەن لێی بدوێن.

بەهەر حاڵ... یەکێ لە جووجەڵەکان، جووجەڵەیەکی خڕوخۆڵ و تێروپڕ، زەردباو، بەڵام نەسرەوت و بزێو، وەک ئەوانی تر حەزی بەوە نەدەکرد باسی ئەو شتانە بکا کە دەیان بینێ، بەڵکو دەرحاڵ هەتاوی نەشەبەخشی خۆری، نە سارد... نە گەرمی، ئەو ساتە خەیاڵێکی بۆ هانی و خستییە قسە:

«برادەرینە... مادامەکێ خۆر شک دەبەین حاڵمان زۆر چاکە و هەموو بێ عەیبین، بەڵام ئەوەی من بزانم و وەکو بیستوومە دەکرێ هەموو یەکێ لە ئێمە لەوە شاد و بەختەوەرتر بێ، ئەوەی تەواوێ پەست و نیگەرانی کردووم... بۆیە واش دەڵێم چونکە دەزانم ئێوەش لە من نیگەرانترن... بەڵێ من لەوە پەستم بەگوێی خۆم گوێم لێ بوو کچی کابرای جوتیار دەی وت: گوایە ئێمە هەموو نەگبەت و چارەڕەشین چونکە هەر هەموومان بێ دایکین... باوەڕتان بێ وا بەحەسرەتەوە ئەمەی وت کە هەر دەبوو بۆ بێ بەختی خۆمان بگریم...»

جووجەڵەیەکی تر، کە لەوی تریان سپی تر و چەند سەعاتێکیش ساواتر بوو. تا ئەو حەلەش بەخۆشی شوکرانە بژێرییەوە بیری لەو ساتە شیرینە دەکردەوە کە هێلکەکە ترووکا و ئەم هاتە دەرێ- بەناڕەزاییەوە هەڵی دایە:

«برادەرینە... ئێمە بێ دایک نین. دایکی ئێمە ئەو مەکینە گەرمەیە کە دەیەها جووجەڵەی جوان و بێ عەیبی هەڵێناوە... لەوپەڕی سەرما و سۆڵەدا ئەم دایکەی ئێمە هەر گەرم بوو».

جووجەڵە زەردباوەکەش، کە بۆ تاوێ قسەی کچە جوتیارەکە لە دڵی دابوو خۆی بیرچۆوە و خەیاڵێک بردییەوە تۆزێ دڵی خۆی دایەوە و بەوە خۆشحاڵ بوو کە خەون بەدایکێکەوە ببینێ.... دایکێک بەقەد باخچەکە گەورە و بەقەد پرپۆڵەش چاک.... لەپڕ بەرقەوە جووکاندی و ڕقەکەشی پتر باراندە سەر جووجەڵە سپییەکە.... نەک ئەو دایکە ئاسنینە:

«ئەگەر هەر فەرزەندێک خۆی بەدایکێکی سارد و بێ گیان بەستەوە، مەسەلەکە زۆر ئاسان دەبێ.... هەموو کەس ئەوەی بۆ دەکرێ. بەڵام دایکی ئێمە شتێکی زیندووە و لە ئێمەش خێراتر غار دەدا. لەوەش دەچێ وەک عارەبانەی کابرای جووتیار پێچکەی هەبێ. جا بۆیە دەتوانێ بەهاناتەوە بێ و فریات بکەوێ بێ ئەوەی تۆ بانگی بکەی، کە سەرماش خەریکە ڕەقت بکاتەوە... ئەم دەتوانێ گەرمت کاتەوە. شەوانیش چەند خۆشە دایکێکی وا میهرەبانت لاوە بێ....».

جووجەڵەیەکی دیکە هەڵی دایە، هەر برای جووجەڵەکانی تر بوو چونکە لە هەمان مەکینە هاتبووە دەر، وەلێ تۆزێ جیاوازیش بوو، دەنووکی پان و قاچەکانیشی کورت و

باریک بوون. پێیان دەوت «جووجەڵە بەدڕەوشتەکە» چونکە کە شتێکی دەخوارد قرتە قرتێک لە گەروویەوە دەهات و ڕاستی.... ئەمیان، بێچووە مراوییەکی وا بوو کە ئەگەر لە نێو گۆمێکدا بووایە بەڕەوشتی جوانی دەناسرا. ئەمیش گوێی لەوە بوو کچە جووتیارەکە ئەم مەسەلەی نەدەبڕییەوە. جارێکیشیان جووجەڵەیەک سەرما لێی دا و خستییە نێو گیاوگۆڵەکە و هەر دەلەرزی.... ئەوەندەی پێ نەچوو سارد بۆوە و مرد... کۆمەڵێ جووجەڵەش بەدەورییەوە وەستابوون و بێ ئەوەی هیچ یارمەتییەکی جووجەڵە سەرمابردووەکە بدەن... دیارە ئەوان هەستیان بەهەمان سەرما و سۆڵە نەکردبوو. ئا لەو ساتەدا مراوییەکە لە نێو جووجەڵەکانەوە ملی پانی بۆ درێژ کرد و سەرە ورد و چکۆلەکەی هێنایە پێشەوە... زۆر ڕاستەوخۆ و ساویلکانە دڵنیای کردن لەوەی گەر جووجەڵەکان دایکیان هەبووایە ئاوا نەدەمردن.

وای لێ هات هەر هەموو جووجەڵەکان خەون بەدایکێکەوە ببینن... ئەم ئارەزووە تا دەهات کوشندەتر دەبوو (بگرە بارۆکەکانیش بەم مەسەلەیەوە سەغڵەت بوون) زۆرجاریش ئەو نەخۆشییانەی جووجەڵەکانی دەخست بارۆکەکانیشی هیلاک دەکرد.... نەخۆشییەکانیش دەبوونە مایەی مەترسی... هەندێ جاریش بیرو خەیاڵی خۆیان بەتەواوی پرزەی لەبەر بڕیبوون. خولیا بوونی دایکێک تا ئەوپەڕی لە کەللەی چکۆلانەی هەر جووجەڵەیەکی دابوو، کە هەواش خۆشی دەکرد بارۆکە ساغەکان خۆیان بەدایکی جووجەڵەکان دەزانی، کاتێکیش جووجەڵەکان بەئازارێکەوە دەتلانەوە بێچووە مراوی و عەلەشیشەکان دەبوون بەبرای ڕاستەقینەیان... چونکە ئەوانیش هەر هەموو خەونیان بەو دایکەوە دەبینی.

یەکێ لە جووجەڵە هەرە هەراشەکان حەزی نەکرد ئەم مەسەلەیە فەرامۆش بکا و ڕۆژێکیان زۆری بۆ هات و سوێندی خوارد-کە هەر دەبێ ئەو دایکە ون بووەو بدۆزێتەوە. لەنێو هەمووشیاندا هەر تەنها ئەم بەناوی خۆی «کوورا» ناسرابوو.... چونکە هەر کاتێ کابرای جووتیار بەرکۆشەکەی پڕ دەکرد لە برۆێش و هاواری دەکرد- «کوورا... کوورا» ئەم لە پێش هەموو جووجەڵەکانەوە باڵی دەگرت. لەوە دەرچوو بوو پێی بڵێی جووجەڵە... بێچووە کەڵەشێرێکی فەراقە بوو، نەسرەوت و بزێو، ئازا و بوێر، هەمیشە لەسەرپێ و تەیار و ئامادەی شەڕە دەنووک، پەڕو پاڵ ڕەنگین.... بەڵام هەر دەت وت ئاگری قودرەتە... هەر هەموو جووجەڵەکانی تر پێی سەرسام بوون و هەر بۆیەشە بەدوای دایکێکدا دەگەڕا، ئەو دایکەی ئەم لێی دەدوا دەیتوانی چی جوانە و چی خۆشە بیخاتە بەردەمی بێچووەکانی... جگە لەوەی ئەمیش ڕازی دەبێ.... خەون و



فیز و هەوای بێچووە کەڵەشێریش لەوێ بوەستێ.

ڕۆژێکیان «کوورا» زۆری بۆ هات، بڕیاری دا و تەواو، بەباڵەفڕەیەک لە پەرژینە چڕەکە پەڕییەوە و خۆی دەرباز کرد.... ئەو پەرژینەی بەچواردەوری دونیای ئەمدا داخرابوو. دەرحاڵ لەبەر دەرگای دەرەوە نیشتەوە... بەسەرسامییەوە وەستا. لەنێو دۆڵێکی ئاوا گەورە و قووڵدا کە سامالێکی وا شین و پاک.... ئاسمانێکی وا بەرفراوان بەسەریدا چەماوەتەوە... ئا لە نێو ئەو دۆڵەدا و لەژێر ئەو ئاسمانە ئەم چۆن دایکی بدۆزێتەوە؟ ئا لەنێو دونیایەکی وا بێ سەرەتا و کۆتاییدا ئەمێکی وا چکۆلە چۆن بگەڕێ... نەخێر... مەحاڵە هیچی پێ بکرێ... بۆیە نەیوێرا زۆر دوور بڕوا و لە کۆلیت و باخچەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە.... لەو دونیایەی کە ئەم بەپوختی ئاشنای بوو. بەدەم خەیاڵەوە کەوتە گەڕان و لەو دەوروبەرە چینەیەکی بۆ کرد. ئا بەم چەشنە گەیشتە تەپانی تەنراو بەدەوری باخچەی ماڵەکەی دراوسێیان.

لە دڵی خۆیدا وتی: «ئەگەر دایکە لە ژوورەوە بێ... هەر ئێستا دەیبینم...».

ئەگەر ئەم دونیایە وا گەورە نەبووایە... ئەمیش وا دوودڵ و ڕاڕا نەدەبوو... ئاوا نەدەترسا... لێرەش... دیسانەوە بەباڵەفڕەیەک لە پەرژینەکە پەڕییەوە و کەوتە نێو باخچەکە.... هەر دەت وت ئەو باخچەیەیە کە تۆزێ لەمەوبەر جێی هێشتبوو.

ئا لێرەش کۆمەڵێ جووجەڵەی زۆر ساوا لە نێو چیمەنە پڕەکە کەوتبوونە جووکەجووک و دەمەتەقێ. بەڵام لەنێو ئەم باخچەیەدا باڵندەیەکی وای بینی کە لە باخچەکەی خۆیاندا قەت نەیدیبوو. مریشکێکی خرت و خۆڵ... دەتتوانی بڵێی دە بەقەد «کوورا» قەبە و گەورۆنە، کەوتبووە ناوەڕاستی جووجەڵەکان و ئەوانیش بەچواردەوریدا ئەڵقەیان بەستبوو.... هەر کەسێک ئەم دیمەنەی بدیبایە دەی وت ئا ئەم باڵندە مەزنە سەردار و گەورە و پارێزەریانە. جا بەڕاستیش دەبیاراستن. کە جووجەڵەکانیشی لە کێڵگە و باخچەکە دوور دەکەوتنەوە ئەم بەقووقەیەک ئاگاداری دەکردنەوە... یانێ وت و وریا بن و دوور مەڕۆن... ئەم دەنگەیان پتر لە دەنگی کچە جووتیارەکە دەچوو کاتێ جووجەڵەکانی خۆی بانگ دەکرد. بەڵام ئەم بێجگە لەم دەنگە بە گەلێ شێوەی تریش دەنگی دەدان. تاوتاوەش باڵی بەسەر جووجەڵە هەرە لاواز و بێ هێزەکاندا دەکێشا و دەیانی شاردەوە.... دڵنیا لەوەی کە بەو لەشە گەرمەی گەرمیان دەکاتەوە.

«کوورا» بەخۆشییەکەوە کەوتە بیرکردنەوە: «ئەوەتا.... ئەمە دایکەیە. تەواو... ئیتر دۆزیمەوە و بیرای ببڕ جێی ناهێڵم. ئای کە وای لێ دێ خۆشی بوێم...! ئاخر من لە هەموویان بەتین و ئازا و جوانترم. جگە لەوەش... ئاسانە بۆ هەمیشە گوێ ڕایەڵی بم

چونکه منیش ئەوم خۆش دەوێ. ئای کە دایکێکی جوان و عەنتیکەیە.... تۆ سەیری چ بەترۆتۆپ و هەوایە.... کەواتە هەر خۆیشم یارمەتی دەدەم تا بەیەکەوە ئاگامان لەو جووجەڵە بێ مێشکانە بێ».

بێ ئەوەی سەیری بێچووە کەلەشێرەکە بکا قووقەیەکی بۆ کرد. «کوورا» لێی نزیک کەوتەوە... وای بۆ چوو کە بانگی ئەم بکا. سەیرێکی کرد.... بینی خێرا خێرا بەنینۆکە تیژ و درێژەکانی لە نێو خۆڵ و خاکەکەدا چینە دەکا.... تۆزێ وەستا و لەززەتێکی لەم دیمەنە بینی... یەکەم جاری بوو... قەت لەمەوبەر شتی وای نەدیبوو. کە مریشکەکە وەستا کرمێکی چکۆلە بە بەردەمیدا و لەسەر زەوییەکە بەپێچ و لوول دەخشی و پاشان لە ناو گیاو و گۆڵەکە خۆی ون کرد ئەمجارەیان دایکە قووقاندی و کەوتە گارەگار.... وەلێ جووجەڵەکانی لە هیچ حاڵی نەبوون و بەسەرسامییەوە سەیری دایەیان کرد.

«کوورا» لە دڵی خۆیدا وتی: «ئای کە گێل و بێ مێشکن.... تێناگەن کە دایکە دەیەوێ کرمەکە بخۆن....».

ئەم هەر بەو نیازەی کەگوێڕایەڵ و ملکەچی دایە بێ تاوی دایە کرمەکە و بەیەکجار قووتی دا.

دوای ئەوە.... ئای کوورا-ی بەستەزمان....! دایکە شێتانە.... نەگریسانە بەدەنووک دایگرتەوە.... یەکەم جار تێی نەگەیشت و نەیزانی بۆ وا دەکا، خەیاڵی بۆ ئەوە چوو کە دایکە بەم کتوپڕییە ئەمی دۆزیوەتەوە و بۆیە خۆی بۆ نەگیراوە... ویستوویەتی ماچی بکا و لە باوەشی بگرێ... کەچی لە تاوانا ماچ و لە باوەش کردنەکەی وا کەوتۆتەوە. هیچ نییە... دەبێ خۆشحاڵ بێ و سوپاسی ئەم هەموو میهر و سۆزەی بکا... سوپاس بۆ ماچەکانی (خۆ ئەم هیچی لێ نازانێ... جا چۆن بیزانێ... ئەم کەی دایکی خۆی بینیوە) جا بۆیە هەقی خۆیەتی گەر لێ بگەڕێ لە خۆشیانا ئازاریشی بدا. بەڵام ئەمجارەیان کە بەدەنووک دایگرتەوە و نەیهێشت سەری ڕاست بکاتەوە... هیچ گومانی لە دڵدا نەما کە نابێ ئەم سەرکوتکردنەوەیە ماچ و مووچ بێ. کوورا ویستی خۆی ڕزگار کا و لەبەردەستی هەڵبێ... بەڵام مریشکی زل و زەلام کوتای... کوتای.... دەنووکی لێ گیر کرد و بەرزی کردەوە... خستییە ژێر چنگی و سواری سەری بوو... دیسانەوە بەدەنووک دایگرتەوە... نینۆکە تیژەکانی لە سکی کوورا چەقاند.

کوورا بەتین و تاوێکی شێتانە توانی دەرباز بێ و ڕووەو تەیمانەکە کەوتە باڵەفڕە. لە تاو خۆی بێ بەزەییانە چەندەها جووجەڵەی شێلا و چەندەهاش بەحەوادا فڕین... سەر بەرەوخوار... لە حەژمەتانا دەیان جووکاند. گەر وا نەبووایە ڕزگاری نەدەبوو چونکە



دوژمنەکەی بۆ ساتێ لای جووجەڵە کەوتووەکانی وەستا... ئەم گەیشتە لای تەیمانەکە.... هەرچەندە بەدڕک و داڵ و لق و پۆپێکی زۆر تەنرابوو... کەچی کوورا بەیەک تەکان توانی لەو لەشە سووک و چکۆلەی خۆی کونێک لە تەیمانەکە بکاتەوە.

دایکەش لە ژێر سێبەری چڕوپڕی درەختەکە وەستا. هەر لەتەک تەیمانەکە مایەوە و نەجووڵا... بەفیزێکەوە... شکۆمەندانە لەو کونەوە، وەک بڵێی لە پەنجەرەیەکەوە بڕوانێ. سەیری ئەو بێگانەیەی دەکرد... ئەمیش پرزە لەبەر بڕاو وەستابوو. لە تووڕەیی خۆی چاوەکانی پڕ ببوون لە خوێن ... بەو چاوە خڕ سوور هەڵگەڕاوانەی شێواوانە سەیرێکی کوورا-ی کرد.

«تۆ کێی تا زاتی ئەوە بکەی ئەو خۆراکە بەریت کە من بەو هیلاکییە لەم خاکە دەری دێنم...؟».

«من کوورام....» زۆر نەرم و لەسەرخۆ جووکاندی: «بەڵام تۆ... تۆ کێی؟ پاشان بۆ وا شێتانە مامەڵەم لەگەڵ دەکەی...؟».

بۆ هەردوو پرسیارەکە تەنها وەڵامێکی دایەوە: «من دایکم...» پاشان بەفیزێکەوە پشتی تێ کرد.

دوای ئەوە.... ماوەیەکی بەسەر تێپەڕی و کوورا فراقەتر بوو ... بوو بە کەڵەشێرێک نەبێتەوە... دەت وت خەرتەلە، ڕۆژێکیان لە باخچەیەکی دیکەدا خۆی بینییەوە.... کۆمەڵێ مریشک و کەڵەشێر کە هاوڕێی تازەی بوون بەوپەڕی خەم و سۆزەوە لە دایکیان دەدوان.

ئەمیش ئەو ڕۆژە ڕەشەی خۆی هاتەوە یاد و بەخەم و قەهرێکەوە وتی: «دایکی من وا نەبووە... تا بڵێی دڕندەیەکی چەپەڵ بوو... خۆزگە قەت نەمدیبایە...!».

.........................................

تێبینی: ئەم چیرۆکە ناچێتە ژێر خانەی چیرۆکی منالاًن.

لە کتێبی:

Reading Modern Short Stories Chicago- Copyright 1955

لاپەڕە: ٤٠٣-٤٠٧

## شار... گوند

### ثۆرنرلی

(ولفرید هوکەر) کوڕێکی گەنجی شاری (لەندەن) بوو، چاک دەیزانی چۆن خۆش بگوزەرێنێ، ماڵێکی خۆشی هەبوو؛ زوو زوو دەچووە دەرێ... بۆ بینینی شانۆگەری یان بەشداربوون لە ئاهەنگێک، باشترین ماشێنی لێ دەخوڕی. پارەیەکی مۆڵی هەبوو... ڕۆژێکیان هات بەخەیاڵیدا و فڕۆکەیەکی کڕی فێر بوو چۆن خۆی لێی بخوڕێ، فڕین ببووە یەکێک لە گەمە و بەزمە خۆشەکانی.

ڕۆژێکیان سیی ساڵ بەر لەمڕۆ، حەزی کرد بەسەر ئاسمانی ئینگلتەرەدا بفڕێ، سواری فڕۆکە بچکۆلەکەی بوو... فڕی، بەو نیازەی کە گەشتێکی کورت و خۆش بکات، سەرەتا هەموو شتێک لە شوێنی خۆیدا بوو، کە گەیشتە سەر بەشی ڕۆژهەڵاتی مەملەکەت، مەکینەی فڕۆکەکە عەیبێکی تێ کەوت.

لە بەختی خۆی کە ئەم نەگبەتییە گرتی؛ فڕۆکەکەی نزم دەفڕی، کاتی ئەوەی هەبوو چاو بۆ شوێنێک بگێڕێ کە تیایدا بنیشێتەوە، لە ژێرەوەڕا کۆمەڵێک کێڵگەی بینی کە ئەوەندە تەخت و ڕاستان دیاربوون کە بوێرێ لەسەر یەکێکیان بنیشێتەوە.

هەرواش بوو... توانی سەرکەوتووانە لەسەر یەکێک لەو کێڵگانەدا بنیشێتەوە ئەوەندەش تەخت نەبوو... وەک ئەوەی کە لەو بەرزاییەوە دەردەکەوت، بەڵام توانی بێ زەرەر و زیان بنیشێتەوە، بازێکی دا و لە فڕۆکەکە هاتە خوارێ، سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد تا بزانێ ئەو شوێنە کوێیە.

هەندێک درەختی بینی، لەگەڵ یەک دوو مانگا و ئەسپ کە ئاسوودە و ئارام لەناو ئەو کێڵگانەدا گیایان دەخوارد، بەسەر ڕێگایەکەوە لەو نزیکانەدا پیاوێک دەهات، ئەو وەختەی فڕۆکەکەی بینی هەڵوەستەیەکی کرد.

(هوکەر) بەدیقەتەوە سەیرێکی کابرای کرد، بەو ئومێدە بوو پێی بڵێ کە ئەو شوێنە کوێیە و چۆن بتوانێ بگەڕێتەوە (لەندەن)... لەوانەیە... تەواو دیاربوو کە کابرا خەڵکی یەکێک لەو گوندانەی ئەو دەوروبەرەیە، لەوە دەچوو جوتیار بێ، شەفقەیەکی کۆن و چڵکنی کردبووە سەری. پاڵتۆیەک کە لەوە دەچوو ڕۆژانێکی باشتریان لەمڕۆکە دیبێ، دارێکی بەدەستەوە بوو کە لەوە دەچوو لقی درەختێک بێ و شکاندبێتی، لاسکە



گیایەکی درێژیش بەلالێوییەوە. (هوکەر) ڕووەو لای کابرا ملی نا.

(هوکەر) لێی پرسی: (ئەرێ ئەم ڕێگەیە دەچێتەوە کوێ؟)

کابراش بێ ئەوەی لاسکە گیاکە فڕێ بدا... وتی:

(نایزانم)

(ئەی باشە ئەو ڕێگەی تر... ئەویان دەچێتەوە کوێ؟)

وەڵامی ئەمجارەشیان هەر (نازانم) بوو.

(نزیکترین گوند لەم دەوروبەرەدا ناوی چییە؟)

(نازانم)

(نزیکترین وێستگەی شەمەندەفەر لە کوێیە؟)

(نازانم)

(کام ڕێگە دەچێتەوە سەر - کینگ لین -؟)

(نازانم)

(ئەی چۆن بتوانم بگەمەوە - نۆروچ - ؟)

(نازانم)

(ئەی نزیکترین گەراج لە کوێیە؟)

(نازانم)

(دەباشە چۆن ئوتمبێلێکم دەست بکەوێ؟)

(نازانم)

(لەوە ناچێ زۆر شت هەیە بیزانی... دەیزانی؟)

برای دەشتەکی پێی وت: (بەڵێ... من لە تۆ زیاتر دەزانم)

(قسەی هیچ)

(با من دەزانم ئەو شوێنە کوێیە و... تۆ نایزانی)

***

# ڕووباری گەرم

## ئێرسکن کالدوێل

کابرای شۆفێر هەر بەپاڵ پردەکەوە ڕایگرت، پردێکی پیادەڕۆ... ڕووەو ئەوبەری ڕووبارەکە ئاماژەی بۆ کردم و ماڵەکەی پیشان دام، لەو وێستگەوە تا ئێرە کە دوو میلمان بڕیبوو دەیکرد چواریەکی کرێیەکە... دامێ و لە شەمەندەفەرەکەی دوور کەوتمەوە. کە جێی هێشتم منی تەنیا و شەوێکی تەزیو و جریوەی ئەستێرەکانی سەر دۆڵەکە و ڕووبارێکی سەوزی باوی پان ماینەوە... ڕووبارێک کە لە ژێرەوە هەستم بەهەڵاوە گەرمەکەی دەکرد، بەچوار دەوریشما چیا سەرکەشەکانی نێو ئەو شەوە لە چەند پەڵەهەورێکی ڕەش دەچوون. ئەگەر ڕێک سەیری ئاسمانم نەکردایە ڕەنگدانەوەی پڕشنگی کاڵی ئەو زەردەپەڕەی دوای خۆرکەوتنم نەدەدی.

هاوکات لەگەڵ هەنگاوەکانما پردەکە دەیقریشکاند، ترپەی هەنگاوەکانم نقومی نێو چریک و هوڕ و لەرزە لەرزی پردەکە دەبوون، ئەگەر بەپەلە هەنگاوم نەنایە نەمدەتوانی خۆم بگرم چونکێ پردەکە سەربەستانە لەم بەرەوە بۆ ئەوبەر ڕایدەژەندم، ک دواجار توانیم ئەودیو ببینم... سەیرم کرد بناری شاخێک ڕک و ڕێک تا گوێ ڕووبارە گەرمەکە داخزاوە، توند هەگبەکەم خستە بن باڵ و تا گوڕم تیا بوو... ڕام کرد.

هەتا ئەو حەلەش... دوای ئەوەی کە کەوتمە سەر ڕێیەکی بەردەڵانیش هەر دەترسام، من دەمزانی ئەگەر ڕۆژ بووایە بێ ترس و دڵەڕاوکێ یەکشەق لە پردەکە دەپەڕیمەوە، بەڵام لەو شەوەدا و لە دەوروبەرێکی ئاوا سەیر و ناشارەزا... کە بەهەر چوار دەورمدا شاخی ڕەشباو لووتکەیان لە ئاسمان دەژەند و لەژێریشەوە خوڕەی ڕووبارێکی سەوز و بەربڵاو... وایان لێ کردم بەڕوەستی لەرزە لەرزی هەر دوو دەستم نەیەم و لە ناوەوەش دڵی بێ ئۆقرەم سینەمی دەکوتا.

هەر زۆر بەئاسانی ماڵەکەیانم دۆزییەوە، پێکەنینم بەخۆم هات کە ئاوا بەتاو لە ڕووبارەکە دوورکەوتمەوە، هەر دوای پەڕینەوە لە پردەکە یەکەم ماڵ، خۆی بوو، هەتا گەر وێڵیش بوومایە (گریشن) هۆ لەوێ وەستا بوو بانگی دەکردم بەناوی خۆم بانگی دەکردم... هاواری ئاشنای بەگوێم وای لێ کردم تەریق ببمەوە... شەرمی ئەوە بمگرێ کە لە چیا و خوڕەی ڕووبار ترساوم.

بەڕاکردن غل بۆوە و لەسەر ڕێگە بەردەڵانییەکە پێشی لێ گرتم.



(ها - ڕیچارد - لەسەر پردەکە ترسایت؟) پەرۆشانە ئەمەی وت و بەهەر دوو دەست قۆڵی گرتم، بەنێو بەردەکاندا ڕووەو خانووەکەی بان هەورازەکە بەکێشی کردم.

(ڕاستیت دەوێ - گریشن - ترسام... بەڵام بەهیوام کە لەو ترسە ڕزگارم بووبێ...)

(ئەوە حاڵی هەموو کەسێکە... یەکەم جار، بەڵام کە جارێک پیا تێپەڕیت... هەر لەوە دەچێ بەسەر گوریسێکی توند بەستراودا هەنگاو بنێی، من کە بچکۆلە بووم بەو یارییە ڕاهاتبووم... لە گەنجینەکەدا گوریسێکمان هەڵدەبەست... ئەی تۆ ڕیچارد... وات نەدەکرد؟ بیرمە لەم بەرەوە بۆ ئەو بەر گوریسێکمان ڕایەڵ دەکرد...)

(منیش ئەو بەزمەم کردووە، بەڵام دەمێکە... کێ بیری ماوە؟)

گەیشتینە پێبلیکەکان و ڕووەو هەیوانەکە سەرکەوتین، گریشن ڕووەو دەرگاکە پەلی گرتم، یەکێک بەخۆ و بەچرایەکەوە ڕووەو هۆڵەکە دەهات، پڕشنگی چراکە دونیای ڕۆشن کردەوە و هەر دوو خوشکەکەی (گریشن)م لەناو دەرگا وازەکەدا بینی کە وەستابوون، گریشن بەهەردووکیانی ناساندم:

(ئەمەیان «ئانا»یە... خوشکی چکۆلەم... ئەوەشیان «ماری»یە)

لەناو ئەو تەنکە تاریکییەدا هەردووکیانم دواند، ڕووەو هۆڵەکە ملمان نا، باوکی - گریشن - لەتەک مێزێکدا وەستابوو... لاتەریک و دوور لە خۆی و بەلایەکدا چراکەی ڕاگرتبوو تا بتوانێ جوانتر دەموچاوی من ببینێ، پێشتر قەت بەدیداری یەکدی شاد نەببووین.

(ئەوەش باوکمە... لەوە دەترسا تاریکی بوارت نەدا ماڵەکەمان بدۆزیتەوە...)

(ڕاستی من ویستم بەچرایەکەوە بەرەو پیریت بێم، بەڵام گریشن وتی کە تۆ بێ کۆسپ و تەگەرە دەگەیت، خۆ بزر نەبوویت؟ زۆر سانا بوو... دەمتوانی تا خوارەوە بەچرایەکەوە بێم)

بەدەم تەوقەوە دەستیم ڕاوەشاند و پێم وت کە من زۆر بەئاسانی ماڵەکەیانم دۆزییەوە.

(ڕاستی کابرای شۆفێر لەوبەری ڕووبارەکەوە ماڵەکەی بۆ هەڵدام، چاوم لە ترووسکایی ناو ماڵەکەتان نەدەترووکاند، ئەو ترووسکاییییە نەبووایە لەوەدا بوو لەو خوارە و بەم تاریکییە ڕێ لە خۆم هەڵە کەم... ئەوساش ڕێک دەخزامە نێو ڕووبارەکە.)

لە سۆنگەی ئەوەی وا لەو ڕووبارە ترسا بووم باوکی گریشن قاقا تریقایەوە.

(نا... هەق نییە... نەدەبوو وا سەغڵەت بیت، ڕووبارەکە شلەتێنە، هەتا

زستانانیش... لە ڕۆژانی بەفر و زوقمیشدا ئەم ڕووبارەی ئێمە بەقەد ژوورێک گەرم و خۆشە، ئێمە هەموو شەیدای ئاوی ئەو ڕووبارەین.)

گریشن کە هێشتا دەستی لەنێو دەستما بوو... هەڵی دایە:

(نا... ڕیچارد... دڵنیابە نە دەکەوتیتە ڕووبارەکەوە، هەر کە لە قەمەرەکە دابەزیت من تۆم بەدی کرد... یەک هەنگاوی خوارت هەڵنایە من بەڕاکردن لە لات بووم.)

حەزم دەکرد لە پای ئەو قسەیە سوپاسێکی گریشن بکەم، بەڵام کاتێکم زانی ڕووەو ژوورێکی سەرووتر پێبلیکەکانی بڕی و بانگی کردم، هەگبەکەم پێش خۆم دا و دوای کەوتم، چرایەک لەوپەڕی هۆڵەکە و لەسەر مێزێکی نزم کز دەسووتا... هەڵیگرت و بۆ یەکێ لە ژوورەکانی لای پێشەوە ملی نا.

بۆ ساتێک وەستاین و لێکدی ڕامایین... هەر دوو بێ دەنگ.

(ڕیچارد... ئاوی ناو ئەم سوراحییە پاکە، هەرچییەکی دیکەت پێویست بوو تکایە پێم بڵێ وا بزانم هەموو شتێکم بۆ داناویت... هیچ پێویستییەکم نەبواردووە.)

(چاکە گریشن... دڵنیا بە... هیچی دیکەم ناوێ ئەوەندەم بەسە کە لێرەم و لەگەڵ تۆدام... هیچ شتێکی دیکەم ناوێ)

خێرا نیگایەکی کردم، پاشان چاوەکانی داگرت، هەردووکمان چەند چرکەیەکی دیکەش بێ دەنگ وەستاین... ئا لەو ئانوساتەدا هەردووکمان نەماندەزانی چی بۆ یەکدی هەڵڕێژین، ویستم پێی بڵێم کە چەندە شادم کە ئێستا وا بەیەکەوەین، هەتا گەر بۆ تەنها شەوێکیش بێ، بەڵام زانیم کە تۆزێکی تر هەر دەبێ ئەم ڕازەی لا بدرکێنم، گریشن چاک دەیزانی من بەو نیازە هاتووم.

(ڕیچارد... چراکەت لا جێ دێڵم، لە خوارەوە... لەبەر هەیوانەکە چاوەڕێتم... کە تەواو بوویت زوو وەرە خوارێ)

ئانوسات لە بەرچاوم نەما، بەر لەوەی فریای ئەوە بکەوم چراکەی بۆ ڕابگرم تا لەسەر پێبلیکەکان جوان بەرپێی خۆی ببینێ... دەستم گەیاندە چراکە ئەو لە خوارەوە بوو.

گەڕامەوە ژوورەکەم و دەرگام داخستەوە، دەست و دەم و چاوم شۆری، بەئاو و سابون تۆزوگەردی ڕێگام شۆری، بەفلچەیەکیش خۆڵی نیشتووی سەر جلەکانم داتەکاند، چەند خاولییەکی دەستکرد بەسەر عەلاگەیەکەوە بوون، یەکێکیانم ڕاکێشا و دەم و چاو و دەستەکانم پێ وشک کردەوە، قژم داهێنا و لەناو جانتاکەدا دۆزییەوە، پاشان دەرگام کردەوە و (گریشن) خۆت بگرە هاتم.



هەردووکیان لەبەر هەیوانەکە چاوەڕێم بوون، کە ڕووەو دەرگاکە هەنگاوم نا باوکی لەبەرم هەستا و لە نێوان خۆی و کچەکەی کورسییەکی بۆ دانام، گریشن کورسییەکەی بەلای مندا خزاند... تا دەستی بەر باسکم کەوت.

باوکی کورسییەکەی وا وەرسووڕاند کە ڕووی بکەوێتە من و پاشان لێی پرسیم: (ڕیچارد... دەڵێی ئەوە یەکەمین جارتە ڕوو بکەیتە ئەم هەرێمە شاخاوییە؟)

(ڕاستی بەسەد میلیش نزیک ئەم ناوچەیە نەبوومەتەوە گەورەم... سەبارەت بەم دەوروبەرەش دونیایەکی نائاشنایە بەمن، بەڵام وا بزانم جەنابیشت بەکەنار دەریاکەی لای خۆمان نائاشنای... وانییە؟)

گریشن هەڵی دایە: (ئۆه... بەڵام باوکم لە «نۆرفۆک» ژیاوە... وانییە باوکە؟)

(نزیکەی سێ ساڵ لەوێدا ژیاوم)

شتێکی تر مابوو بیڵێ، هەردووکمان چاوەڕێ بووین بیدرکێنێ، گریشن بەچرپەوە پێی وتم: (باوکە وەستایە... سەبارەت بەمیکانیکی شەمەندەفەر کارامە و لێزانە... لە وەرشەکانیشی دەست بەکارە)

پاش قەیرێ وتی: (بەڵێ... من لە زۆر هەرێمی جۆراوجۆر ژیاوم، بەڵام بۆ مانەوەم حەزم لێرەیە...)

یەکەم پرسیار کە بەخەیاڵمدا هات ئەوە بوو کە بۆ پتر حەز بەم ناوچە شاخاوییە دەکات، بەڵام کتوپڕ هەستم بەوە کرد کە باوکە و کچەکەی زۆر سەیر بێ دەنگ و داماون، ناچار بەخامۆشی هەردووکیان منیش ڕامام.

زۆری پێ نەچوو کەوتەوە قسە، بەڵام نەک بۆ من یان بۆ گریشن -ی کچی، بەڵکو لەوە دەچوو لەو بەر هەیوانە بۆ کەسێکی دیکە ڕازی دڵی بدرکێنێ، کەسی چوارەم کە من نەمدەتوانی لەنێو تاریکی شەوێکی ئاوادا بیبینم، چاوەڕێ بووم، گرژ و بێ ئۆقرە و هەڵچوو... چاوەڕێی ئەوەی ڕازی پەنهان بدرکێنێ.

گریشن چەند قولانجێکی دیکە کورسییەکەی بەلای مندا خزاند، بەڵام نەرم و لەسەرخۆ... بێ هەرا و خشەخش، هاڵاوی گەرمی ڕووبارەکە بەرز دەبۆوە و وەک بەتانییەیەک لەو شەوە تەزیوەدا هەرسێکمانی دادەپۆشت.

(دوای ئەوەی دایکی گریشن و هەر دوو کچەکەی تر بەجێیان هێشتین...) ئەمەی وت و بەسەر هەردوو ئەژنۆکانیدا خۆی لار کردەوە... نیگاکانیشی بەسەر ڕووبارە سەوز و پانوپۆڕەکەدا هەڵدەفڕین... بەئاستەم لێی حاڵی دەبووین.

(بەڵێ... کە دایکیان نەما گەڕامەوە نێو ئەم چیا و چۆڵە، نەمتوانی لە (نۆرفۆک) بمێنمەوە، بگرە (بالتیمۆر)یشم لێ خۆش نەدەهات، لە هەموو دونیادا هەر لێرە ئارام و ئاسوودەم. هەڵبەت گریشن یادی دەکاتەوە، بەڵام هیچ کامتان ناتوانێ لە حاڵی من بگات، من و دایکی هەر لێرە لە دایک بووین، نزیکەی بیست ساڵیش دەنێو ئەم شاخانەدا پێکەوە ژیاین، لەپاش مەرگی لێرە نەمام و دوور کەوتمەوە، نەفام بووم... وام دەزانی دەتوانم لەبیری خۆمی بەرمەوە، بەڵام نەخێر... زۆر هەڵە و یاغنیش بووم، هەڵبەت هەڵە بووم... پیاو ناتوانێ دایکی مناڵەکانی لە یاد بکات... هەتا گەر بشزانێ جارێکی دیکە هەرگیز چاوی بەچاوی ناکەوێتەوە.

گریشن زیاتر لێم نزیک کەوتەوە و خۆی بەلای مندا خست، لە تەنیشتەوە نەمدەتوانی چاو لەو لاڕوومەتەی بترووکێنم... ئەو لاڕوومەتەی تاریکی ببووە چوارچێوەی، ڕووبارەکەش بێ نرکە و ناڵە، بەڵام هاڵاوی گەرمی دڵنیای دەکردم کەوا هێشتا بەخوڕە و هۆ وا لەوێ.

باوکی پتر خۆی چەماندەوە تا هەر دوو باسکی لەسەر ئەژنۆکانی سرەوتن، لەوە دەچوو بیەوێ لەوبەری ڕووبارەکەوە کەسێک ببینێ... بڵند و بەرز لەسەر لوتکەی چیاکە، دوورتر چاوەکانی هەڵبڕی، ئەو پڕشنگەی لە دەرگاکەوە دەڕژایە سەر ڕوخساری لە چاوەکانیدا باقوبریق دەدرەوشانەوە. ئەو فرمێسکانەش کە بەسەر ڕوومەتیدا دەڕژان وردە ئەستێرە پەرت ئاسا دەبریسکانەوە، هێشتا گەرم بەسەر هەر دوو دەستە لەرزۆکەکانیدا دەبارین تا لەوێ دەکوژانەوە.

ئا لەم ساتەدا، کپ و بێ دەنگ هەستایە سەرپێ و ڕووەو دەرگاکە ملی نا، بەر لەوەی بچێتە ژوورەوە بۆ ساتێ وەستا و سێبەرە زەبەللاحەکەی من و گریشن -ی داپۆشی، ڕووم وەرسووڕاند و ڕێک سەیری ئەوم کرد، گەرچی دیار نەما، بەڵام من چاوم لە تارماییەکەی هەر نەترووکاند.

گریشن پتر لێم نزیک بۆوە، پەنجەکانی داچەقاندە نێو لەپی دەستم و ڕوومەتی لە شانم هەڵدەسوو وەک بڵێی شتێکی پێوە بێ و ئەم بیەوێ بەڕوومەت بیماڵێ، ترپەی هەنگاوەکانی باوکی بەئاستەم دەهاتنە بەرگوێ، دواجار نەمان. لە شوێنێکدا و لەو خوارە و بەکەناری ڕووبارەکەوە قریشکەی شەمەندەفەرێکی تیژڕەو دۆڵەکەی پڕ کرد، زرم و کوت... زریکەی خامۆشی ئەو شەوەی دەڕەواندەوە جاروبار لێرە و لەوێ پەنجەرەی ڕووناکی دەخستە نێو تاریکایی و پڕشنگی بەسەر ڕووبارە سەوز و بەربڵاوەکەدا دەپرژاند... چۆن ئەستێرەکانی قوتبی باکوور، هاڕە و سەدای ئاسنینانەی هەیکەلی



پۆڵاییینی بەڕووی چیا بەرزەکانەوە چ گرمە و گەواڵەیەک بوو.

گریشن بەهەردوو دەست توند دەستەکانمی دەگوشی... بگرە تا سەر پەنجەکانیشی دەلەرزین.

(ڕیچارد بۆ هاتیت بمبینی؟)

دەنگی تێکەڵ بەسەدا و ناڵینی ئاسنینانەی شەمەندەفەرەکە بوو کە ئەو حەلە لەوە دەچوو دوور کەوتبێتەوە.

وام مەزەندە دەکرد کە سەیری سەروسیمام بکا، بەڵام کە سەیریم کرد، بینیم دوور دەیڕوانی... ڕووەو قووڵایی دۆڵەکە... خوارتر تا ئەوبەری ئاوی گەرمی ڕووبارەکە. ئەم دەیزانی بۆ هاتووم بەڵام حەزیشی نەدەکرد پێی بڵێم و ئەو هۆیە بدرکێنم وەڵێ هەنووکە تێناگەم بۆ هاتووم بیبینم.

من گریشن -م خۆش دەویست لە هەموو کەس پتر دەمزانی کە من ئەوم گەرەکە و ئارەزووی دەکەم بەڵام نەمدەتوانی پێی بڵێم خۆشم دەوێ، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە باوکی ئاوا لە عیشق و ئەوین دوا، دوای ئەوەی بەم تەرحە باسی دایکی گریشن -ی بۆ کردین... ئەمێستا تەواوێ پەشیمانم کە هاتووم.

من دەمزانی گریشن بەڕۆح و بەگیان هی منە و ئامادەیە خۆی بەقوربانم کا، چونکێ خۆشی دەویستم، بەڵام من... لەبری ئەو هەموو خۆشەویستییە هیچم نەبوو پێی ببەخشم، چەندە شۆخ و نازداریش بوو، پڕ بەدڵ ئارەزووم دەکرد... ئەوەیان زووتر... بەر لەم ساتە وەختە، ئێستاکە دەمزانی کە ناتوانم وەک جاران بیری لێ بکەمەوە... وەک ئەو ساتەی کە بەڕێوە بووم و بەر لەم دانیشتنە.

(ڕیچارد... نەت وت بۆچی هاتیت؟)

(بۆچی...؟)

(ئا... ڕیچارد... بۆچی؟)

چاوەکانم داخستن، ئەوەی هاتەوە بەر دیدەی چاوانم جریوە جریوی ئەستێرەکانی سەر ئاسمانی دۆڵەکە بوو، گەرمی ڕووبارەکەی ژێرەوەمان، یاری پەنجەکانی لەسەر باسکم.

(ڕیچارد... تکات لێ دەکەم پێم بڵێ: بۆ هاتیت؟)

(نازانم بۆ هاتووم گریشن.)

(ڕیچارد گەر بەقەد من خۆشەویستی لە دڵتا هەبوایە... چاک دەتزانی بۆ هاتووی)

پەنجەکانی لەنێو دەستما دەلەرزین دەمزانی منی خۆش دەوێ، هەر لە سەرەتاوە هیچ

گومانێکم لە عیشقی ئەو نەبوو... گریشن خۆشی دەویستم.

(ڕەنگە نەهاتنم باشتر بووایە... گریشن من نەدەبوو بێم، هاتنم هەڵە بوو، دەبووایە لە تۆوە دوور بم)

(بەڵام تۆ بۆ تەنها شەوێک هاتوویت... ڕیچارد... بەیانی زوو جێم دەهێڵی... ناکرێ بۆ وەختێکی ئاوا کورت پەشیمان بووبیت... بڵێ ڕیچارد... پەشیمانیت؟)

(گریشن... من لەوە پەشیمان نیم کە لێرەم، بەڵام نەدەبوو بێم، خۆشم نازانم چ دەکەم و مەبەستم چییە، من هیچ هەقێکم نییە بێمە ئێرە ئەو کەسانەی یەکدییان خۆش دەوێ... هەر تەنها ئەوانە...)

(بەڵام هیچ نەبێ تۆزێک منت خۆش دەوێ... بڵێ وا نییە... ها ڕیچارد...؟ ڕەنگە بەقەد ئەوەی من تۆم دەوێ تۆ منت نەوێ، بەڵام ناکرێ نکوڵی لەوە بکەیت کە تەنها کەمێک منت خۆش نەوێ، هیچ نەبێ ئەوسا کە جێم دێڵی هەست بەوە دەکەم تۆزێ ئاسوودەترم... ها ڕیچارد...؟)

بەلێوە لەرزەوە پێم وت: (نازانم)

(ڕیچارد... تکات لێ دەکەم)

توندتر دەستەکانیم گوشی، کتوپڕ بۆ تاوێک حاڵەتێکی سەیر دایگرتم خێرا هەموو هەست و نەست و بوونی داگرتم... لە دڵی دام، وەک بڵێی قسەکانی باوکی کە تۆزێک لەمەوبەر درکاندی ئێستا لەبەر دڵ و دیدەمدا ڕوونتر دەرکەوتن، لەمەوبەر قەت نەمدەزانی خۆشەویستی وا هەبێت... ئەو خۆشەویستییەی باوکی لێی دەدوا و من لەو بڕوایەدا بووم کە پیاوان قەت ناتوانن ئافرەتیان خۆش بوێ بەهەمان ئەو گوڕ و تینەی کە ئافرەتێک پیاوێکی پێ خۆش دەوێ، بەڵام هەنووکە تێگەیشتم کە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە.

هەردوو بێدەنگ دانیشتبووین، دەست لەناو دەست... زۆری پێ چوو نیوەشەویشمان ڕەت کرد، چونکە چراکانی بەری دۆڵەکەش کوژابوونەوە... بەڵام سەبارەت بەهەردووکمان کات هیچ بایەخێکی نەمابوو.

زۆر بەناسکی پێمەوە نووسا، دەیڕوانییە سەروسیمام، هێشتا ڕوومەتیشی بەشانمەوە گیر کردبوو وەک هەر ئافرەتێک کە تا ئەبەد شەیدای پیاوێک بێ ئاواهی دەمزانی هی خۆمە و بۆ منە، بەڵام هەر ئەوسا تێگەیشتم کە من قەت زاتی ئەوە ناکەم خۆم بخەمە دەریای پڕ گێژەنەی خۆشەویستی ئەمەوە... لە نەزەر من ئەوەیان سەرکێشی بوو،



سەرەڕای ئەوەش گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە من هەرگیز بارتەقای ئەو خۆشەویستیم لە لا نەبووە... بەو زەخمەی کە ئەو منی ویستووە... بەهەمان زەخم من ئەوم وا نەویستووە، کە هاتیشم قەت شتی وام بەخەیاڵدا نەدەهات. من ئەو هەموو ڕێگەیەم بڕی تا بۆ چەند سەعاتێک بیگرمە باوەش و پاشان لەبیر خۆمی بەرمەوە... گەر بکرێ هەتا هەتایە.

کە وەختی ئەوە هات بچینە ژوورەوە، هەستامە سەر پێ و باسکم تێوەئاڵاند، کە دەستم بەری کەوت ئەم لەرزی، بەڵام کە بەرم نەدا پتر خۆی پێوە نووساندم، تەواوێ هەستم بەلێدانی دڵی دەکرد... زرم و کوت و ترپەی دەهات، وەک بڵێی تاو دوای تاو کەسێک لە دڵی گریشن - ەوە لەنێو قەفەزی سینەیەوە ڕووەو دڵی من سنگێک دابکوتێ.

پاشان وتی - (ڕیچارد... بەر لەوەی بڕۆیت ماچم کە)

ڕووەو دەرگاکە غاری دا، بۆ پێشوازیم کردییەوە، لامپای سەر مێزەکەی هەڵگرت و پێشم کەوت، ڕووەو ژوورەکەی سەرەوە ملی نا، لەبەر دەرگای ژوورەکەمدا چاوەڕێ بوو تا منیش چرایەکەی ئەو داگیرسێنم... پاشان چراکەی خۆمی دامەوە.

دەمم هەڵێنایەوە: (شەوت باش... گریشن)

(شەوت باش ڕیچارد...)

فتیلەی چراکەم بۆ داگرت نەبا دووکەڵ بکات، پاشان بەنێو هۆڵەکە و ڕووەو ژوورەکەی هەنگاوی نا.

(ڕیچارد... بەیانی لە وەختی خۆیدا بانگت دەکەم تا فریای شەمەندەفەرەکە بکەویت)

(باشە گریشن... مەهێڵە لە خەودا بمێنمەوە... چونکە کاتژمێر حەوت و نیو وێستگەکە جێ دەهێڵێ)

(مەترسە... زووتر وەئاگات دێنم)

دەرگای لەسەر خۆی داخست، منیش ڕووەو ژوورەکەم چووم و دەرگام لەسەر خۆم داخست، بەشێنەیی جلەکانی بەرم داکەند، فووم لە چراکە کرد و خۆم بەردایەوە سەر پێخەفەکەم، بێ ئۆقرە و ناڕەحەت ڕاکشام، چاک دەمزانی کە خەوم لێ ناکەوێ، هەر لەناو پێخەفەکەدا خۆم کێل کردەوە و جگەرەم بەجگەرە دادەگیرساند، بەودیو تەلی پشت پەنجەرەکە دووکەڵم بەبادا دەدا،ماڵیش کپ و خامۆش، جاروبار وام هەست

دەکرد کە گوێم لە خشپە و دەنگە... دەنگی جۆرە جووڵەیەکی کپ و خنکاو کە بەڕاڕەوەکەدا و لە ژوورەکەی گریشن -ەوە بێتە بەرگوێم... وەلێ تەواویش دڵنیا نەبووم.

نازانم چەندی پێ چوو کە هەر ئاوا لە ڕۆخی پێخەفی خۆمدا چەقیبووم، بەردەوامیش لە خەیاڵی گریشندا بووم، کتوپڕ هەستامەوە سەرپێ، دەرگام کردەوە و ڕووەو ڕاڕەوەکە غارم دا، دەرگای ژوورەکەی گریشن داخرا بوو، بەڵام من دەمزانی کە کلیل نەدراوە، بێ خشپە و لەسەرخۆ دەسکی دەرگاکەم بادا، لوولەی تەنک و باریکی پڕشنگێک لەو کەلێنەوە ڕژا، پێویستی نەدەکرد لەوە پتر دەرگاکە بکەمەوە، چونکە بەچەند هەنگاوێک لەودیو دەرگاکەوە گریشن -م بینی کە ئەگەر باڵەکانم بۆی بکردایەتەوە دەستەکانم دەیگەیشتنێ، بۆ تاوێ چاوانم داخست، بیرم لە حاڵی گریشن کردەوە... هەروەک چۆن بەدرێژایی سەفەری ئەو ڕۆژەم بۆ تاوێک لەبەر دیدەی خەیاڵمدا لا نەچووە... هەر لەوێوە تا ئێرە.

گریشن گوێی لە تەقەی دەرگاکە نەبوو کە کردمەوە، نەشیدەزانی لەوێ وەستاوم، چرای سەر مێزەکە گەش دەسووتا.

چاوەڕێ نەبووم وەئاگا بێ، وای بۆ چووم کە ئێستا لەنێو پێخەفەکەیدا ڕاکشابێ، لەسەر نیمدەرێک و لەتەک پێخەفەکەیدا کرۆشکەی کردبوو، سەری خستبووە سەر هەردوو باسکی و ئازای جەستەی بەدەم قوڵپی گریانەوە ڕادەتەکێ.

یەک قەفی بەقردێلەیەکی شینی کاڵ قژی بەسەر سەرییەوە بەستبوو... سەربەستانە بەسەر شان و ملیدا پەخش و بڵاو بوو، کراسی شەویشی ئاوریشمێکی سپی، دامێنیشی نەخشێن بەقیراجێکی ناسک، بەدەوری گەردنیدا یەخەی ئۆیەداری کرابۆوە.

ئەوسا کە بەو حاڵەوە دیم دەمزانی چەند شۆخە، هەرچەندە لەبەر دیدەی من هەمیشە دڵگیر بووە، هەرگیز لە گریشن شۆخترم نەدیوە.

تا ئەو حەلەش نەیدەزانی من وام لەبەر دەرگاکە، گوێی لە ترپەی هەنگاوەکانیشم نەبوو، لە تەنیشت پێخەفەکەیدا باسکەکانی لە هەردوو کڵاوەی ئەژنۆی وەرێنابوو... بەکوڵ دەگریا.

سەرەتا کە دەرگاکەم کردەوە خۆیشم نەمدەزانی بەنیازی چیم، بەڵام ئەمێستا کە لە ژوورەکەی خۆیدا دیم، سەر لەسەر ئەژنۆ و لەتەک پێخەفەکەی وەک بڵێی لە نوێژدا بێ، بێ ئاگا لەوەی من سەیری دەکەم و گوێم لە هەنسک و کسپەی دڵیەتی، ئا لەو کاتەدا دڵنیا بووم لەوەی کە هەرگیز کەسێکی دیکە وەک ئەو نابێ بەخولیا و خەمم، تا ئەو حەلە نەمدەزانی، بەڵام بۆ چەند ساتێک ئەو حەقیقەتە لە دڵ و دەروونمدا درەوشایەوە...



حەقیقەتی ئەوەی کە من بەڕاستی ئەو کچەم خۆش دەوێ.

بێ خشپە و هێدی دەرگاکەم داخستەوە و چوومەوە ژوورەکەی خۆم، کورسییەکم ڕاکێشا و لەبەر پەنجەرەکەدا لێی دانیشتم و چاوەڕێی گزنگی بەیانی بووم، لە پەنجەرەکەوە ڕووەو قووڵایی دۆڵەکە دەمڕوانی، دۆڵی ڕووباری گەرم لە باوەش کە چاوەکانم بەتاریکی ڕاهات هەستم دەکرد تا دێ نزیک و نزیکتر دەبمەوە... وا نزیک کە دەتوانم بچمە دەرەوە و هەر دوو دەستم لە ئاوی ڕووبارە گەرمەکە نقوم کەم.

درەنگی شەو و نزیک بەرەبەیان وام هاتە بەرگوێ کە یەکێک لە ژوورەکەی گریشندا بەهێواشی و لەسەرخۆ دێت و دەچێ وەک بڵێی لە مابەینی هەر دوو پەنجەرەکەدا پیاسە بکات، پاشان دڵنیا بووم وا لە هۆڵەکە و دواجاریش ئەوەتا لەبەر دەرگای ژوورەکەم.

کە خۆر لەسەر ترۆپکی چیاکان گزنگی دا هەستام و خۆم گۆڕی، پاشان هەستم کرد گریشن ژوورەکەی خۆی جێ هێشت و بەپێبلیکەکەدا غل بۆوە، زانیم بەپەلەیە نانی بەیانیم بۆ ئامادە کا بەر لەوەی بەگەیشتنی شەمەندەفەرەکە تەنگەتاو بم، قەیرێ چاوەڕێ بووم، دوای چارەکە سەعاتێک سەرکەوتەوە، بەنەرمی لە دەرگای ژوورەکەمی دا و چەند جارێکیش بانگی کردم.

بەقەڵەمبازێک گەیشتمە دەرگاکە و کردمەوە... ڕوو بەڕوو... بەخەیاڵی خۆی دەبووایە من هێشتا لە گەرمەی خەودا بم... کە لەناو دەرگاکە بینیمی تەیار و ئامادەم کۆڵێ سەرسام بوو، بۆ ساتەوەختێک لە حەیبەتا دەمی بەسترا.

هەر دوو دەستیم گرت و پێم وت: (گریشن... پەلەت نەبێ لەوەی زوو وەدەرم نێی - ئەم بەیانییەش ناگەڕێمەوە - من خۆیشم نازانم دوێنێ شەو بۆ وام کرد... هەنووکە من چاک لەوە حاڵی بووم کە من تۆم خۆش دەوێ...)

(بەڵام... ڕیچارد... تۆ شەوێ وتت...)

(دەزانم شەوێ وتم: من بەیانی زوو دەگەڕێمەوە، گریشن... بەس خۆیشم نەمدەزانی چی دەڵێم، من تازە ناڕۆمەوە تا تۆش لەگەڵ خۆمدا نەبەمەوە، با نانەکە بخۆم ئەوسا چیم لە دڵدایە هەڵی دەڕژێنم، بەڵام پێش هەموو شتێک پڕ بەدڵ حەز دەکەم ڕێی ڕووبارەکەم پیشان بدەی، هەر ئێستا دەمەوێ خۆم بچم هەر دوو دەستەکانم بخەمە نێو ئاوی ڕووبارەکە تا بزانم تا چ حەد و سەدێک گەرمە!)

---

کالدوێل: خاوەنی ڕۆمانی (بڕە زەوییەکەی خودا، کۆچەری، گرفتێک لە گەلاوێژدا... هتد) وەک نووسەرێکی ناوداری ئەمریکی لەتەک (شتاینبێگ و هێمنگوای) هاوتایە و شان لە

شانیان دەدا، بۆ ئەم نووسەرە ئەمریکای باشوور بەو ژیانە ڕەنگاوڕەنگ و پڕ هەرایەی خۆی ئیلهام بەخشی بوو، ئەمەیان وای کرد نووسینەکانی هەوا و مۆرکی تایبەت بەخۆیان هەبێ، جیا لە نووسەرانی دیکە، ئەمیش وەک (شێروود ئەندرسن) کەوتە دوای ڕێبازی - ناچرالیزم - کە دەکا وردبوونەوە لە ژیان، وردبوونەوەیەکی زانستییانە و بێ داپۆشینی ئاکار و شتە هەرە پیس و ناشیرینەکانی، لە پاڵ بڕواهێنانی بەئەدەبی خۆماڵی، لە ساڵی (١٩٠٣)دا و لە - جۆرجیا - لە دایک بوو، لەوێدا باوکی قەشە بوو... لە دانیشگای ڤرچینیا و پێنسلڤانیادا خوێندی، ماوەیەک لە ئەمریکای ناوەڕاستدا بووە قاچاغچی چەک، سەراو و دەراوی زۆری بینی و لەوەوە فێری دەرسی گەورەی ژیان بوو، ماوەیەک یاریزانی تۆپی پێ، لۆکە چنین، ڕاپۆرت نووسین، خزمەتگوزاری شانۆ، جگە لە نووسین بۆ تەلەفزیۆن و سینەما، ماوەیەک بوو بەپەیامنێری جەنگ لە گۆڤاری ژیان و C. B. S

سەرچاوە:

Famous Writers, New - york, page: 123-132



# ناوەرۆک

دانیشتن ..... 5
خاتوو هێرمێ ..... 8
لاشەکان ..... 17
دیکران-ی خزمم کە ڕەوانبێژە ..... 22
بێزەوەری ..... 30
گەڕانەوە ..... 37
پرتە پرتکەر ..... 59
کوشتنی فیلێک ..... 63
هاپێنی ..... 74
جەنگ ..... 80
قومارچییەکی دەستبڵاو ..... 86
گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە ..... 90
لە نێوان یازدە و دوودا ..... 99
پیانۆ ..... 105
دایک ..... 109
شار.. گوند ..... 115
ڕووباری گەرم ..... 117